NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

PAY FOUNDATION
For Education & Development

پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

# نرخی بۆشایی یاسایی و سوێندی بەجێنەگەیاندراو

## کارانەبوونی پەرلەمان، قەیرانی دامەزراوەیی و مەترسییەکانی داهاتوو




٢٠٢٦

ڕاپۆرتی چوارەم لە خولی شەشەم

NED NATIONAL ENDOWMENT FOR DEMOCRACY
SUPPORTING FREEDOM AROUND THE WORLD

PAY FOUNDATION
For Education & Development

پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

# نرخی بۆشایی یاسایی و سوێندی بەجێنەگەیاندراو

## کارانەبوونی پەرلەمان، قەیرانی دامەزراوەیی و مەترسییەکانی داهاتوو

**ڕاپۆرتی چوارەم لە خولی شەشەم**

**ڕاپۆرتێکی چاودێرییە، دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان بە پاڵپشتی ڕێکخراوی (NED)ی ئەمەریکی بڵاوی دەکاتەوە**

**٢٠٢٦**

# ستافی کار

سەرپەرشتیار و بەڕێوەبەری پرۆژە:

**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

بەرپرسی بەشی عەرەبی روانگەی پەی:

**میران حوسێن حەسەن**

بەرپرسی بەشی کوردی روانگەی پەی:

**ئاریز دارا حەفید**

چاودێری پرۆژە:

**ڤیان محەمەد قەرەنی**

ژمێریاری پرۆژە:

**بەناز حەسەن ئەحمەد**

چاودێری پرۆژە:

**شۆخان مەحمود عەبدولمەجید**

دیزاینەر:

**باڤین سەروەر**


*-دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان:(PAY)

-لە (٢٠١٣/١١/٢٦) بە فەرمی لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە ژمارە (١٤٠٦) تۆمارکراوە.

-لە (٢٠٢٢/٢/٢٠) بە فەرمی لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکانی عیراق لە بەغدا بە ژمارە (٥١٨٦) تۆمارکراوە.

-لە (٢٠٢٤/٣/٥) لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکانی عیراقی فیدراڵ و لە (٢٠٢٤/٥/١٢) لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستانەوە ناوەکەی گۆڕاوە بۆ (دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان)

*- پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، لە خولی چواری پەرلەمانەوە بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی دەستی پێ کردووە،



**دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ناونیشان: سلێمانی – شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود- تەلاری کورتەباڵایان

تەلەفۆن: 0096453320502 - 07701564576

ئیمەیڵ: payinstitute@gmail.com /sarwary74@yahoo.com

فەیسبوک: facebook.com/pay-institute

پێگەی ئەلکترۆنی: www.payinstitute.org



مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاپۆرتە پارێزراوە بۆ دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان – ٢٠٢٦

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| کورتەی جێبەجێکاری................................................................................................. | ٤ |
| پێشەکی............................................................................................................................. | ٥ |
| دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان......................................................................................... | ٨ |
| سوێند و بەرپرسیاریی پەرلەمانتاران.................................................................................... | ١٠ |
| ئەو ئەرکانەی پەرلەمان دەبوو لەو ماوەیەدا جێبەجێیان بکات................................................... | ١٢ |
| هۆکارەکانی بایەخ نەدان بە کارابوونی پەرلەمان....................................................................... | ٣٠ |
| نرخی کارانەبوونی پەرلەمان لەسەر هاوڵاتیان، موچە، بودجە و شەفافیەت.............................. | ٣٥ |
| کارانەبوونی پەرلەمان و مەترسیەکانی دەستوەردانی بەغدا...................................................... | ٤١ |
| چۆن پەرلەمان لە بارمتەبوونی ململانێی سیاسییەکان ڕزگار دەکرێت؟.................................. | ٤٧ |
| ڕۆڵ و ئەرکی پەرلەمانتارە هەڵبژێردراوەکان.......................................................................... | ٥٤ |
| هەڵبژاردنی پێشوەختە، چارەسەر یان دووبارەکردنەوەی قەیران؟............................................. | ٦٣ |
| دەرئەنجام............................................................................................................................ | ٦٩ |
| پێشنیار و راسپاردە کردارییەکان............................................................................................ | ٧٢ |
| خشتەی کاتی پێشنیارکراو بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان............................................................... | ٧٨ |
| لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان................................................... | ٨١ |

## کورتەی جێبەجێکاری

هەرێمی کوردستان ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ و شەش مانگە لە بۆشایی یاسایی و دامەزراوەییدا دەژی. ئەم دۆخە تەنها کێشەیەکی سیاسی یان ململانێی نێوان حیزبەکان نییە، بەڵکو قەیرانێکی ڕاستەوخۆی پەرلەمانی، یاسایی، دارایی، چاودێری، متمانەی گشتی و نیشتیمانییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ماوەی ساڵێک و حەوت مانگ زیاترە هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان کراوە، بەڵام تا ئێستا پەرلەمان بە شێوەیەکی ڕاستەقینە کارا نەکراوەتەوە. دەستەی سەرۆکایەتی هەڵنەبژێردراوە، لیژنەکان پێک نەهاتوون، حکومەتی نوێ متمانەی پەرلەمانی وەرنەگرتووە، بودجە پەسەند نەکراوە، چاودێریی حکومەت نەکراوە و پرسی موچە و قەیرانە گشتییەکان بە شێوەیەکی دامەزراوەیی نەخراونەتە ناو کارنامەی پەرلەمان.

لە دانیشتنی ڕۆژی **٢٠٢٤/١٢/٢**دا، **(٩٧) ئەندامی پەرلەمان** بە پێی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ئەو سوێندەیان خوارد کە:

> "بە خوای گەورە سوێند دەخۆم کە پارێزگاری یەکێتیی گەل و خاکی کوردستان، عێراق و بەرژەوەندییە باڵاکانی بکەم".

بەڵام ئەم سوێندە تا ئێستاش بە کردار وەڵامی پێ نەدراوەتەوە. سوێندی پەرلەمانی واتای خاوەنبوونی کورسی نییە، واتای کارکردنە، چاودێرییە، یاسادانانە، لێپرسینەوەیە و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتییە. ئەگەر پەرلەمانتار سوێند بخوات، بەڵام لە قەیرانەکاندا بێدەنگ بێت، ئەوا سوێندەکە لە ناوەڕۆکی خۆی بەتاڵ دەکرێتەوە.

هەروەها ئەمەش ئەو سوێندەیە کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە:

> "بە خودای گەورە سوێند دەخۆم، کە بەرژەوەندی گەلی کوردستان و یەکێتی خاك و گەل و شکۆ و ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان و سامانی گشتیی بپارێزم و ئەرکی ئەندامێتی بە راستی و دڵسۆزییەوە جێبەجێبکەم"

# پێشەکی

پەرلەمان لە هەر سیستەمێکی دیموکراتیدا ناوەندی ڕەوایەتی سیاسی، یاسادانان، چاودێری و نوێنەرایەتیی خەڵکە. دەنگی هاوڵاتی نابێت تەنها لە سەندووقەکانی دەنگداندا بوەستێت، بەڵکو دەبێت ببێتە کورسی، کورسی ببێتە بڕیار، بڕیار ببێتە یاسا، یاسا بچێتە بواری جێبەجێکردن، و جێبەجێکردنیش ببێتە خزمەتگوزاری، پاراستنی ماف و باشترکردنی ژیانی هاوڵاتیان.

بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا ئەم زنجیرە دیموکراتییە پچڕاوە. هەڵبژاردن ئەنجامدراوە، پەرلەمانتاران هەڵبژێردراون، سوێندی یاسایی خواردراوە، بەڵام پەرلەمان بە شێوەیەکی کاریگەر نەبووەتە ناوەندی بڕیار، چاودێری و چارەسەر. ئەمە تەنها کێشەیەکی ڕێکخستنی ناوخۆی پەرلەمان نییە، بەڵکو مەترسییەکی گەورەی سیاسی، یاسایی، دامەزراوەیی و دیموکراتییە.

پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسا "تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستووری بوو بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عێراق". لە ڕووی یاساییەوە، پەرلەمان دەبێت چەتری کۆکەرەوەی سەرجەم بیر و بۆچوونە جیاوازەکانی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان بێت. هەروەها تاکە دامەزراوەیە کە شەرعیەتی ئەوەی هەیە بە ناوی سەرجەم هاوڵاتیانەوە بڕیار دەربکات و هەڵوێستی ڕوون ڕابگەیەنێت.

بەڵام لە بەرامبەردا دادگای باڵای ئیتیحادی، بە بڕیاری ژمارە (٨٣) و یەکخراوەکانی (١٣١ و ١٨٥/ئیتیحادی/٢٠٢٣)، دەرچوو لە (٢٠٢٤/٢/٢١)، دادگا بڕیاری لە نادەستوریبوونی بڕگەی (٢)ی ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراوی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دا، ئەو بڕگەیەی کە پەرلەمانی کوردستانی بە دامەزراوەی خاوەن دەسەڵاتی بڕیاردان لە پرسە چارەنووسسازەکانی خەڵکی کوردستان دەناساند.

ئەم بڕیارە تەنها گۆڕانکارییەک نە بوو لە بواری هەڵبژاردندا، بەڵکو کاریگەرییەکی قووڵی سیاسی و دەستوری لەسەر پێگەی پەرلەمانی کوردستان هەبوو. چونکە بە نادەستوری دانانی ئەم بڕگەیە، مەرجەعیەتی پەرلەمان بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسە چارەنووسسازەکان لاواز کرد. بەم پێیەش، بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی پەرلەمانی کوردستانیش دەکەوێتە ژێر پرسیار، کە تێیدا هاتووە: 'پەرلەمانی کوردستان تاکە مەرجەعی سیاسی و دەستورییە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عێراق".

لە مێژووی سیاسی هەرێمدا، بەشێکی گرنگ لە خەباتی هێزە سیاسییەکان ئەوە بووە کە پەرلەمانی کوردستان ببێتە مەرجەعی باڵا بۆ پرسەکانی وەک سەرۆکایەتی هەرێم، دەستور، پەیوەندییەکانی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ و بابەتە ستراتیژییەکانی تر. بە تایبەتی لای ئەو لایەنانەی کە ساڵانێک بانگەشەی مەرجەعیەتی پەرلەمانیان کردووە، دەبوو لە ئاست ئەم بڕیارەدا هەڵوێستی ڕوون و جددییان هەبێت.

بەڵام یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کە سکاڵاکەی بەشێک لەم ئەنجامەی لێکەوتەوە، لە ئاست وەرگرتنەوەی ئەم مەرجەعیەتەدا بێدەنگ مایەوە. هەروەها گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی دادگەری، نەوەی نوێ و

هێزەکانی تر کە خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانی و داوایان دەکرد پەرلەمان ببێتە مەرجەعی باڵای خەڵکی کوردستان، لە ئاست هەڵوەشاندنەوەی ئەم دەسەڵاتەدا بێدەنگیان هەڵبژارد.

پارتی دیموکراتی کوردستانیش، کە بانگەشەی پاراستنی قەوارەی هەرێم و پێگەی دامەزراوەکانی دەکات، لە کاتێکدا بە بڕیارەکە پەرلەمانی کوردستان بچووک کرایەوە، بەشێک لە دەسەڵاتەکانی سنووردار کران و مەرجەعیەتی چارەنووسسازیشی لێ وەرگیرایەوە، هەڵوێستێکی گونجاوی وەرنەگرت و ئەم پرسە گرنگەی نەکردە بابەتی ناڕەزایی سەرەکی.

ئەم دۆخە دەریدەخات کە هەموو هێزە سەرەکییەکان، بە جیاوازیی ڕێباز و دروشمەکانیشیان، لە ئاست گورزێکی گەورە کە بەر پێگەی پەرلەمانی کوردستان کەوت، بێدەنگیان هەڵبژارد. ئەوەش کێشەیەکی گەورەی سیاسی و دامەزراوەییە، چونکە کاتێک پەرلەمان چیتر وەک مەرجەعی باڵای خەڵکی کوردستان ناناسێنرێت، پێگەی دامەزراوەی نوێنەرایەتیی خەڵک لاواز دەبێت و پرسە چارەنووسسازەکان زیاتر لە دەرەوەی سەقفی پەرلەمان یەکلایی دەکرێنەوە.

ئێمە وەک دامەزراوەی پەی لە سەرەتاوە ئاماژەمان بەوە کردووە کە دادگای باڵای ئیتیحادی لە بەشێک لە بڕیارەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی سیاسی و نابێلایەن مامەڵەی کردووە. جارێک بڕیارەکانی بە ئاراستەی خێراکردنی هەڵبژاردن بوون، دواتر بە پێچەوانەوە ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی ڕاگرت، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە بەپێی ماددەی (٩٤)ی دەستووری عێراق، بڕیارەکانی دادگای ئیتیحادی بات و پابەندکارن و نابنە بابەتی تانە و پێداچوونەوە. ئەم ناهاوسەنگییە نیشانەی ئەوەیە کە بابەتی پەرلەمانی کوردستان تەنها پرسێکی یاسایی نەبووە، بەڵکو پرسێکی سیاسی و دەستوری قووڵە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر قەوارەی هەرێم و نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان هەیە.

بۆیە کاتێک پەرلەمان کارا نابێت، بڕیارە چارەنووسسازەکان لە دەرەوەی دامەزراوە شەرعییەکاندا دەدرێن. ئەو کاتە بڕیار لە ڕێگەی یاسا و پەرلەمانەوە نادرێت، بەڵکو لە ڕێگەی دانوساندنی داخراوی حیزبی، هاوسەنگیی دەسەڵات و مامەڵەی سیاسییەوە دەدرێت. ئەمەش قەیرانی ڕەوایەتی، قەیرانی متمانە و لاوازبوونی دامەزراوەکان بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

لەبەر ئەوە، وێڕای هەموو ئەو ڕەخنە و سەرنجانەی لەسەر پەرلەمان هەن و پێویستە بە جدی وەربگیرێن، پێویستە پشتگیری لە کاراکردنەوەی پەرلەمان بکرێت. کۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەم کارکردنی هەڵگیرێن، دەست نەخرێتە ناو کاروباری ناوخۆییەوە، و سەربەخۆیی تەواوی بۆ بگەڕێنرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکە یاسایی، پەیڕەویی و چاودێرییەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

دوای ماوەیەکی درێژ لە بۆشایی یاسایی و بێکاربوونی پەرلەمان، لە ٢٠٢٤/١٠/٢٠دا هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا. بەڵام تا ئێستا، وێڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێک و حەوت مانگ بەسەر ئەو هەڵبژاردنەدا، پەرلەمان بە شێوەیەکی ڕاستەقینە کارا نەکراوەتەوە. لە یەکەم دانیشتندا ئەندامان تەنها سوێندی یاساییان خوارد و دانیشتنەکە بە کراوەیی هێڵرایەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە ئەو بۆشاییە یاسایی و دامەزراوەییەی پێش هەڵبژاردن هەبوو، بە شێوەیەکی تر بەردەوامە.

ئەم ڕەوشە پێچەوانەی هەموو ئەو بەڵێنانەیە کە لیستە سیاسییەکان لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردندا بە دەنگدەران داویانە. بەرپرسیاریی سەرەکیی ئەم دۆخە دەکەوێتە ئەستۆی هەردوو هێزی سەرەکی، پارتی و

یەکێتی، چونکە ئەوان خاوەنی قورسایی سەرەکیی بڕیار و هاوسەنگیی سیاسین لە هەرێم. لە هەمان کاتدا، ئەو هێزانەش کە خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن ناساندووە، بەقەد سەنگ و قورسایی خۆیان لەم بەرپرسیارییە بەدەر نین، چونکە نەیانتوانیوە کاریگەرییەکی ڕاستەقینە بخەنە سەر گۆڕانکارییەکان و ڕێگری لە پەکخستنی دامەزراوەکان بکەن.

ئێمە لە دامەزراوەی پەی، هەروەک لە دوانزە ساڵی ڕابردوودا چاودێریی هەردوو خولی چوارەم و پێنجەمی پەرلەمانمان کردووە، لە خولی شەشەمیشدا، بە هاوکاری ڕێکخراوی سندووقی پاڵپشتی دیموکراسیی(NED) ئەمەریکی، لە چوارچێوەی پرۆژەی چاودێریکردنی پەرلەماندا بەردەوام دەبین. بەڵام بەهۆی نەبوونی پەرلەمانێکی کارا و پەککەوتنی کارەکانی، ڕاپۆرتی ئەمجارەمان تەرخان کردووە بۆ ئەو بۆشاییە یاسایی و دامەزراوەییەی هەیە، هەروەها بۆ کاریگەریی ئەو سوێندەی خواردراوە، کە تا ئێستاش بە کردار جێبەجێ نەکراوە.

لەم ڕاپۆرتەدا بە شێوەیەکی چاودێری، یاسایی و سیاسی باس لەم بابەتانە کراوە:

**١. دۆخی ئێستای پەرلەمانی کوردستان و بەردەوامیی بۆشایی یاسایی و دامەزراوەیی.**

**٢. سوێندی (٩٧) ئەندامی پەرلەمان و ئەو بەرپرسیارێتیە یاسایی، ئەخلاقی و نیشتیمانییەی لەسەریان دروست دەکات.**

**٣. ئەو ئەرکانەی پەرلەمان دەبوو جێبەجێی بکات، وەك هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی، پێکهێنانی لیژنەکان، متمانەدان بە حکومەت، پەسەندکردنی بودجە و چاودێریی حکومەت.**

**٤. هۆکارەکانی کارانەبوونی پەرلەمان، بەتایبەتی ململانێی حیزبی، زاڵبوونی حیزب بەسەر دامەزراوەدا، نەبوونی کلتووری لێپرسینەوە و چەقبەستوویی دۆخی دوای هەڵبژاردن.**

**٥. مەترسییەکانی بەردەوامیی ئەم دۆخە لەسەر ڕەوایەتی سیاسی، متمانەی خەڵك، پەیوەندیی هەرێم و بەغدا، پرسی موچە، بودجە، حکومەتداری و داهاتووی ئەزموونی هەرێمی کوردستان.**

**٦. پێشنیارە کردارییەکان بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان، گەڕاندنەوەی بڕیارە چارەنووسسازەکان بۆ ناو دامەزراوەی پەرلەمان، و کۆتاییهێنان بە بارمتەگرتنی دەنگی هاوڵاتیان.**

مەبەستی دامەزراوەی پەی لەم ڕاپۆرتەدا ئەوەیە کە ڕوونی بکاتەوە کارانەبوونی پەرلەمان تەنها کێشەیەکی ناوخۆی سیاسی یان کێشەیەکی ڕێکخستنی دانیشتنەکان نییە، بەڵکو قەیرانێکی یاسایی، دامەزراوەیی، چاودێری و متمانەی گشتییە. دامەزراوەی پەی دەیەوێت ئەو ڕاستییە بخاتە ڕوو کە سوێندی پەرلەمانتاران نابێت تەنها ڕێوڕەسمێکی فۆرمی بێت، بەڵکو دەبێت ببێتە بنەمای کار، لێپرسینەوە، یاسادانان و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی.

هەروەها مەبەستی ڕاپۆرتەکە ئەوەیە داوا لە هەموو هێزە سیاسییەکان، بە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، بکات کە پەرلەمان لە بارمتەی ململانێی حیزبی ڕزگار بکەن، دەنگی هاوڵاتیان بگەڕێننەوە ناو دامەزراوەی شەرعی، و ڕێگا خۆش بکەن بۆ ئەوەی پەرلەمان بتوانێت ڕۆڵی خۆی لە یاسادانان، چاودێری، متمانەدان، لێپرسینەوە و چارەسەرکردنی قەیرانە گشتییەکاندا جێبەجێ بکات.

**دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

**٢٠٢٦/٦/٦**

## دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان

دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان تەنها قەیرانی کۆنەبوونەوەی پەرلەمان نییە، بەڵکو قەیرانێکی گشتیی دامەزراوەیی، سیاسی، دارایی و متمانەیە. هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان لە ٢٠٢٤/١٠/٢٠دا کرا، پاشان (٩٧) ئەندام لە دانیشتنی ٢٠٢٤/١٢/٢دا سوێندی یاساییان خوارد، بەڵام ئەو دانیشتنە بەهۆی نەبوونی نیسابی پێویست و نەبوونی ڕێککەوتنی سیاسی، نەیتوانی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبژێرێت. لەو کاتەوە، پەرلەمان لە ڕووی فۆرمییەوە هەیە، بەڵام لە ڕووی کاریگەرییەوە کارا نییە.

ئەمە واتای ئەوەیە کە هەرێم لە دۆخێکی نائاساییدا دەژی: پەرلەمان هەیە، بەڵام دانیشتن و چاودێری و یاسادانانی کاریگەر نییە، پەرلەمانتار هەیە، بەڵام پەرلەمان وەک دامەزراوەیەکی چاودێر و لێپرسینەوە هەڵناسوڕێ، هەڵبژاردن کراوە، بەڵام ئەنجامەکەی نەبووەتە دەسەڵاتێکی دامەزراوەیی و خزمەتگوزاری. دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان کە لە (٢٠٢٤/١٢/٢)دا کرا، تا ئێستا بە شێوەیەکی (کراوە) ماوەتەوە و قەیرانەکە بەهۆی نەگەیشتنی هێزە براوەکان بە ڕێککەوتن بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ قووڵتر بووە.

لە ئاستی سیاسییەوە، هەرێم تووشی پەککەوتنی دامەزراوەکانی دەسەڵات بووە. پارتی، یەکێتی و هێزەکانی تر هەر یەک بە شێوەی خۆیان پێداگری لەسەر پشکی سیاسی و هاوسەنگی دەکەن، بەڵام ئەو ململانێیە لە کۆتاییدا بۆ هاوڵاتیانی ئاسایی دەبێتە دواکەوتنی حکومەت، بێکاریی پەرلەمان و نەبوونی چاودێری لەسەر موچە، بودجە، داهات و خزمەتگوزارییەکان. هەڵبژاردن دەبوو دەرگای نوێکردنەوەی متمانە بکاتەوە، بەڵام تا ئێستا زیاتر وەک سەرچاوەی ململانێی پۆست و دەسەڵات دەرکەوتووە. کە ململانێکان دۆخی هەرێمیان گەیاندۆتە ئاستێکی قورس و مەترسیدارەوە.

لە ئاستی دارایی و ژیانی ڕۆژانەشدا، قەیرانەکە زیاتر هەستی پێ دەکرێت. پرسی موچە و بودجە ماوەیەکی زۆرە بووەتە یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا. حکومەتی هەرێم دەڵێت بەغدا بە تەواوی پشک و موچەکانی نەناردووە، و لە نێوان ساڵانی (٢٠٢٣ تا ٢٠٢٥)دا چەندین مانگ موچە و مافی دارایی دواخراوە. لە بەرامبەردا، نەبوونی پەرلەمانێکی کارا واتای ئەوەیە کە پرسی داهات، خەرجی، موچە، و بودجە بە چاودێرییەکی دامەزراوەیی و ڕوون لێک نەدراوەتەوە.

ئەوەی دۆخەکە مەترسیدارتر دەکات ئەوەیە کە بۆشایی پەرلەمانی تەنها بۆشاییەکی یاسایی نییە، بەڵکو بۆشاییەکی متمانەییە. کاتێک هاوڵاتیان دەبینن پەرلەمانتار سوێند دەخوات، موچە و مافەکانی وەردەگرێت، بەڵام پەرلەمان کاری خۆی ناکات، ئەوا پرسیارێکی گەورە دروست دەبێت: ئایا دەنگی هاوڵاتی بۆ چی بەکار

هات؟ لێرەدا نوێنەرایەتی لە ناوەڕۆکەوە لاواز دەبێت و دەبێتە شتێکی فۆرمی، واتە کورسی هەیە بەڵام کردار نییە، سوێند هەیە بەڵام پابەندی نییە، ناوی پەرلەمان هەیە بەڵام ڕۆڵی پەرلەمان نییە.

بۆیە دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان دەکرێت بە یەک دەستەواژە وەسف بکرێت:

**دامەزراوە هەیە، بەڵام کارایی دامەزراوەیی لاواز بووە.** ئەمەش هەڕەشەیە بۆ یاسادانان، بۆ چاودێری، بۆ حکومەتداری، بۆ شەفافیەت، بۆ متمانەی خەڵك، و بۆ ئەو پرۆژەیەی ناوی ئەزموونی هەرێمی کوردستانە. سوێندەکە دەبوو ببێتە دەستپێکی کار، بەڵام تا ئێستا زیاتر وەك بەڵگەیەك ماوەتەوە لەسەر ئەو جیاوازییەی نێوان قسە و کردار، نێوان ناونیشان و بەرپرسیاری، نێوان دەنگی خەڵك و کردارەکانی نوێنەرانی خەڵك.

## سوێند و بەرپرسیاریی پەرلەمانتاران

لە دانیشتنی ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٢)دا، (٩٧) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان سوێندیان خوارد.(١) ئەو سوێندە تەنها ڕێوڕەسمێکی پرۆتۆکۆڵی یان هەنگاوێکی فۆرمی بۆ دەستپێکردنی کار نەبوو، بەڵکو پابەندییەکی یاسایی، ئەخلاقی، نیشتیمانی و جەماوەری بوو لە بەرامبەر گەل، خاک، بەرژەوەندییە باڵاکان و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان. پەرلەمانتار کاتێک سوێند دەخوات، تەنها ناوی خۆی لە لیستی ئەندامانی پەرلەماندا تۆمار ناکات، بەڵکو بە ئاشکرا بەڵێن دەدات کە دەبێتە پارێزەری دەنگی هاوڵاتیان، چاودێری دەسەڵات، یاسادانەری بەرژەوەندی گشتی و لێپرسینەوەی کاری حکومەت.

بەڵام ئەوەی دوای ئەو سوێندخواردنە ڕوویداوە، جێگەی نیگەرانییەکی قووڵە. چونکە ئەم سوێندە بە کردار وەڵامی پێ نەدراوەتەوە. نە پەرلەمان بە شێوەیەکی ڕاستەقینە کارا کراوەتەوە، نە دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێردراوە، نە لیژنە پەرلەمانییەکان پێکهاتوون، نە حکومەتی نوێ متمانەی وەرگرتووە، نە پرسە هەستیارەکانی وەک موچە، بودجە، داهات، خزمەتگوزاری و چاودێری لەسەر کارگێڕی حکومەت بە شێوەیەکی جدی خراونەتە ناو کارنامەی پەرلەمان. ئەمە مانای ئەوەیە کە سوێند هەبووە، بەڵام کار نەبووە، کورسی هەبووە، بەڵام بەرپرسیاری نەبینراوە، ناوی پەرلەمان هەبووە، بەڵام ڕۆڵی پەرلەمان لە ژیانی سیاسی و یاسایی هەرێمدا کەمڕەنگ بووە.

ئەم قەیرانە تەنها قەیرانی کۆنەبوونەوەی پەرلەمان نییە. بەڵکو قەیرانی پابەندنەبوونە بە سوێند، قەیرانی بەرپرسیاریی نوێنەرایەتی، و قەیرانی متمانەی خەڵکە. کاتێک (٩٧) پەرلەمانتار سوێند دەخۆن، ئەو سوێندە دەبێت ببێتە بنەمای کردار، نەک تەنها وێنەیەک لە ڕۆژی یەکەمی دانیشتن. خەڵک پەرلەمانتاریان هەڵنەبژاردووە بۆ ئەوەی تەنها ناویان لەسەر کورسییەک هەبێت، بەڵکو بۆ ئەوەیە لە کاتی قەیراندا ئامادەبن، پرسیار بکەن، فشار بخەنە سەر حکومەت، یاسا دابنێن، چاودێری بودجە بکەن، بەرگری لە مافی هاوڵاتیان بکەن و دەنگی دەنگدەران بگەیەننە ناو دامەزراوەکان.

لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، کاندیدان و هێزە سیاسییەکانیان بە سەدان بەڵێنیان بە دەنگدەراندا. بەڵێنی چاکسازی، موچە، خزمەتگوزاری، یاسادانان، شەفافیەت، دادپەروەری، چاودێری و پاراستنی مافی هاوڵاتیان. بەڵام دوای هەڵبژاردن، ئەو بەڵێنانە نەبوونە کارنامە، نەبوونە یاسا، نەبوونە چاودێری، نەبوونە هەنگاوی

---

١- پەرلەمانی کوردستان لە (١٠٠) ئەندام پێکدێتك بەڵام لەو دانیشتنەدا تەنها (٩٧) ئەندام سوێندی یاساییان خوارد، سێ ئەندام لە دانیشتنەکەدا ئامادە نەبوون کە بریتی بوون لە هەر یەک لە (عەبدولسەتار مەجید و عومەر گوڵپی) لە فراکسیۆنی کۆمەڵی دادگەری و (لاهور شێخ جەنگی) لە فراکسیۆنی بەرەی گەل.

کرداری. ئەمەش زیانێکی گەورە بە متمانەی خەڵک دەگەیەنێت، چونکە دەنگدەر هەست دەکات دەنگی وەرگیراوە، بەڵام خواست و داواکارییەکانی پشتگوێ خراون.

سوێند واتای ئەوە نییە تەنها کورسی وەرگیرێت، موچە و مافە داراییەکان وەرگیرێن و پاشان پەرلەمان بێدەنگ بکرێت. سوێند واتای کارکردنە، وەڵامدانەوەیە، ئامادەبوونە، چاودێرییە، یاسادانان و پاراستنی مافی هاوڵاتیانە. پەرلەمانتار ئەگەر لە دانیشتن، لیژنە، لێپرسینەوە، پرسی موچە، بودجە و خزمەتگوزارییەکاندا ڕۆڵی نەبێت، ئەوا نوێنەرایەتیی خەڵک دەبێتە ناونیشانێکی فۆرمی و کورسییەکی بێ ناوەڕۆک.

لە ڕاستیدا، مەترسیی گەورە لێرەدایە: کاتێک پەرلەمان کارا نییە، چاودێری لاواز دەبێت، کاتێک چاودێری لاواز دەبێت، حکومەتداری بێ لێپرسینەوە دەبێت، کاتێک لێپرسینەوە نەبێت، مافی هاوڵاتیان بە ئاسانی پشتگوێ دەخرێت. بۆیە بێکاریی پەرلەمان تەنها کێشەی ناوخۆیی پەرلەمان نییە، بەڵکو کێشەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە، کێشەی موچەخۆرە، کێشەی خوێندکار و مامۆستا و فەرمانبەر و خانەنشینە، کێشەی بودجە و داهات و دادپەروەرییە.

پەرلەمان دەبێت شوێنی قسەی خەڵک بێت، نەک شوێنی بێدەنگی. دەبێت شوێنی لێپرسینەوە بێت، نەک شوێنی چاوپۆشی. دەبێت شوێنی یاسادانان بێت، نەک شوێنی چاوەڕوانیی بێکۆتایی. ئەگەر ئەم دامەزراوەیە کارا نەبێت، ئەوا هەموو سیستەمی سیاسی هەرێم تووشی لاوازی دەبێت، چونکە پەرلەمان ئەو دامەزراوەیەیە کە دەبێت هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا دروست بکات.

لەبەر ئەوە، پەرلەمانتاران نابێت سوێندەکەیان وەک ڕێوڕەسمێکی ڕابردوو ببینن. ئەو سوێندە هێشتا بەرپرسیارێتییەکی زیندووە. هەر ڕۆژێک کە پەرلەمان کارا ناکرێت، هەر ڕۆژێک کە لیژنەکان پێک نایەن، هەر ڕۆژێک کە حکومەت متمانە وەرناگرێت، هەر ڕۆژێک کە پرسی موچە و بودجە بە جدی تاوتوێ ناکرێت، ئەو سوێندە زیاتر لە ناوەڕۆکی خۆی دوور دەکەوێتەوە.

ئەمڕۆ پێویستە پەرلەمانتاران بە کردار نیشانی بدەن کە سوێندیان تەنها بۆ وەرگرتنی کورسی نەبووە. پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ناو پەرلەمان، دامەزراوەکە کارا بکەن، دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێرن، لیژنەکان پێکبهێنن، حکومەت بخەنە بەردەم متمانە و لێپرسینەوە، و پرسە سەرەکییەکانی ژیانی هاوڵاتیان بکەنە کاری لە پێشینەیان. چونکە دەنگی خەڵک نامەیەکی کراوە نییە کە پاش هەڵبژاردن پشتگوێ بخرێت، دەنگی خەڵک ئەمانەتە، و ئەمانەت پێویستی بە وەفاداری و کردار هەیە.

بە کورتی:

سوێندی بێ کردار، تەنها وشەیە. پەرلەمان بێ چاودێری، تەنها بینایە. کورسی بێ بەرپرسیاری، تەنها مافە نەك نوێنەرایەتی. ئەگەر پەرلەمانتاران بەڕاستی دەیانەوێت متمانەی خەڵك بپارێزن، دەبێت ئەو بەڵێنانەی لە بانگەشەی هەڵبژاردندا داویانە، و ئەو سوێندەی لە ڕۆژی (٢٠٢٤/١٢/٢)دا خواردوویانە، لە قسەوە بگوازنەوە بۆ کردار.

## ئەو ئەركانەی پێویست بوو پەرلەمان لەو ماوەیەدا جێبەجێیان بكات

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ئەرك و مافی پەرلەمانتاران، شێوازی دانیشتنەكان، پێكهێنانی لیژنەكان، پرسیاركردن لە حكومەت و ڕێكاری بودجەی ڕێكخستوە. پەرلەمانیش بەپێی ڕۆڵی فەرمیی خۆی ئەركی یاسادانان، چاودێریی حكومەت، گفتوگۆ لەسەر پرسە گشتییەكان، پەسەندكردنی بودجە و متمانەدان یان متمانەسەندنی لە حكومەتی هەیە.

لە (٢٠٢٤/١٢/٢)دا دانیشتنی یەكەمی خولی شەشەمی پەرلەمان كرا، ئەندامان سوێندیان خوارد و بابەتی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان خرایە بەردەم دانیشتن، بەڵام بەهۆی نەبوونی ژمارەی یاسایی ئەندامانەوە دانیشتنەكە نەیتوانی ئەو هەنگاوە تەواو بكات. ئەمە خاڵی دەستپێكی قەیرانەكەیە، چونكە لەو ڕۆژەوە پەرلەمان لە ڕووی كارایی دامەزراوەییەوە وەستاوە.

### ١. پێویست بوو دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان هەڵبژێردرابایە

یەكەم ئەركی یاسایی دوای سوێندخواردن ئەوە بوو كە پەرلەمان دەستەی سەرۆكایەتی خۆی، واتە سەرۆك، جێگری سەرۆك و سكرتێر، هەڵبژێرێت. بەپێی ماددەی (١٤)ی پەیڕەوی ناوخۆ،[٢] پەرلەمان دەبێت دەستەی

---

٢- لە ماددەی (١٤)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: "پەرلەمان، بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامان و بە دەنگدانی نهێنی و ڕاستەوخۆ، دەستەی سەرۆكایەتی، بەپێی ئەم ڕێكارانە هەڵدەبژێرێت:

یەكەم: سەرۆكی یەكەم دانیشتن، دەرگای خۆپاڵاوتن، بۆ پۆستەكانی دەستەی سەرۆكایەتی، دەكاتەوە.

دووەم: داوا لە پاڵێوراوان دەكات، كە خۆپاڵاوتنیان ڕابگەیەنن و دواتر دەرگای خۆپاڵاوتن دادەخات و پرۆسەی هەڵبژاردن دەستپێدەكات.

سێیەم: بە پێی پیتەكانی (ئەلفبێ)ی كوردی، داوا لە ئەندامان دەكات، بۆ پۆستەكانی دەستەی سەرۆكایەتی، بەجیا دەنگ بە پاڵێوراوەكان بدەن.

چوارەم: ئەندام، ناوی پاڵێوراوی خوازیاری خۆی، بۆ هەریەك لە پۆستەكان، لەسەر پسووڵەیەكی تایبەت بەو هەڵبژاردنە دەنووسێت و بەدەستی خۆی دەیخاتە ناو سندوقی تایبەت بەو پۆستە.

پێنجەم: سەرۆكی یەكەمدانیشتن كۆتاییهاتنی پرۆسەی دەنگدان ڕادەگەیەنێت و داوا لە دوو لاوترین ئەندام دەكات، بۆ جیاكردنەوەی دەنگەكان، بە سەرپەرشتی خۆی.

شەشەم: ئەگەر ژمارەی دەنگەكانی دوو ركابەر، یان زیاتر، بۆ هەریەك لە پۆستەكان یەكسان بوون، پرۆسەی دەنگدان دووبارە دەكرێتەوە، ئەگەر دیسان ژمارەی دەنگەكان یەكسان بوون بە تیروپشك پۆستەكە، بۆ یەكێك لە پاڵێوراوەكان، یەكلا دەكرێتەوە.

حەوتەم: ئەگەر، بۆ هەریەك لە پۆستەكان، تەنها یەك پاڵێوراوی بێركابەر هەبوو، سەرۆكی یەكەم دانیشتن، ڕاستەوخۆ بە (ناولێنان)، پاڵێوراوەكە، بۆ پۆستەكە بە سەركەوتوو، ڕادەگەیەنێت.

هەشتەم: سەرۆكی یەكەم دانیشتن، ئەنجامی دەنگدان، بۆ ئەندامان ئاشكرادەكات و داوا لە دەستەی سەرۆكایەتی هەڵبژێردراو دەكات، بچنە جێگەی تەرخانكراوی خۆیان.

سەرۆکایەتی بە دەنگدانی نهێنی و بە زۆرینەی ئەندامان هەڵبژێرێت. زەرورەتی ئەم خاڵە لەوەدایە کە بێ دەستەی سەرۆکایەتی، پەرلەمان ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕێکخراو دانیشتن بکات، کارنامە دابنێت، لیژنەکان ڕابسپێرێت، نووسراوە فەرمییەکان بنێرێت و پەیوەندی لەگەڵ حکومەت و دامەزراوەکانی تر ڕێکبخات.

## ٢. پێویست بوو لیژنەکانی پەرلەمان پێکبهێنرابان

لیژنەکان دڵی کاری پەرلەمانن، چونکە زۆربەی کارە گرنگەکان، وەک لێکۆڵینەوە، داڕشتنی ڕاپۆرت، بەدواداچوونی یاسا، بانگهێشتکردنی وەزیر و تاوتوێکردنی پڕۆژە یاسا، لە لیژنەکاندا دەکرێن. بەپێی ماددەی (٢٨)ی پەیرەوی ناوخۆ،[٣] لیژنە هەمیشەییەکان دەبێت لە ماوەی (٢٥) ڕۆژدا لە کۆتایی دانیشتنی یەکەمی پەرلەمان پێکبهێنرێن. بەڵام ئەم ئەرکەش جێبەجێنەکرا.

## ٣. پێویست بوو هەڵبژاردن یان ڕێکاری یاسایی بۆ سەرۆکی هەرێم بکرابایە

یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی دوای کاراکردنەوەی پەرلەمان، ڕێکخستنی پرسی سەرۆکی هەرێمە. دوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەنگاوی دواتر هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمە بە دەنگدانی ئاشکرا و بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان، بەپێی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٩. زەرورەتی ئەم خاڵە ئەوەیە کە سەرۆکایەتی هەرێم بەشێکە لە هاوسەنگی دامەزراوەیی و دەبێت لەسەر بنەمای یاسا و ڕەزامەندی پەرلەمانی کار بکات، نەک لە دۆخی بۆشایی یاسایی.[٤]

---

٣ـ لە ماددەی (٢٨)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە:

یەکەم: لیژنە هەمیشەییەکان، لە ماوەی (٢٥) بیست و پێنج ڕۆژدا، لە ڕێکەوتی کۆتایی هاتنی یەکەم دانیشتنی پەرلەمان، بەدەنگی زۆرینەی ئامادەبوانی پەرلەمان، هەڵدەبژێردرێن.

دووەم: لیژنە هەمیشەییەکان، لە ژمارەیەك ئەندام پێکدێن کە نابێت لە (٥) پێنج ئەندام کەمترو لە (١١) یازدە ئەندام زیاتر بن، کە نوێنەرایەتیفراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان دەکەن بەپێی ڕێژەی نوێنەرایەتیان لە پەرلەمان.

سێیەم: هەر لیژنەیەکی پەرلەمان، لەسەر بانگهێشتی سەرۆك، لەدوای یەك هەفتە، لە دیاریکردنی ئەندامەکانی (سەرۆك و جێگر و بڕیاردەر)، بۆ خۆی هەڵدەبژێریت و یەکێك لە فەرمانبەرانی پەرلەمان یان زیاتر دەبێت بە سکرتێری لیژنە.

چوارەم: دەستەی سەرۆکایەتی، لە دابەشکردنی ئەندامان بەسەر لیژنەکاندا، توانا و پسپۆریی و خواست و پێویستیی لیژنەکان لەبەر چاو دەگیرێت.

پێنجەم: دەبێت ئەندام بەلانیکەمەوە لە لیژنەیەکی هەمیشەیی ئەندام بێت و ناکرێت لە دوو لیژنە زیاتر ئەندام بێت، هەروەها ناکرێت ئەندام ببێتە سەرۆك یان جێگری سەرۆك یان بڕیاردەری زیاتر لەیەك لیژنە.

٤ـ لە ماددەی (٤)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩ دا هاتووە کە: پەرلەمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دەگرێتەبەر:

١ـ لە ماوەی (٣٠) سیی ڕۆژ لە دوای هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان دەرگای خۆ پاڵاوتن دەکاتەوە.

## ٤. پێویست بوو متمانە بە کابینەی نوێی حکومەت بدرابایە

دەبوو کابینەی نوێی حکومەت بە ڕێکاری یاسایی پێکبهێنرابایە و متمانەی پەرلەمانی وەرگرتبایە. چونکە بەپێی ماددەی (١٠)، برگەی دوازدەیەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم،[٥] دوای ناونانی کاندیدی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لەلایەن پەرلەمانەوە، سەرۆکی هەرێم ئەو کاندیدە ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی کابینە لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا. هەروەها بەپێی ماددەی (٦)ی یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، سەرۆک و جێگری سەرۆک و وەزیران دوای باوەڕپێدان، واتە متمانەدان، لەلایەن پەرلەمانەوە سوێند دەخۆن و دەست بە ئەرکەکانیان دەکەن. لەبەر ئەوە، مانەوەی حکومەتێک بێ متمانەی نوێی پەرلەمانی، بەتایبەتی دوای هەڵبژاردن، واتای بەردەوامبوونی کابینەی پێشووە، نەک دروستبوونی حکومەتێکی نوێ بە ڕەزامەندی و متمانەی تازەی نوێنەرانی خەڵک.

## ٥. پێویست بوو دەستە سەربەخۆکان کارا بکرابانەوە

دەبوو دەستە سەربەخۆکان (دیوانی چاودێری، دەستەی داستپاکی، دەستەی مافی مرۆڤ و کۆمسیۆنی هەڵبژاردن) کارا بکرابانەوە، چونکە پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریی هەرێمە، و ڕێکارەکانی چاودێریی پەرلەمان دەگرێتەوە سەر سەرۆکانی کۆمسیۆنەکان و دەستە سەربەخۆکان.

---

٢ـ خوازیارانی خۆکاندیدکردن کە مەرجەکانی ماددەی (پێنجەم)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو تێدایە، لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژ لە بەرواری کردنەوەی دەرگای خۆپاڵاوتن داواکاری و سیڤی خۆیان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن.

٣ـ سەرۆکایەتی پەرلەمان لە ماوەی (٢)دوو ڕۆژ لە ڕۆژی داخستنی دەرگای خۆپاڵاوتن ناوی ئەو پاڵێوراوانە ڕادەگەیەنێت کە مەرجی یاساییان تێدایە.

٤ـ هەر کەسێك لەوانەی داواکارییان پێشکەش کردووە، ئەگەر ناوی ڕانەگەیەنرا بۆی هەیە لە ماوەی (٢) دوو ڕۆژ لە ڕێکەوتی ڕاگەیاندنی ناوی کاندیدەکان لە بەردەم دادگای تەمییز تانە بدات، دادگای تەمییز لە ماوەی (٢) دوو ڕۆژ تانە یەکلایی دەکاتەوە، بڕیاری دادگاش لەم بارەوە بنبڕە.

٥ـ سەرۆکی هەرێم لە دەنگدانێکی ئاشکرا و بە دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان، لە ماوەی (٣) سێ ڕۆژ لە ڕۆژی دەرکردنی بڕیاری بنبڕ لەسەر تانەکان هەڵدەبژێردرێت.

٦ـ ئەگەر هیچ پاڵێوراوێك دەنگی زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمانی بەدەست نەهێنا دەنگدان دووبارە دەکرێتەوە و، کێبڕکێ لە نێوان ئەو دوو پاڵێوراوە دەبێت کە زۆرینەی دەنگیان هێناوە و ئەوەی لە جاری دووەم زۆرینەی بەدەست هێنا دەبێتە سەرۆکی هەرێم، ئەگەر تەنها یەك پاڵێوراویش هەبوو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم دەنگدانی ئاشکرا ئەنجام دەدرێت و، ئەگەر پاڵێوراوەکە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانی بەدەست هێنا دەبێتە سەرۆکی هەرێم.

٥ـ لە برگەی دووانزەی ماددەی (١٠)ی یاسای ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٥ی سەرۆکایەتی هەرێمدا هاتووە: دوای ناونانی سەرۆکی وەزیران لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراقەوە، سەرۆکی هەرێم داوای لێ دەکا، وەزارەتەکەی لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا- لە ڕۆژی داوا کردنەکەوە، پێك بهێنێ.

هەروەها یاساکانی تایبەتی دیوانی چاودێری دارایی، دەستەی دەستپاکی، دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ و کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، ئەم دامەزراوانە بە دامەزراوەی سەربەخۆ و بەستراو بە چاودێریی پەرلەمان دادەنێن. لەبەر ئەوە، پەرلەمان ئەگەر کارا بوایە، دەبوو بە ڕێگەی لیژنەکان، بانگهێشتکردن، داواکاری زانیاری، تاوتوێی ڕاپۆرتەکان، نوێکردنەوەی پۆستە یاساییەکان و دابینکردنی بودجە و دەسەڵاتی پێویست، دڵنیابوایە کە ئەم دەستانە بە سەربەخۆیی و کارایی ئەرکی چاودێریی خۆیان جێبەجێ دەکەن. زەرورەتی ئەم خاڵە ئەوەیە کە بێ دەستەی سەربەخۆ، چاودێری دەبێتە شتێکی ناو کاغەز و پێشێلکارییەکان بە ئاسانی بێ لێپرسینەوە دەمێننەوە.

## ٦. پێویست بوو لیژنەکانی پەرلەمان لەو ماوەیە نزیکەی (٦٨٠) کۆبوونەوەیان بکردایە

ماددەی (٣٠)ی پەیرەوی ناوخۆ دەڵێت هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی دەبێت لانی کەم دوو جار لە مانگێکدا کۆببێتەوە.[٦] بەپێی پەیرەو لە پەرلەماندا (١٩) لیژنەی هەمیشەیی بوونیان هەیە. ئەگەر ماوەکە لە ٢٠٢٤/١٢/٢ تا ٢٠٢٦/٦/١ بە نزیکەی ١٨ مانگ هەژمار بکرێت، ١٩ لیژنە × ٢ کۆبوونەوە لە مانگێک × ١٨ مانگ دەکاتە نزیکەی (٦٨٤) کۆبوونەوە. زەرورەتی ئەو کۆبوونەوانە ئەوە بوو کە پرسی موچە، بودجە، نەوت، داهات، خزمەتگوزاری، خوێندن، تەندروستی و پەیوەندییەکانی بەغدا لە چوارچێوەی دامەزراوەییدا تاوتوێ بکرێن.

## ٧. پێویست بوو پەرلەمان لەو ماوەیەدا نزیکەی (١٥٦) دانیشتنی بکرایە

ماددەی (٥١)ی پەیرەوی ناوخۆ هەفتەی کاری پەرلەمان ڕێکدەخات و دەڵێت سێشەممە و چوارشەممە بۆ دانیشتنە پەرلەمانییەکان تەرخان دەکرێن. [٧] ئەگەر ماوەکە بە نزیکەی (٧٨) هەفتە هەژمار بکرێت، دوو دانیشتن لە هەفتەیەکدا دەکاتە نزیکەی (١٥٦) دانیشتن. ئەمە ژمارەیەکی نزیکە و واتای ئەوە نییە هەموو ئەم دانیشتنانە بە شێوەی قەتی و بێ دەرچوون لە یاسادا فەرز کراین، چونکە پەیرەوی ناوخۆ دەستەی

٦- لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٣٠)ی پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: هەر لیژنەیەك بەلانی کەمەوە لە مانگێکدا (٢) دووجار کۆدەبێتەوە، ئەم حوکمە لەسەر کۆبوونەوەی لیژنەکان لە نێوان دوو وەرزی یاساداناندا، جێبەجێ نابێت.

٧- لە ماددەی (٥١)ی پەیرەوی ناوخۆدا هاتووە: کارنامەی هەفتانەی پەرلەمان، بەم شێوەیە دەبێت:

یەکەم: ڕۆژانی یەکشەممە، ئەندام، بەدواداچوون، بۆ کاروباری هاونیشتمانیان دەکات.

دووەم: ڕۆژانی دووشەممە، کۆبوونەوەی لیژنەکان دەبێت، بەپێی پێویست لیژنە دەتوانێت لە هەر ڕۆژێکی تر کۆبوونەوە ئەنجام بدات.

سێیەم: ڕۆژانی سێ شەممە و چوارشەممە، تایبەت دەبێت بە دانیشتنی پەرلەمان.

چوارەم: ڕۆژانی پێنجشەممە، تایبەتە بە گفتوگۆکردن لەگەڵ حکومەت، بە پێی پێویست.

پێنجەم: دەستەی سەرۆکایەتی لەکاتی پێویست دەتوانێت خشتەی کاری هەفتانەی پەرلەمان دەستکاری بکات.

سەرۆکایەتی ڕێگە پێدەدات کاتژمێر و خشتەی هەفتانە بەپێی پێویستی بگۆڕێت. بەڵام لە ڕووی ئەرکی پەرلەمانی و چاودێرییەوە، ئەم ژمارەیە نیشاندەری ئەوەیە کە پەرلەمان دەبوو بە بەردەوامی دانیشتن بکات، پرۆژە و پێشنیازە یاساکان بخوێنێتەوە، بڕیارە گرنگەکان بدات، حکومەت بخاتە ژێر پرسیار و پرسە گشتییەکان لە ناو دامەزراوەی پەرلەماندا تاوتوێ بکات، نەک ئەو بابەتانە تەنها لە دەرەوەی پەرلەمان و لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و وتەی سیاسییەوە بمێننەوە.

## ٨. پێویست بوو پەرلەمان لەو ماوەیەدا نزیکەی ٧٨ دانیشتنی تایبەتی لەگەڵ حکومەت بکرایە

هەر بەپێی ماددەی (٥١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی پێنجشەممە، بەپێی پێویستی، بۆ گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت تەرخان کراوە. لەبەر ئەوە، ئەگەر ماوەکە بە نزیکەی (٧٨) هەفتە هەژمار بکرێت، پەرلەمان دەتوانی لەو ماوەیەدا نزیکەی (٧٨) دانیشتنی گفتوگۆ، پرسیار و چاودێری لەگەڵ سەرۆکی حکومەت، وەزیران و دەزگاکانی حکومەت ئەنجام بدات. ئەم ژمارەیە ژمارەیەکی نزیک و هەڵسەنگاندنی سیاسییە، نەک ژمارەیەکی پابەندکراوی یاسایی، چونکە ماددەکە دەڵێت "بەپێی پێویستی". بەڵام لە ڕووی ئەرکی چاودێریی پەرلەمانەوە، ئەم دانیشتنانە زۆر گرنگ بوون، چونکە حکومەت دەبوو بزانێت هەر بڕیارێکی گشتی، دارایی، ئەمنی و خزمەتگوزاری دەتوانێت لە ناو پەرلەماندا ڕووبەڕووی پرسیار، گفتوگۆ و لێپرسینەوە بێتەوە.

## ٩. پێویست بوو لەو ماوەیەدا پەرلەمانتاران سەدان پرسیاریان ئاراستەی حکومەت بکرایە

بەپێی ماددەی (٥٨)ی پەیڕەوی ناوخۆ،[٨] پرسیاری پەرلەمانی یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی چاودێریی پەرلەمان بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردندا. بۆیە لە ماوەی نزیکەی (٧٨) هەفتەدا، دەبوو ئەندامانی پەرلەمان سەدان پرسیاری نووسراو و زارەکییان سەبارەت بە گرفتی هاوڵاتیان، پێشێلکارییە یاساییەکان، دۆخی خزمەتگوزاری، دارایی گشتی، مووچە، بودجە، دادپەروەری و کارایی دامەزراوەکان ئاراستەی سەرۆکی حکومەت و وەزیران کردبایە. نەکردنی ئەم ئەرکە واتای لاوازبوونی ڕۆڵی چاودێریی پەرلەمان و بەجێهێشتنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە بێ فشاری پەرلەمانی و بێ لێپرسینەوەی دامەزراوەیی.

## ١٠. پێویست بوو چەندین پرۆژە و پێشنیازی یاسا پێشکەش، تاوتوێ و پەسەند بکرابایە

پەرلەمان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریی هەرێمە. هەروەها ماددەی (٧٧)ی پەیڕەوی ناوخۆ، یاسادانان بە دەرکردنی یاسا و بڕیار، هەموارکردنی یاسا و بڕیارە کارپێکراوەکان، و

٨- لە ماددەی (٥٨)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: ئەندام، دەتوانێت، پرسیاری نوسراو، یان زارەکیی لە ڕێی دەستەی سەرۆکایەتییەوە، بۆ سەرۆك وەزیران، یان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران، بنێرێت، بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێك کە دەکەوێتە چوار چێوەی پسپۆڕیەکەیان یان بابەتێك کە ئەندام زانیاریی لەبارەیەوە نییە، یان دەیەوێت بەدوادا چونی لەبارەوە بکات، یان دەیەوێت ڕای حکومەت، لەبارەی بابەتێکەوە بزانێت.

ڕێکخستنی جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵییەکان پێناسە دەکات. لەبەر ئەوە، لە ماوەی ئەم بۆشاییە پەرلەمانییەدا، دەبوو چەندین پرۆژە و پێشنیازی یاسا لە بوارەکانی داهات، کاروباری دارایی، چاودێریی دامەزراوەکان، خزمەتگوزاری، ژینگە، خوێندن، تەندروستی، بازاڕی کار و پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیان پێشکەش، خوێندنەوە و پەسەند بکرابایە.

هەروەها بەپێی ماددەکانی (٧٨) تا (٩٣)ی پەیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمان ڕێکاری تەواوی بۆ وەرگرتن، خوێندنەوە، تاوتوێکردن، ڕاپۆرتکردن و دەنگدان لەسەر پرۆژە و پێشنیازە یاساکان هەیە. بۆیە مانەوەی هەرێم بێ یاسادانانی نوێ، تەنها کێشەیەکی سیاسی نییە، بەڵکو پەککەوتنی یەکێک لە گرنگترین ئەرکە دەستووری و دامەزراوەییەکانی پەرلەمانە. چونکە کێشەی نوێ بە بڕیاری کۆن چارەسەر ناکرێت، و هەرێم کاتێک بێ یاسادانانی نوێ دەمێنێتەوە، دەبێتە سیستەمێک کە لە دۆخی ڕابردوودا گیر دەخوات.

### ١١. پێویست بوو چەندین یاسای کارپێکراو هەڵسەنگێنرابانەوە و ئەوانەی کە لەگەڵ پێویستییەکانی ئێستای هەرێم ناگونجێن، هەموار بکرابان.

بەپێی ماددەی (٧٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، یاسادانان تەنها دەرکردنی یاسای نوێ نییە، بەڵکو هەموارکردنی یاسا و بڕیارە کارپێکراوەکانیش دەگرێتەوە. هەروەها بەپێی ماددەی (٧٩)، کاتێک بۆشایی یاسایی، کەموکوڕی لە دەقی یاسا، یان کێشە لە جێبەجێکردنی یاسا هەبێت، پێشنیازی یاسا و بڕیار دەتوانرێت پێشکەش بکرێت. لەبەر ئەوە، ئەگەر پەرلەمان کارا بوایە، دەبوو ئەو یاسا کۆنانە هەڵبسەنگێنرابانەوە کە بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی سیاسی، دارایی، کارگێڕی، کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەوە، لەگەڵ پێویستییەکانی ئێستای هەرێم ناگونجێن یان لە جێبەجێکردندا کێشەیان دروست کردووە.

زەرورەتی ئەم هەموارکردنانە ئەوەیە کە یاسا کۆنەکان، ئەگەر بە پێی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا و دامەزراوەکان نوێ نەکرێنەوە، لە جیاتی ئەوەی ببنە ئامرازی چارەسەر، دەبنە کۆسپ لەبەردەم کارایی حکومەت، پاراستنی مافی هاوڵاتیان و بەهێزکردنی دامەزراوەکان. بۆیە مانەوەی هەرێم بێ هەموارکردنی یاسا کارپێکراوەکان، واتای ئەوەیە سیستەم بە یاسا و ڕێسایەکی کۆن بەڕێوە دەبرێت کە زۆرجار وەڵامی گرفتی نوێی هاوڵاتیان و پێویستییەکانی ئێستا ناداتەوە.

### ١٢. پێویست بوو یاسا فیدراڵییە پەیوەندیدارەکان لە چوارچێوەی هەرێمدا ڕێکبخرابان و شێوازی جێبەجێکردنیان دیاری کرابایە

بەپێی ماددەی (٧٧)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، یاسادانان تەنها دەرکردنی یاسای نوێ و هەموارکردنی یاسای کارپێکراو نییە، بەڵکو جێبەجێکردن یان هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵییەکانیش دەگرێتەوە. هەروەها بەپێی ماددەی (١٢١)ی دەستووری عێراق، هەرێم لەو بابەتانەی کە لە

دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵیدا نین، مافی ئەوەی هەیە شێوازی جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵییەکان لە ناو هەرێمدا هەموار بکات. لەبەر ئەوە، دەبوو پەرلەمان لەو ماوەیەدا ئەو یاسا فیدراڵییە پەیوەندیدارانەی بە داهات، دارایی، کارگێڕی، خزمەتگوزاری، مافەکان، دەسەڵاتە هاوبەشەکان و پەیوەندیی نێوان هەرێم و بەغدا دەگەڕێنەوە، هەڵبسەنگێنێت و بە شێوەیەکی یاسایی و دامەزراوەیی لە چوارچێوەی هەرێمدا ڕێکبخات.

زەرورەتی ئەم خاڵە ئەوەیە کە هەرێم نابێت یان لە دەرەوەی ڕێکخستنی یاسایی عێراق بوەستێت، یان بە بێ ڕێکاری پەرلەمانی مافەکانی خۆی بەڕێوە ببات. ڕێگەی دروست ئەوەیە پەرلەمان یاسا فیدراڵییە پەیوەندیدارەکان بخاتە بەر تاوتوێ، ئەوانەی پێویستیان بە جێبەجێکردن هەیە بە شێوەی فەرمی ڕێکبخات، و ئەوانەی لەگەڵ تایبەتمەندی و دەسەڵاتەکانی هەرێم ناگونجێن، بەپێی دەستوور شێوازی جێبەجێکردنیان هەموار بکات. بەو شێوەیە هەرێم مافەکانی خۆی نەپاراستووە بە دەرەوەبوون لە یاسا، بەڵکو بە ناو یاسا و دامەزراوەکانەوە پاراستوویەتی.

## ١٣. پێویست بوو پەرلەمان لە پرسە نیشتیمانییەکاندا هەڵوێست و بڕیاری دامەزراوەیی هەبوایە

پەرلەمان تەنها شوێنی یاسادانانی تەکنیکی نییە، بەڵکو ناوەندی هەڵوێست، بڕیار و نوێنەرایەتیی نیشتیمانییە. بەپێی ماددەی (٧٧)ی پەیڕەوی ناوخۆ، دەرکردنی بڕیار بەشێکە لە ئەرکی یاسادانانی پەرلەمان، و بەپێی ماددەی (٧٨)، پێشنیازی بڕیار دەتوانرێت لەلایەن حکومەت، دەزگا پەیوەندیدارەکان یان لانیکەم (١٠) ئەندامی پەرلەمانەوە پێشکەش بکرێت. هەروەها ماددەکانی (٤٨ و ٤٩) ڕێگە دەدەن بابەتە گشتی، پەلەدار و نیشتیمانییەکان بخرێنە بەرنامەی کاری دانیشتن و لە پێویستیدا بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت یان وەزیری پەیوەندیدار تاوتوێ بکرێن.

لەبەر ئەوە، پرسەکانی پەیوەست بە پەیوەندیی هەرێم و بەغدا، مووچە، نەوت، سنوور، ئاسایش، پەیوەندییە دەرەکییەکان، جەنگ و مەترسییە ناوچەییەکان دەبوو لە ناو پەرلەماندا بخرانە بەر تاوتوێ و بڕیاری پەرلەمانییان لەسەر بدرابایە. زەرورەتی ئەم خاڵە ئەوەیە کە پرسە نیشتیمانییەکان نابێت تەنها بە لێدوانی حیزبی، بڕیاری داخراوی سیاسی یان ڕاگەیاندنی حکومی بەڕێوە بچن، بەڵکو دەبێت ببنە بابەتی گفتوگۆ، دەنگدان و بڕیاری دامەزراوەیی لە پەرلەماندا، چونکە پەرلەمان تاکە شوێنە کە هەڵوێستی سیاسی دەتوانێت ببێتە بڕیاری نوێنەرایەتی و فەرمی.

## ١٤. پێویست بوو بودجەی ساڵانی ٢٠٢٥ و ٢٠٢٦ پەسەند بکرابایە

بودجە یەکێکە لە گرنگترین کارەکانی پەرلەمان، چونکە بودجە دەڵێت داهات لە کوێوە دێت و پارەی گشتی بۆ چی خەرج دەکرێت. ماددەی (٩٨)ی پەیڕەوی ناوخۆ دەڵێت کابینە دەبێت پێشنیازی بودجە لە سەرەتای تشرینی یەکەمی هەر ساڵێکدا پێشکەشی پەرلەمان بکات، پێش دەستپێکی ساڵی دارایی. هەمان ماددە دەڵێت ئەگەر بودجە یان حساباتی کۆتایی لە کاتە دیاریکراوەکەدا پێشکەش نەکرێت، پەرلەمان دەبێت ڕوونکردنەوە لە وەزیری دارایی بخوازێت. زەرورەتی ئەم خاڵە ئەوەیە کە بێ بودجەی پەسەندکراو، موچە، خزمەتگوزاری، پرۆژە و خەرجی گشتی دەبنە بابەتی لێڵ و بێ چاودێری.

## دەرکردنی یاساکانی بودجە بەپێی ساڵ و خولەکانی پەرلەمانی کوردستان

| ز | ساڵ | خولی پەرلەمان | یاسای بودجە |
|---|---|---|---|
| ١. | ١٩٩٢ | خولی یەکەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ٢. | ١٩٩٣ | خولی یەکەم | یاسای بودجە هەبوو |
| ٣. | ١٩٩٤ | خولی یەکەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ٤. | ١٩٩٥ | خولی یەکەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ٥. | ١٩٩٦ | خولی یەکەم | یاسای بودجە هەبوو |
| ٦. | ١٩٩٧ | خولی یەکەم | یاسای بودجە هەبوو |
| ٧. | ١٩٩٨ | خولی یەکەم | یاسای بودجە هەبوو |
| ٨. | ١٩٩٩ | خولی یەکەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ٩. | ٢٠٠٠ | خولی یەکەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ١٠. | ٢٠٠١ | خولی یەکەم | یاسای بودجە هەبوو |
| ١١. | ٢٠٠٢ | خولی یەکەم | یاسای بودجە هەبوو |
| ١٢. | ٢٠٠٣ | خولی یەکەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ١٣. | ٢٠٠٤ | خولی یەکەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ١٤. | ٢٠٠٥ | خولی یەکەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ١٥. | ٢٠٠٦ | خولی دووەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ١٦. | ٢٠٠٧ | خولی دووەم | یاسای بودجە هەبوو |
| ١٧. | ٢٠٠٨ | خولی دووەم | یاسای بودجە هەبوو |
| ١٨. | ٢٠٠٩ | خولی دووەم | یاسای بودجە هەبوو |
| ١٩. | ٢٠١٠ | خولی سێیەم | یاسای بودجە هەبوو |
| ٢٠. | ٢٠١١ | خولی سێیەم | یاسای بودجە هەبوو |
| ٢١. | ٢٠١٢ | خولی سێیەم | یاسای بودجە هەبوو |
| ٢٢. | ٢٠١٣ | خولی سێیەم | یاسای بودجە هەبوو |
| ٢٣. | ٢٠١٤ | خولی چوارەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ٢٤. | ٢٠١٥ | خولی چوارەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ٢٥. | ٢٠١٦ | خولی چوارەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ٢٦. | ٢٠١٧ | خولی چوارەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ٢٧. | ٢٠١٨ | خولی چوارەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ٢٨. | ٢٠١٩ | خولی پێنجەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ٢٩. | ٢٠٢٠ | خولی پێنجەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ٣٠. | ٢٠٢١ | خولی پێنجەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ٣١. | ٢٠٢٢ | خولی پێنجەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ٣٢. | ٢٠٢٣ | بۆشایی یاسایی | یاسای بودجە نەبوو |
| ٣٣. | ٢٠٢٤ | بۆشایی یاسایی | یاسای بودجە نەبوو |
| ٣٤. | ٢٠٢٥ | خولی شەشەم | یاسای بودجە نەبوو |
| ٣٥. | ٢٠٢٦ | خولی شەشەم | یاسای بودجە نەبوو |
| **بە (٣٥) ساڵ تەمەن** | | **بە شەش خول** | **تەنها (١٣) یاسای بودجە هەبووە** |

## ١٥. پێویست بوو پەرلەمان ڕۆڵی هەبوایە لە چارەسەری قەیرانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا

قەیرانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق، بەتایبەتی پرسی موچە، بودجە، نەوت، گومرگ، داهات و دەسەڵاتە دەستوورییەکان، تەنها بابەتی گفتوگۆی نێوان دوو حکومەت نین. ئەم پرسەکان پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە مافە دارایی، دەستووری و ژیانی هاوڵاتیانەوە هەیە، بۆیە دەبوو لە چوارچێوەی پەرلەمانی، بە شەفافیەت، چاودێری و بڕیاری فەرمی مامەڵەیان لەگەڵ بکرابایە.

بەپێی ئەرک و دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان مافی ئەوەی هەیە لیژنە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون پێکبهێنێت، و پەیوەندیی یاسایی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندی دیاری بکات. لەسەر ئەم بنەمایە، قەیرانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا دەبوو وەک پرسێکی گرنگی نیشتمانی بخرابایەتە ناو ئەجێندای پەرلەمان، نەک تەنها لە گفتوگۆی داخراوی نێوان کابینە و حکومەتی فیدراڵی بمابایەوە.

هەروەها پەیرەوی ناوخۆ ڕێگا دەدات گفتوگۆی نێوان پەرلەمان و حکومەت بۆ بەرژەوەندیی گشتی ڕێکبخرێت. لەو ڕێگایەوە، پەرلەمان دەبوو دانیشتنی گشتی یان دانیشتنی تایبەت لەگەڵ حکومەتی هەرێم ڕێکبخات، حکومەت پابەند بکات بە خستنەڕووی دۆخی گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا، ڕێککەوتنەکان، کۆسپەکان و بڕیارە دارایی و دەستوورییەکان، و پاشان بڕیار، ڕاسپاردە یان هەڵوێستی فەرمیی پەرلەمان دەربکات.

گرنگی ئەم ڕۆڵە لەوەدایە کە قەیرانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا تەنها کێشەیەکی تەکنیکی نین، بەڵکو کێشەی ڕەوایەتی، دەستوور، دارایی و نوێنەرایەتیی خەڵکن. کاتێک پەرلەمان بێدەنگ یان پەککەوتوو بێت، حکومەت بەبێ چاودێریی تەواوی پەرلەمانی مامەڵە لەگەڵ فایلە چارەنووسسازەکان دەکات، و ئەمەش هەڵوێستی هەرێم لە بەرامبەر بەغدا لاواز دەکات.

لە هەمان کاتدا، درێژبوونەوەی قەیرانی سیاسیی ناوخۆی هەرێم کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندیی هەرێم و بەغدا هەبووە. کاتێک پەرلەمان کارا نییە، لیژنەکان بە شێوەی پێویست کار ناکەن، دانیشتنەکان بەردەوام نین و هەڵوێستی هاوبەشی نیشتمانی دروست نابێت، توانای هەرێم بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بەغدا لە فایلە گرنگەکاندا لاواز دەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پرسەکانی موچە، بودجە، نەوت، گومرگ و دەسەڵاتە دەستوورییەکان زیاتر ببنە بابەتی ڕێککەوتنی کاتی و فشاری سیاسی، نەک چارەسەری دامەزراوەیی و یاسایی.

لە کۆتاییدا، پەرلەمان دەبوو ڕۆڵی ناوبژیوان، چاودێر، لێپرسەر و پارێزەری مافە دەستووری و داراییەکانی هەرێم بگێڕێت. بێدەنگی یان پەککەوتنی پەرلەمان لەم فایلانەدا تەنها لاوازییەکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو

لاوازکردنی هەڵوێستی هەرێمە لە بەرامبەر بەغدا و زیانگەیاندنە بە مافی هاوڵاتیان، شەفافیەت، لێپرسینەوە و ڕەوایەتیی دامەزراوەیی.

## ١٦. پێویست بوو بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی یاساکان بکرایە

یاسا تەنها بە دەرکردن و پەسەندکردن مانای تەواوی خۆی وەرناگرێت، بەڵکو مانای ڕاستەقینەی یاسا لە جێبەجێکردنی دروست، یەکسان و بەردەوامیدایە. ئەگەر یاسا دەرچێت بەڵام جێبەجێ نەکرێت، یان بە شێوەی هەڵە و جیاواز بەکاربهێنرێت، ئەوا یاسا دەبێتە دەقێکی بێکاریگەر و متمانەی هاوڵاتیان بە دامەزراوەکان لاواز دەبێت.

بەپێی ماددەی (٤١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لیژنە هەمیشەییەکان بەرپرسیارن لە بەدواداچوون، لێکۆڵینەوە، سەردانی مەیدانی و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاساکان، هەروەها چاودێریکردنی ئەو ڕێنمایی، ڕێکار و بڕیارانەی کە بۆ جێبەجێکردنی یاساکان دەردەچن. ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەرکی پەرلەمان تەنها لە پەسەندکردنی یاسا کۆتایی نایەت، بەڵکو دەبێت دڵنیابێت کە یاساکان لە دامەزراوەکانی حکومەت، وەزارەتەکان و دەزگاکانی پەیوەندیداردا بە دروستی جێبەجێ دەکرێن.

لەسەر ئەم بنەمایە، پەرلەمان دەبوو بە شێوەیەکی ڕێکخراو و بەردەوام بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی هەرێم بکات. لیژنەکان دەبوو ڕاپۆرتی ساڵانە یان وەرزی ئامادە بکەن، وەزیران و بەرپرسان بانگ بکەن، سەردانی مەیدانی بۆ دامەزراوەکان و پرۆژەکان بکەن، کێشەکانی جێبەجێکردن دەستنیشان بکەن و ڕاسپاردەی فەرمی پێشکەشی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و دانیشتنی گشتی بکەن.

زەرورەتی ئەم خاڵە لەوەدایە کە زۆرجار کێشەی سەرەکی لە دەرکردنی یاسا نییە، بەڵکو لە جێبەجێنەکردن، پێشێلکردن، پشتگوێخستن یان بەکارنەهێنانی دروستی یاساکەدایە. هەندێک یاسا دەرکراون بەڵام ڕێنمایی و ڕێکاری جێبەجێکردنیان دواکەوتووە، هەندێکی تر جێبەجێ دەکرێن بەڵام بە شێوەی نایەکسان، بێ شەفافیەت یان بەبێ چاودێریی تەواو. لە دۆخێکی وەهادا، پەرلەمان دەبوو وەک دامەزراوەی چاودێری و لێپرسینەوە دەست بخاتە ناو کارەوە.

بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاساکان دەبوو ببێتە بەشێکی سەرەکی لە کاری لیژنە هەمیشەییەکان، چونکە ئەم کارە دەتوانێت پێشێلکارییەکان ئاشکرا بکات، کەموکوڕییەکانی حکومەت دەستنیشان بکات، دامەزراوەکان پابەند بکات بە جێبەجێکردنی یاسا و متمانەی خەڵک بە یاسا و پەرلەمان بەهێز بکاتەوە. بێ ئەم چاودێرییە، یاساکان دەبنە دەقێکی فەرمی، بەڵام کاریگەریی ڕاستەقینەیان لە ژیانی هاوڵاتیاندا نامێنێت.

لە کۆتاییدا، نەبوونی بەدواداچوونی کارا بۆ جێبەجێکردنی یاساکان پێشێلکردنی ڕۆڵی چاودێریی پەرلەمانە. پەرلەمان دەبوو بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، لیژنەکان بخاتە کار، ڕاپۆرتی چاودێری ئامادە بکات، لێپرسینەوە لە حکومەت بکات و دڵنیابێت کە یاساکان تەنها لەسەر کاغەز نامێنن، بەڵکو لە واقیعی کارگێڕی، خزمەتگوزاری و مافی هاوڵاتیاندا جێبەجێ دەکرێن.[٩]

## ١٧. پێویست بوو پرسی نووسینەوە و پەسەندکردنی دەستوری هەرێم بخرایەتە کارنامەی پەرلەمانەوە

هەرێمی کوردستان پێویستی بە دەستورێکی ڕوون، هەمیشەیی و پەسەندکراوی دامەزراوەیی هەیە، چونکە دەستور بنەمای سەرەکیی ڕێکخستنی دەسەڵات، پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیان و چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسی و دامەزراوەییەکانە. دەستور سنووری دەسەڵاتی پەرلەمان، حکومەت و سەرۆکایەتی دیاری دەکات، پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکان ڕوون دەکاتەوە، ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان دەستەبەر دەکات و میکانیزمی یاسایی بۆ چارەسەری ناکۆکی و قەیرانەکان دادەنێت.

بەپێی ماددەی (١٢٠)ی دەستووری عێراق،[١٠] هەر هەرێمێک دەبێت دەستورێکی تایبەت بە خۆی هەبێت، کە پێکهاتەی دەسەڵاتەکانی هەرێم، دەسەڵاتەکان و شێوازی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە دیاری بکات، بە مەرجێک پێچەوانەی دەستووری فیدراڵی نەبێت. لەسەر ئەم بنەمایە، نووسینەوە و پەسەندکردنی دەستوری هەرێم تەنها داواکارییەکی سیاسی نییە، بەڵکو پێویستییەکی دەستووری و دامەزراوەییە بۆ تەواوکردنی چوارچێوەی فیدراڵی هەرێمی کوردستان.

هەروەها بەپێی ئەرک و دەسەڵاتەکانی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان مافی بڕیاردانی لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عێراق هەیە. بۆیە پرسی دەستور دەبوو وەک یەکێک لە گرنگترین پرسە دامەزراوەیی و نیشتمانییەکان بخرابایەتە کارنامەی پەرلەمان و لە چوارچێوەی گفتوگۆی گشتی، لیژنەی تایبەت و بڕیاری پەرلەمانی مامەڵەی لەگەڵ بکرابایە.

---

٩- لە ماددەی (٤١)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی، لە چوار چێوەی پسپۆڕییەکەیدا، بەدوادا چوون و لێکۆڵینەوە و سەردانی مەیدانی دەکات، لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی ئەو یاسا گشتییانەی، بە بەرژەوەندیە بنەڕەتییەکانی هاونیشتیمانیانی هەرێم پەیوندیدارن، هەروەها چاودێریکردنی گونجانی سیستەم و ڕێنماییەکان، کە بۆ ئاسان جێبەجێکردنی یاساکە دەرچوێندراون لەگەڵ ئامانجی سەرەکی یاساکە، لەسەر لیژنەی هەمیشەیی پێویستە، ڕاپۆرتێك لەسەر ئەنجامی بەدوادا چونیان و پێشنیازەکانیان ئاڕاستەی دەستەی سەرۆکایەتی بکەن و ئەوانیش دەتوانن ئەوەی گونجاوە، لە ژێر ڕۆشنایی ڕاپۆرتەکە بیگرنەبەر.

١٠- لە ماددەی (١٢٠)ی دەستوری هەمیشەیی عیراقدا هاتووە: هەرێم دەستورێک بۆ خۆی دادەڕێژێت، هەرەمی دەسەڵاتەکانی هەرێم و میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە دیاری دەکات، بە مەرجێک ناکۆک نەبێت لەگەڵ ئەم دەستوورەدا.

لەسەر ئەم بنەمایە، پەرلەمان دەبوو لیژنەیەکی تایبەت بۆ نووسینەوەی دەستور پێکبهێنێت، کۆبوونەوەی فراوان لەگەڵ یاساناسان، دادوەران، زانایانی دەستوور، حیزبە سیاسییەکان، پێکهاتەکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و نوێنەرانی کۆمەڵگە ڕێکبخات، و پرۆژەی دەستور بخاتە ناو ڕێڕەوی فەرمیی پەرلەمانی.

زەرورەتی ئەم خاڵە لەوەدایە کە زۆرێک لە قەیرانە سیاسی و دامەزراوەییەکانی هەرێم بەهۆی نەبوونی دەستورێکی هەمیشەیی و جێگیرەوە قووڵتر دەبن. کاتێک سنووری دەسەڵاتەکان، شێوازی پێکهێنانی حکومەت، پەیوەندیی نێوان سەرۆکایەتی و کابینە، مافی پەرلەمان لە چاودێریکردن، و میکانیزمی چارەسەری بنبەستەکان بە ڕوونی دیاری نەکرابێت، زۆر پرسی گرنگ دەکەوێتە ژێر ڕێککەوتنی حیزبی و ململانێی سیاسی، نەک بنەمایەکی یاسایی جێگیر.

بێ دەستورێکی پەسەندکراو، دامەزراوەکان لە کاتی قەیراندا پشت بە دەقی جێگیر و هاوبەش نابەستن، بەڵکو زۆرجار چارەسەرەکان لەسەر هاوسەنگی هێز، ڕێککەوتنی کاتی و گفتوگۆی حیزبی دەبن. ئەمەش ڕەوایەتی دامەزراوەکان لاواز دەکات، سنووری بەرپرسیارێتی تێکەڵ دەکات و مافی هاوڵاتیان دەخاتە ژێر کاریگەریی ناکۆکیی سیاسی.

## ١٨. پێویست بوو چاودێریی حکومەت بکرایە و لێپرسینەوە لە پێشێلکارییەکان بکرایە

چاودێریی حکومەت یەکێکە لە بنەماییترین ئەرکەکانی پەرلەمان، چونکە پەرلەمان تەنها دامەزراوەی یاسادانان نییە، بەڵکو دامەزراوەی چاودێری، لێپرسینەوە و هاوسەنگکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیشە. بەپێی ماددەی (٢)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان وەک دەسەڵاتی باڵای یاسادانان و چاودێری لە هەرێم ناسێنراوە. ئەمە مانای ئەوەیە کە چاودێریکردنی حکومەت ئەرکێکی لاوەکی نییە، بەڵکو یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی بوونی پەرلەمان.

بەپێی ماددەی (٥٨)ی پەیرەوی ناوخۆ، هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەتوانێت پرسیاری نووسراو یان زارەکی ئاراستەی سەرۆکی حکومەت یان ئەندامانی کابینە بکات، لەسەر بابەتێک کە دەکەوێتە ناو سنووری دەسەڵات و بەرپرسیارێتییانەوە. هەروەها ماددەکانی (٥٩) تا (٦٥) ڕێکار، مەرج و کاتی پرسیار و وەڵامدانەوە دیاری دەکەن. بۆیە پەرلەمان دەبوو ئەم ئامرازە چاودێرییە بەکاربهێنێت بۆ ڕوونکردنەوە و بەدواداچوون لە فایلەکانی موچە، بودجە، داهات، نەوت، گومرگ، خزمەتگوزاری، گەندەڵی، پێشێلکردنی یاسا و خراپ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان.

هەروەها بەپێی ماددەی (٦٦)ی پەیرەوی ناوخۆ، دە ئەندامی پەرلەمان دەتوانن داوای گفتوگۆی نێوان پەرلەمان و حکومەت بکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی. ماددەی (٦٧)یش دەڵێت پاش گفتوگۆ، سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەتوانێت بابەتەکە بنێرێت بۆ لیژنەی پەیوەندیدار بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت، و پاشان

پەرلەمان بڕیار یان ڕاسپاردەی گونجاو دەربکات. لەسەر ئەم بنەمایە، پەرلەمان دەبوو پێشێلکارییەکان و کێشە گشتییەکان بخاتە گفتوگۆی فەرمی، ڕاپۆرتی پەرلەمانی لەسەریان ئامادە بکات و هەڵوێستی دامەزراوەیی دەرببڕێت.

بۆ قۆناغی لێپرسینەوە، ماددەی (٦٨)ی پەیرەوی ناوخۆ لێپرسینەوە وەک داواکارییەک دیاری دەکات بۆ ئەوەی سەرۆکی حکومەت یان یەکێک لە ئەندامانی کابینە بەرنامەی حکومەت و هۆکارەکانی بڕیار و کردارەکانی ڕوون بکاتەوە. بەپێی ماددەی (٦٩)، لێپرسینەوە لە سەرۆکی حکومەت پێویستی بە واژۆی یەک لەسەر پێنجی ئەندامانی پەرلەمان هەیە، و لێپرسینەوە لە ئەندامێکی کابینە پێویستی بە واژۆی یەک لەسەر شەشی ئەندامانی پەرلەمان هەیە. هەروەها ماددەکانی (٧٠) تا (٧٣) ڕێکارەکانی لێپرسینەوە، بەڵگە، بەڵگەنامە، وەڵامدانەوە، ئامادەبوون و کۆتاییهێنان بە پرۆسەکە دیاری دەکەن.

ئەگەر وەڵامی سەرۆکی حکومەت یان وەزیر قانعکەر نەبوو، ماددەی (٧٤) ڕێکاری متمانەسەندنەوە دیاری دەکات. بەپێی ئەم ماددەیە، داوای متمانەسەندنەوە بەبێ لێپرسینەوە ڕێگەپێدراو نییە، واتە متمانەسەندنەوە دەبێت پاش پرۆسەی لێپرسینەوە بێت. هەروەها ماددەی ٧٥ دەڵێت ئەگەر سەرۆکی حکومەت متمانەی لێ بسەندرێتەوە، کابینە دەبێت دەست لەکار بکێشێتەوە و وەک حکومەتی کاربەڕێکەر دەمێنێتەوە تا کابینەیەکی نوێ پێکدەهێنرێت. ماددەی (٧٦)یش ڕوونی دەکاتەوە کە ڕێکارەکانی چاودێریی پەرلەمان دەگرێتەوە سەر سەرۆکی حکومەت، ئەندامانی کابینە، سەرۆکانی دەستەکان و دامەزراوە سەربەخۆکان.

زەرورەتی ئەم خاڵە لەوەدایە کە **حکومەت ئەگەر بەبێ چاودێری بمێنێتەوە، دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەبێتە دەسەڵاتێکی بێ هاوسەنگی. لە وەها دۆخێکدا، پێشێلکارییەکان بە ئاسانی دووبارە دەبنەوە، بەرپرسان لێپرسینەوەیان لێ ناکرێت، بڕیارە دارایی و کارگێڕییەکان بە شەفافی ناخەنە بەردەم پەرلەمان و خەڵک، و متمانەی گشتی بە دامەزراوەکان لاواز دەبێت.**

لە کۆتاییدا، پەککەوتنی چاودێریی پەرلەمان بە مانای پەککەوتنی یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی سیستەمی دیموکراتییە. پەرلەمان دەبوو بەپێی ماددەکانی (٥٨) تا (٧٦)ی پەیرەوی ناوخۆ، پرسیار، گفتوگۆ، بانگهێشتکردن، ڕاپۆرت، لێپرسینەوە و، لە کاتی پێویستدا، متمانەسەندنەوە بەکاربهێنێت. بێ ئەم ڕۆڵە، پێشێلکارییەکان لە هەڵەی تاکەکەسییەوە دەگۆڕێن بۆ کلتووری دامەزراوەیی.

### ١٩. پێویست بوو بەدواداچوونی جدی بۆ پرسی موچەی فەرمانبەران بکرایە

پرسی موچە تەنها کێشەیەکی دارایی یان کارگێڕی نییە، بەڵکو پرسێکی پەیوەندیدارە بە کەرامەتی ژیان، ئاسایشی کۆمەڵایەتی و مافی ڕۆژانەی فەرمانبەر، مامۆستا، پزیشک، پێشمەرگە، خانەنشین و خێزانەکانیان.

موچە داهاتی سەرەکیی ژیانی زۆربەی خێزانەکانی هەرێمە، بۆیە دواکەوتن، نادیاری یان نەبوونی شەفافیەت لە دابەشکردنی موچەدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیان، بازاڕ، خزمەتگوزاری و متمانەی گشتی هەیە.

لەسەر ئەم بنەمایە، پرسی موچە دەبوو ببێتە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی چاودێریی پەرلەمان، چونکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بودجە، داهات، خەرجیی گشتی، پەیوەندیی هەرێم و بەغدا و بەڕێوەبردنی دارایی گشتییەوە هەیە.

هەروەها بەپێی ماددەی (١٢١)ی دەستووری عێراق، هەرێم و پارێزگاکان مافی ئەوەیان هەیە پشکی دادپەروەرانەیان لە داهاتی نیشتمانی پێ بدرێت، بە شێوەیەک کە بتوانن ئەرک و بەرپرسیارێتییەکانیان جێبەجێ بکەن. لەسەر ئەم بنەمایە، پرسی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم پەیوەندیدارە بە مافە دارایی و دەستوورییەکانی هەرێم لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا، و نابێت تەنها وەک بابەتێکی سیاسی یان گفتوگۆی نێوان حکومەتەکان مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

زەرورەتی ئەم خاڵە لەوەدایە کە پرسی موچە نابێت ببێتە بابەتی بانگەشە، لێدوان و ململانێی سیاسی. موچە دەبێت ببێتە بابەتی ڕاپۆرت، ژمارە، بەڵگە، شەفافیەت، لێپرسینەوە و بڕیاری پەرلەمانی. پەرلەمان دەبوو داوا بکات حکومەت بە شێوەی مانگانە ڕاپۆرتی داهات و خەرجی، بڕی پارەی وەرگیراو لە بەغدا، داهاتی ناوخۆیی، داهاتی نەوتی، قەرز، خەرجییە پێشینەدارەکان و پلانی دابەشکردنی موچە بخاتە بەردەم پەرلەمان و خەڵک.

لە کۆتاییدا، نەبوونی بەدواداچوونی جدی بۆ پرسی موچە، پەککەوتنی ڕۆڵی چاودێری و دارایی پەرلەمانە. پەرلەمان دەبوو بەپێی ماددەکانی پەیرەوی ناوخۆ، لیژنەکان بخاتە کار، وەزیران بانگ بکات، پرسیار ئاراستە بکات، گفتوگۆی تایبەت ڕێکبخات، ڕاپۆرتی دارایی ئامادە بکات و لە کاتی پێویستدا لێپرسینەوە بکات. موچە مافی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانە، و نابێت بەبێ چاودێری، بەبێ ژمارە و بەبێ بڕیاری پەرلەمانی بمێنێتەوە.

## ٢٠. پێویست بوو بڕیارە چارەنووسسازەکان بەپێی یاسا بگەڕێنرابانەوە بۆ ناو پەرلەمان

بڕیارە چارەنووسسازەکان، وەک پەیوەندیی هەرێم لەگەڵ بەغدا، گرێبەستە گەورەکان، پرسی نەوت، بودجە، ئاسایش، داهات، گومرگ، ڕێککەوتنە سیاسییەکان و سیاسەتی دەرەوە، نابێت تەنها لە بازنەی داخراوی دەسەڵات، گفتوگۆی حیزبی یان ڕێککەوتنی نێوان بەرپرساندا بڕیاریان لەسەر بدرێت. ئەم جۆرە بڕیارانە پەیوەندییان بە ماف، داهاتوو، ئاسایش، داهات، خزمەتگوزاری و پێگەی دەستووریی هەرێمەوە هەیە، بۆیە دەبوو بگەڕێنرابانەوە بۆ ناو پەرلەمان و لە چوارچێوەی نوێنەرایەتی، شەفافیەت، گفتوگۆ و بڕیاری یاسایی مامەڵەیان لەگەڵ بکرابایە.

بەپێی بنەمای نوێنەرایەتی، پەرلەمان شوێنی ڕەوایەتیی سیاسی و یاساییە. هەر بڕیارێک کە کاریگەریی چارەنووسساز لەسەر هەرێم، مافە داراییەکان، پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، نەوت، بودجە، ئاسایش یان ئایندەی دامەزراوەکان هەبێت، پێویستە لە پەرلەماندا ئاشکرا بکرێت، لەسەری گفتوگۆ بکرێت، لیژنە پەیوەندیدارەکان ڕاپۆرتی لەسەر ئامادە بکەن و پاشان پەرلەمان هەڵوێست، بڕیار یان ڕاسپاردەی فەرمی دەربکات.

بەپێی ماددەی (٢)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان دەسەڵاتی باڵای یاسادانان و چاودێرییە لە هەرێمدا. لەسەر ئەم بنەمایە، بڕیارە گەورە و چارەنووسسازەکان نابێت لە دەرەوەی چاودێریی پەرلەمان بمێننەوە. ئەگەر بڕیارێک پەیوەندی بە موچە، بودجە، نەوت، گرێبەست، ئاسایش، پەیوەندی بەغدا یان مافە دەستوورییەکانی هەرێمەوە هەبێت، پەرلەمان دەبوو وەک دامەزراوەی نوێنەرایەتیی خەڵک وەڵامی فەرمی و ڕۆڵی ڕاستەوخۆی هەبێت.

هەروەها بەپێی ماددەی (٤٧)ی پەیرەوی ناوخۆ، سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەجێندای دانیشتنەکانی پەرلەمان دادەنێت. بۆیە دەبوو بڕیارە چارەنووسسازەکان بخرابانە سەر ئەجێندای دانیشتنەکان، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کاریگەریی نیشتمانی، دارایی، ئاسایشی یان دەستووریيان هەیە. بێ خستنە سەر ئەجێندا، ئەم بابەتانە لە دەرەوەی گفتوگۆی ئاشکرای پەرلەمانی دەمێننەوە و مافی نوێنەرانی خەڵک لە بەشداریی بڕیاردا لاواز دەبێت.

بابەتەکانی نەوت، گرێبەستە گەورەکان، بودجە، ئاسایش، پەیوەندی لەگەڵ بەغدا و سیاسەتی دەرەوە، لیژنەکانی دارایی، یاسایی، نەوت و گاز، ئاسایش و پەیوەندییەکان دەبوو ڕاپۆرتی ورد ئامادە بکەن و بابەتەکان بخرابانە بەردەم پەرلەمان.

لە ڕووی پەسەندکردنی بڕیارەکانەوە، ماددەی (٩١)ی پەیرەوی ناوخۆ ڕێکاری پەسەندکردنی یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمان دیاری دەکات، پەرلەمان دەتوانێت لەسەر بابەتە چارەنووسسازەکان بڕیاری فەرمی دەربکات و هەڵوێستی دامەزراوەیی هەرێم دیاری بکات.

لە ڕووی بودجە و داراییەوە، ماددەکانی (٩٨) تا (١٠٤)ی پەیرەوی ناوخۆ ڕێکاری پێشکەشکردن، گفتوگۆ، ڕاپۆرت و پەسەندکردنی بودجە و حساباتی کۆتایی ڕێک دەخەن. لەبەر ئەوەی زۆرێک لە بڕیارە چارەنووسسازەکان، وەک موچە، داهات، قەرز، گرێبەستە گەورەکان، نەوت و ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر بودجە و داراییی گشتی هەیە، پێویست بوو لە چوارچێوەی ئەم ڕێکارانەدا بخرابانە بەردەم پەرلەمان و لیژنەی دارایی و ئابووری.

لەسەر بنەمای دەستووری عێراقیش، ماددەی (١١٧) هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە هەبووەکانی وەک هەرێمێکی فیدراڵی دەناسێت. هەروەها ماددەی (١٢١) دەڵێت دەسەڵاتەکانی هەرێم مافی بەکارهێنانی دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەرییان هەیە، بە مەرجێک نەکەوێتە ناو ئەو دەسەڵاتانەی بە شێوەی

تایبەت بۆ حکومەتی فیدراڵی دانراون. هەمان مادده دەڵێت هەرێم و پارێزگاکان دەبێت پشکی دادپەروەرانەیان لە داهاتی نیشتمانی پێ بدرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان. بۆیە ئەو بڕیارانەی پەیوەندییان بە داهات، بودجە، ئاسایش و پەیوەندی بەغداوە هەیە، دەبوو لەسەر بنەمای دەستووری و پەرلەمانی مامەڵەیان لەگەڵ بکرایە.

زەرورەتی ئەم خاڵە لەوەدایە کە بڕیاری چارەنووسساز بێ نوێنەرایەتی، بێ گفتوگۆی ئاشکرا و بێ پەسەندکردنی دامەزراوەیی، متمانەی خەڵک بە دامەزراوەکان لاواز دەکات. کاتێک بڕیارە گەورەکان لە دەرەوەی پەرلەمان دەدرێن، خەڵک هەست دەکەن کە بڕیارەکان بە ناویان دەدرێن، بەڵام بە نوێنەرایەتییان ناخرێنە گفتوگۆوە. ئەمەش کێشەی یاسایی، سیاسی و متمانەیی دروست دەکات.

لە کۆتاییدا، پەرلەمان دەبوو شوێنی ئاشکراکردن، گفتوگۆ، لێپرسینەوە، ڕاپۆرت و پەسەندکردنی بڕیارە چارەنووسسازەکان بێت. بڕیارەکانی پەیوەندیدار بە بەغدا، نەوت، بودجە، گرێبەستە گەورەکان، ئاسایش و سیاسەتە گشتییەکان دەبوو بەپێی پەیرەوی ناوخۆ بخرابانە سەر ئەجێندای پەرلەمان، لە لیژنەکاندا لێیان بکۆڵرایەتەوە، لە دانیشتنەکاندا گفتوگۆیان لەسەر بکرایە و بە بڕیاری فەرمی یان ڕاسپاردەی پەرلەمانی کۆتاییان پێ بهێنرایە. ئەمە تەنها ڕێکاری یاسایی نییە، بەڵکو بنەمای پاراستنی ڕەوایەتی، نوێنەرایەتی و متمانەی گشتییە.

## ٢١. پێویست بوو پەرلەمانتاران هەوڵی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی کاتی بانگەشەیان بدابایە

لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا، پەرلەمانتاران و لیستە سیاسییەکان بەڵێنی زۆریان بە دەنگدەران دا. ئەو بەڵێنانە زۆرجار پەیوەندییان بە موچە، بودجە، خزمەتگوزاری، شەفافیەت، گەندەڵی، کارا کردنی دامەزراوەکان، پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیان و چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسی و داراییەکانەوە هەبوو. بەڵام بەڵێنی هەڵبژاردن تەنها بە قسە و بانگەشە ناپارێزرێت؛ بەڵکو پێویستی بە کاری پەرلەمانی، دانیشتن، لیژنە، پرۆژە یاسا، چاودێری، ڕاپۆرت، پرسیار، گفتوگۆ و فشارخستنە سەر حکومەت هەیە.

هەروەها بەپێی ماددەی (١٢)ی پەیرەوی ناوخۆ، ئەندامانی پەرلەمان پێش دەستپێکردنی ئەرکەکانیان سوێند دەخۆن کە بەرژەوەندیی گەلی هەرێمی کوردستان بپارێزن، یەکێتیی هەرێم و گەل بپارێزن، کەرامەت، ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان بپارێزن، پارەی گشتی بپارێزن و ئەرکی ئەندامێتی بە دڵسۆزی و وەفاداری جێبەجێ بکەن. بۆیە بەڵێنی بانگەشە دوای سوێندخواردن دەبێت لە قسەی سیاسییەوە بگۆڕدرێت بۆ ئەرکی دامەزراوەیی و چاودێریی پەرلەمانی.

لە ڕووی کاری لیژنەکانەوە، ماددەی (٢٨)ی پەیرەوی ناوخۆ دەڵێت لیژنە هەمیشەییەکان دەبێت لە ماوەی (٢٥) ڕۆژدا لە دوای یەکەم دانیشتنی پەرلەمان هەڵبژێردرێن، و هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەبێت ئەندامی

لانیکەم یەک لیژنە بێت. ماددەی (٢٩)یش لیژنە هەمیشەییەکان دیاری دەکات. لەسەر ئەم بنەمایە، ئەو بەڵێنانەی لە کاتی بانگەشەدا دراون دەبوو لە ناو لیژنە پەیوەندیدارەکاندا بخرابانە بەرنامەی کار، ڕاپۆرت و هەنگاوی یاسایی.

بەپێی ماددەی (٤٨)ی پەیرەوی ناوخۆ، گفتوگۆی بابەتێک دەبێت لەسەر ئەجێندای دانیشتن بێت، و سەرۆکی فراکسیۆن، نوێنەری پێکهاتە یان لانیکەم دە ئەندام دەتوانن داوای زیادکردنی بابەتێکی گشتی و پەلە بکەن بۆ سەر ئەجێندا. هەروەها بەپێی ماددەی (٤٩) هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی یان کاتی دەتوانێت داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات بابەتێکی گشتی، دیاردەیەک یان ڕووداوێک بخرێتە سەر ئەجێندای دانیشتن، و هەر ئەندامێکیش دەتوانێت بیرۆکەیەکی نووسراو لەسەر بابەتێکی گشتی و چارەسەرەکانی بخاتە بەردەم پەرلەمان. بۆیە ئەندامانی پەرلەمان دەبوو بەڵێنەکانی خۆیان بکەنە بابەتی ئەجێندا، گفتوگۆ و هەنگاوی پەرلەمانی، نەک دوای هەڵبژاردن پشتگوێیان بخەن.

هەروەها ماددەی (٥١)ی پەیرەوی ناوخۆ گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە دەڵێت ڕۆژی یەکشەممە بۆ بەدواداچوونی کاروباری هاوڵاتیانە، دووشەممە بۆ کۆبوونەوەی لیژنەکانە، سێشەممە و چوارشەممە بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمانە، و پێنجشەممەش بۆ گفتوگۆی پەرلەمان و حکومەتە، کاتێک پێویست بێت. ئەمە مانای ئەوەیە کە پەیرەوی ناوخۆ خۆی میکانیزمی بەدواداچوون، لیژنە، دانیشتن و گفتوگۆی حکومەت دیاری کردووە. پەرلەمانتاران دەبوو ئەم ڕۆژ و ڕێکارانە بەکاربهێنن بۆ گۆڕینی بەڵێنەکانی بانگەشەیان بۆ کاری ڕاستەقینەی پەرلەمانی.

لە ڕووی چاودێریی حکومەتەوە، ماددەی (٥٨)ی پەیرەوی ناوخۆ ڕێگا دەدات هەر ئەندامێکی پەرلەمان پرسیاری نووسراو یان زارەکی ئاراستەی سەرۆکی حکومەت یان ئەندامانی کابینە بکات بۆ بەدواداچوون لە بابەتێکی دیاریکراو، و ماددەکانی (٥٩) تا (٦٥) ڕێکاری پرسیار و وەڵامدانەوە دیاری دەکەن. لەسەر ئەم بنەمایە، ئەگەر پەرلەمانتارێک لە بانگەشەدا بەڵێنی چارەسەری موچە، داهات، خزمەتگوزاری، گەندەڵی یان پڕۆژەیەکی گشتی دابێت، دەبوو پاش وەرگرتنی کورسی پرسیاری فەرمی ئاراستەی حکومەت بکات و داوای ژمارە، بەڵگە و ڕوونکردنەوە بکات.

بەپێی ماددەی (٦٦)ی پەیرەوی ناوخۆ، دە ئەندامی پەرلەمان دەتوانن داوای گفتوگۆی نێوان پەرلەمان و حکومەت بکەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی، و بەپێی ماددەی (٦٧) پاش گفتوگۆ، بابەتەکە دەتوانرێت بدرێت بە لیژنەی پەیوەندیدار بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت، پاشان پەرلەمان بڕیار یان ڕاسپاردەی گونجاو دەربکات. بۆیە بەڵێنەکانی بانگەشە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە ژیانی گشتیی خەڵکەوە هەیە، دەبوو بخرابانە چوارچێوەی گفتوگۆی پەرلەمان و حکومەت، ڕاپۆرتی لیژنە و بڕیاری پەرلەمانی.

لە ڕووی یاسادانانەوە، ماددەی (٧٧)ی پەیرەوی ناوخۆ دەڵێت یاسادانان بریتییە لە پەسەندکردنی یاسا و بڕیار، هەموارکردنی یاسا و بڕیارە کارپێکراوەکان، و جێبەجێکردن یان هەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسا فیدراڵییەکان. هەروەها ماددەکانی (٧٨) تا (٨٠) ڕێکاری پڕۆژە یاسا، پڕۆژە بڕیار و پێشنیاری یاسا و بڕیار دیاری دەکەن. بۆیە ئەو بەڵێنانەی پێویستیان بە گۆڕانکاریی یاسایی هەبوو، دەبوو وەک پێشنیاری یاسا، پێشنیاری بڕیار، هەمواری یاسا یان ڕاسپاردەی پەرلەمانی پێشکەش بکرابان.

گرنگە ڕوون بکرێتەوە کە بەڵێنی بانگەشە بەخۆی یاسا نییە و هەموو بەڵێنێک بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە ڕووی دادگاییەوە جێبەجێ ناکرێت. بەڵام لە ڕووی سیاسی، ئەخلاقی، پەرلەمانی و نوێنەرایەتییەوە، بەڵێنی بانگەشە ئەمانەتێکە لە نێوان دەنگدەر و نوێنەر. ئەگەر پەرلەمانتار دوای وەرگرتنی کورسی بەڵێنەکانی پشتگوێ بخات، ئەوا دەنگی هاوڵاتی لە ڕووی جەماوەرییەوە بێ نرخ دەکات و متمانەی خەڵک بە هەڵبژاردن و دامەزراوەکان لاواز دەبێت.

زەرورەتی ئەم خاڵە لەوەدایە کە دەنگی هاوڵاتی ئەمانەتە. هاوڵاتی کاتێک دەنگ دەدات، تەنها ناوی کەسێک هەڵنابژێرێت، بەڵکو بەرنامە، بەڵێن، ئومێد و ئاراستەیەک هەڵدەبژێرێت. ئەگەر ئەو بەڵێنانە دوای هەڵبژاردن تەنها وەک قسەی بانگەشە بمێننەوە، ئەوا پەیوەندیی نێوان دەنگدەر و نوێنەر پچڕ دەبێت، و هەڵبژاردن لە مانای نوێنەرایەتیی ڕاستەقینە دوور دەکەوێتەوە.

لە کۆتاییدا، پەرلەمانتاران دەبوو بەڵێنەکانی کاتی بانگەشەیان بگەڕێننەوە ناو کاری پەرلەمانی. ئەمەش بە دانیشتن، ئەجێندا، لیژنە، پرسیار، گفتوگۆ، ڕاپۆرت، پێشنیاری یاسا، پێشنیاری بڕیار، چاودێریی حکومەت و لە کاتی پێویستدا لێپرسینەوە دەکرێت. **بەڵێنێک کە لە کاتی بانگەشەدا دەدرێت، ئەگەر دوای وەرگرتنی کورسی نەبێتە کار، پڕۆژە، ڕاپۆرت یان بڕیار، ئەوا دەبێتە قسەیەکی بێ کاریگەر و زیان بە متمانەی گشتی و ڕەوایەتیی هەڵبژاردن دەگەیەنێت.**

بە کورتی:

> ئەمانە هەموو نیشانمان دەدەن کە کێشەکە تەنها کۆنەبوونەوەی پەرلەمان نییە. کێشەکە ئەوەیە کە زنجیرەیەکی تەواو لە ئەرکی یاسایی، چاودێری، دارایی و نیشتیمانی وەستاوە. دەستەی سەرۆکایەتی هەڵنەبژێردراوە، لیژنەکان پێکنەهاتوون، حکومەت متمانەی نوێی وەرنەگرتووە، بودجە بە شێوەی پەرلەمانی تاوتوێ نەکراوە، یاسا نوێیەکان و هەمواری یاساکان دواخراون، و پرسی موچە و پەیوەندییەکانی بەغدا بێ ئەو چاودێرییە دامەزراوەییەی پەرلەمان دەبوو پێشکەشی بکات، ماونەتەوە.

بۆیە دەتوانرێت بڵێین: قەیرانی ئێستای پەرلەمانی کوردستان قەیرانی کورسی نییە، قەیرانی کردارە. پەرلەمانتار سوێندی خواردووە، موچە و مافی خۆی وەرگرتووە، بەڵام ئەو کارەی دەبوو بەرامبەر دەنگی هاوڵاتی و سوێندی خۆی بکات، تا ئێستا بە شێوەی پێویست نەکراوە. ئەمەش لە کۆتاییدا تەنها زیان بە پەرلەمان ناگەیەنێت، بەڵکو زیان بە متمانەی خەڵک، بە یاسا، بە حکومەتداری و بە تەواوی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.

# هۆکارەکانی بایەخ نەدان بە کارابوونی پەرلەمان

کارانەبوونی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامی تاکە هۆکارێک نییە، بەڵکو دەرئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی، حیزبی، دامەزراوەیی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە پێکەوە پەرلەمانیان لە ناوەندی بڕیار و چاودێری دوور خستووەتەوە. پەرلەمان دەبێت یاسا دابنێت، چاودێری سیاسەت و کارگێڕی حکومەت بکات و پرسە گەورەکانی ڕۆژ تاوتوێ بکات، واتە پەرلەمان تەنها هۆڵی دانیشتن نییە، بەڵکو دامەزراوەی نوێنەرایەتی، چاودێری و یاسادانانە. کاتێک ئەم دامەزراوەیە کارا نابێت، بەشێکی سەرەکی لە سیستەمی حکومەتداری دەوەستێت.

## یەکەم: زاڵبوونی حیزب بەسەر دامەزراوەدا

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان ئەوەیە کە بڕیارە گەورەکان زۆرجار لە ناو پەرلەماندا دروست ناکرێن، بەڵکو لە بازنەی سەرکردایەتی حیزبەکاندا یەکلا دەکرێنەوە. لە دۆخی ئاساییدا، پەرلەمان دەبێت شوێنی ململانێی ئاشکرا، گفتوگۆی دامەزراوەیی و بڕیاری یاسایی بێت. بەڵام کاتێک حیزب لەسەر دامەزراوە زاڵ دەبێت، پەرلەمان دەبێتە شوێنی پشتڕاستکردنەوەی ئەوەی پێشتر لە دەرەوەی پەرلەماندا بڕیاری لەسەر دراوە. ئەمە کاراکردنی پەرلەمان لاواز دەکات، چونکە نوێنەرانی خەڵک لە بری ئەوەی بە ویستی دەنگدەران کار بکەن، زۆرجار ناچار دەبن بە پێی ڕێنمایی و هاوسەنگییە حیزبییەکان بجوڵێن.

بەڵگەی ئەم دۆخە لەوەدا دەبینرێت کە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی لە ژێر کاریگەری دوو حیزبی سەرەکی، پارتی و یەکێتی، بەڕێوە دەچێت. کە سیاسەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە زاڵکراوە، هەردووکیانیش هێزی ئاسایش و پێشمەرگەی جیاوازی خۆیان هەیە. ئەمە نیشانی دەدات کە کێشە تەنها کێشەی پەرلەمان نییە، بەڵکو کێشەی جیاوازی و هاوسەنگییە حیزبییەکانە لە ناو تەواوی سیستەمی دەسەڵاتدا.

## دووەم: ململانێی حیزبە سەرەکییەکان لەسەر دەسەڵات و پۆست

هۆکاری دووەم، ململانێی سەختی حیزبە سەرەکییەکانە لەسەر دەسەڵات، پۆستەکان، داهات، ناوچەی نفوز، ئاسایش و پێشمەرگە. هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمان لە ٢٠٢٤/١٠/٢٠دا کرا، بەڵام تا ئێستاش ئەنجامەکانی نەبوونەتە بنەمایەک بۆ کاراکردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت. کە پێشتریس لە بنەڕەتدا لە ٢٠٢٢دا پێشبینی کرابوو و بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی چەند جار دواخرا، هەروەها چاوەڕوان دەکرا ناکۆکییەکان پێکهێنانی حکومەتی نوێ قورس بکەن.

زیانی ئەم ململانێیە ئەوەیە کە پەرلەمان دەکەوێتە دواوە. کاتێک حیزبەکان لەسەر پۆست و پشک و هاوسەنگی ڕێکناکەون، دامەزراوەی پەرلەمانیش بێکار دەبێت. ئەمە بە مانای ئەوەیە کە نوێنەرایەتی خەڵک دەکرێتە بارمتە لە دەستی ڕێککەوتنی حیزبی. لە سیستەمی دیموکراسیدا، ناکۆکی سیاسی ئاساییە، بەڵام ناکۆکی نابێت ببێتە هۆکاری وەستاندنی دامەزراوەیەک کە بەرپرسیارە لە یاسادانان، چاودێری و متمانەدان بە حکومەت.

## سێیەم: پەرلەمانی کارا هەڕەشەیە بۆ حکومەتداریی بێ چاودێری

پەرلەمانێکی کارا بە سروشتی خۆی دەسەڵات دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەگەر پەرلەمان کارا بێت، وەزیر بانگ دەکرێت، بودجە دەپشکنرێت، گرێبەست و داهات و خەرجییەکان ڕوون دەکرێنەوە، لیژنەکان ڕاپۆرت دەنووسن، پرسیاری گشتی دەکرێت و حکومەت ناچار دەبێت وەڵام بداتەوە. بۆیە لە دیدی دەسەڵاتێک کە بە چاودێری ڕانەهاتووە، پەرلەمانێکی بەهێز و کارا دەبێتە هەڕەشە، نەک هاوبەشێکی دامەزراوەیی.

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بە ڕوونی میکانیزمەکانی چاودێری دیاری کردووە. پەرلەمان دەتوانێت گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت بکات، پرسیار بکات، لێپرسینەوە بکات و تەنانەت پرسی متمانەسەندن بهێنێتە ئاراوە. لە ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە کە پەرلەمان دەتوانێت سەرۆک وەزیران و ئەندامانی کابینە بخاتە ژێر لێپرسینەوە، و میکانیزمی متمانەسەندنیش هەیە. هەروەها ماددەی (٧٦) دەڵێت چاودێریی پەرلەمان سەرۆک وەزیران، ئەندامانی کابینە، سەرۆکانی کۆمسیۆنەکان و دەستە سەربەخۆکانیش دەگرێتەوە.

**لێرەدا زەرورەتی پەرلەمانێکی کارا زۆر ڕوونە: بێ پەرلەمان، حکومەت بێ چاودێری دەبێت؛ بێ چاودێری، بڕیارەکان لە تاریکیدا دەمێننەوە؛ بێ لێپرسینەوە، پێشێلکارییەکان بە ئاسانی دەبنە شێوەی کارکردن.**

## چوارەم: بەکارهێنانی دەسەڵات و ئیمتیازە گشتییەکان بۆ بەهێزکردنی وەفاداریی حیزبی

هۆکاری چوارەم ئەوەیە کە بەشێکی گەورەی ژیانی سیاسی و کارگێڕی لە هەرێم لە ڕێگەی سیستەمی پاترۆناژ[11] و پەیوەندیی حیزبییەوە بەڕێوە دەچێت. واتە دەرفەتی کار، پۆست، گرێبەست، پاراستن، و تەنانەت هەندێک شوێنی ئاسایش و هێزی چەکدار، زۆرجار بە پەیوەندی سیاسی و حیزبی پێوە گرێ دەدرێن. لە دۆخێکی وادا، دامەزراوەکان لاواز دەبن، چونکە مافی هاوڵاتی و شایستەیی و یاسا لە پێش پەیوەندیی حیزبی ناوەستێن.

١١- پاترۆناژ واتە سیستەمێک کە تێیدا کەسێک یان حیزبێک بە بەکارهێنانی دەسەڵات، کار، موچە، پلە، پارە، خزمەتگوزاری یان ئیمتیاز دەدات بە کەسانی نزیک بە خۆی، بۆ ئەوەی پشتگیری سیاسی، دەنگ، وەفاداری یان ملکەچی بەدەست بهێنێت.

بەپێی بەدواداچوونەکان ڕێکخستنی سیاسی پاش ٢٠٠٣ لە هەرێمی کوردستان لەسەر سیستەمی پاترۆناژی دوو حیزبی بنیات نراوە، ئەمەش دامەزراوەییکردنی کارگێڕی و ئاسایشی هاوبەش لاواز دەکات. بەمەش کاری گشتی، دەستگەیشتن بە گرێبەستی حکومەت و پۆست لە هێزە ئاسایشییەکان زۆرجار لە ڕێگەی کەناڵە حیزبییەکانەوە بەڕێوە دەچن.

ئەمە بۆ پەرلەمان زیانێکی دوو قات دروست دەکات. یەکەم، پەرلەمانتارەکان ئازاد نابن چونکە پەیوەندیی حیزبی و بەرژەوەندییەکانی پشتەوە فشار لەسەر بڕیارەکانیان دەکات. دووەم، هاوڵاتی هەست دەکات ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکانی لە دامەزراوەکاندا نییە، بەڵکو لە پەیوەندیی حیزبی و کەسی دایە. ئەمەش متمانە بە پەرلەمان و یاسا لاواز دەکات.

## پێنجەم: نەبوونی کلتووری لێپرسینەوە

هۆکاری پێنجەم نەبوونی کلتوورێکی بەهێزی لێپرسینەوەیە. لە هەندێک بارودۆخدا، پرسیارکردن لە حکومەت و دەسەڵات وەک هێرش، دژایەتی یان لاوازکردنی یەکگرتوویی نیشان دەدرێت. بەڵام لە ڕاستیدا، پرسیارکردن لە حکومەت نە هێرشە و نە خیانەتە، بەڵکو بنەمای دیموکراسی و پاراستنی بەرژەوەندی گشتییە. پەرلەمانی بێ پرسیار، واتە حکومەتی بێ چاودێری.

پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، پرسیار، گفتوگۆ و لێپرسینەوە وەک ئامرازە یاساییەکان دیاری کردووە. بۆ نموونە، ماددەی (٦٦) ڕێگە دەدات بە داواکردنی گفتوگۆی نێوان پەرلەمان و حکومەت بۆ بەرژەوەندی گشتی، و ماددەکانی (٦٨) و (٦٩) میکانیزمی لێپرسینەوەی سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان دیاری دەکەن. ئەمە واتای ئەوەیە کە لێپرسینەوە کارێکی سیاسیی شەڕانگێز نییە، بەڵکو ڕێکاری یاسایی و پەرلەمانییە.

کاتێک ئەم کلتوورە نەبێت، پەرلەمانتار خۆی سانسۆر دەکات، لیژنەکان بێدەنگ دەبن، حکومەت وەڵام ناداتەوە، و خەڵکیش هەست دەکات هیچ دامەزراوەیەک نییە بە ناوی ئەوەوە پرسیار بکات. ئەمە یەکێکە لە مەترسیدارترین جۆرەکانی لاوازبوونی دیموکراسی، چونکە لە دەرەوە هەموو شتێک فەرمی دەردەکەوێت، بەڵام لە ناوەوە ڕۆڵی چاودێری لە کار دەکەوێت.

## شەشەم: دابەشبوونی ئاسایش و پێشمەرگە بەسەر نفوزی حیزبی

هۆکارێکی گرنگی تر، دابەشبوونی هێزی ئاسایش و پێشمەرگەیە بەسەر نفوزی حیزبی. ئەمە ڕاستەوخۆ پەرلەمان لاواز دەکات، چونکە پەرلەمانێکی کارا دەبێت بتوانێت لەسەر ئاسایش، پێشمەرگە، بودجەی هێزەکان، چاکسازی و یەکخستنی دامەزراوە ئەمنییەکان پرسیار بکات. بەڵام کاتێک هێزەکان خۆیان بەشێک لە هاوسەنگی حیزبی بن، چاودێری پەرلەمانی دەبێتە بابەتێکی هەستیار.

بەهۆی کاریگەری سیاسەتی حیزبییەوە هێزە سەرەکییەکانی ئاسایش لە هەرێم، پێشمەرگە، ئاسایش و پۆلیس، بە تەواوی یەکگرتوو نین. هەروەها پارتی و یەکێتی هەر یەکەو سیستەمی ئاسایشی خۆیان هەیە، و زۆر یەکەی پێشمەرگە و پۆلیس و ئاسایش بە یەکێک لەو دوو حیزبەوە پەیوەستن.

ئەم دابەشبوونە وا دەکات پەرلەمان لە پرسە ئەمنی و سەربازییەکاندا ڕۆڵی تەواوی خۆی نەبینێت. لە کاتێکدا پەرلەمان دەبوو شوێنی بڕیاری گشتی و چاودێری لەسەر ئەم بابەتانە بێت، بەڵام دابەشبوونی حیزبی وای کردووە زۆر جار ئەم پرسانە لە بازنەی داخراوی حیزبی و ئەمنی بمێننەوە.

## حەوتەم: قەیرانی ئابووری و پرسی موچە و بودجە

هۆکاری ئابووریش ڕۆڵی گەورەی هەیە. پرسی موچە، بودجە، داهات، نەوت و پەیوەندییە داراییەکانی بەغدا بە هەولێر ماوەیەکی زۆرە بوونەتە ناوەندی قەیران. لە دۆخێکی وادا، پەرلەمان دەبوو ناوەندی ڕوونکردنەوە و چاودێری بێت، بەڵام لەکردەوەدا زۆر جار ئەم پرسانە لە نێوان حکومەت، بەغدا و حیزبەکاندا بەڕێوە دەچن، نەک لە ناو دانیشتن و لیژنەی پەرلەمانییدا.

ئەگەر پەرلەمان کارا بوایە، پرسی موچە دەبوو بە ژمارە، ڕاپۆرت، لێپرسینەوە و بڕیار مامەڵەی لەگەڵ بکرایە. بەڵام کاتێک پەرلەمان کارا نییە، هاوڵاتی دەبینێت پرسی ژیانی ڕۆژانەی، واتە موچە و نان و کرێ و خزمەتگوزاری، بێ دەنگی دامەزراوەی نوێنەرایەتی دەمێنێتەوە.

## هەشتەم: چەقبەستوویی دۆخی دوای هەڵبژاردن و درێژبوونەوەی حکومەتی کاربەڕێکەر

هۆکارێکی تر ئەوەیە کە هەڵبژاردن کراوە، بەڵام ئەنجامەکە نەبووەتە دامەزراوەی کارا. لە ٢٠٢٤/١٢/٢دا پەرلەمان دانیشتنی یەکەمی خولی شەشەمی کرد، ئەندامان سوێندیان خوارد، پاشان بڕیار بوو پۆستەکانی سەرۆک، جێگری سەرۆک و سکرتێر بخرێنە بەر دەنگدان، بەڵام بەهۆی نەبوونی ژمارەی یاسایی دانیشتن دواخرا. ئەمە بەڵگەی فەرمییە کە قەیرانەکە لە یەکەم هەنگاوەکانی پاش سوێندخواردندا دەستی پێکرد.

دواخستنی پێکهێنانی حکومەتی هەرێم دوای هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٤ قەیرانی یاسایی، ئابووری و سیاسی دروست کردووە و ماوەی حکومەتی کاربەڕێکەری درێژ کردووەتەوە، ئەمەش ڕەوایی و سەنگی بڕیارەکانی لە ئاستی فیدرالیدا لاوازتر کردووە.

ئەمە زۆر گرنگە، چونکە حکومەتی کاربەڕێکەر نابێت ببێتە بارودۆخی ئاسایی. هەڵبژاردن دەبێت بگاتە پەرلەمان، پەرلەمان دەبێت بگاتە دەستەی سەرۆکایەتی، ئەو دەبێت بگاتە پێکهێنانی حکومەت، و حکومەت دەبێت بگەڕێتە ژێر چاودێری پەرلەمان. ئەگەر ئەم زنجیرەیە بپچڕێت، هەموو سیستەمەکە لە جێی خۆی دەوەستێت.

به كورتی:

هۆكارەكانی بایەخ نەدان بە كارابوونی پەرلەمان لە چەند خاڵێكدا كۆ دەبنەوە: زاڵبوونی حیزب بەسەر دامەزراوە، ململانێی پارتی و یەكێتی لەسەر دەسەڵات و پۆست، ترس لە چاودێری پەرلەمانی، سیستەمی پاترۆناژ، نەبوونی كلتووری لێپرسینەوە، دابەشبوونی هێزە ئاسایشییەكان، قەیرانی ئابووری و چەقبەستوویی ی دوای هەڵبژاردن.

بۆیە قەیرانەكە تەنها ئەوە نییە كە پەرلەمان دانانیشێت. بەڵكو ئەوەیە كە ئەو دامەزراوەیەی دەبوو بڕیارەكان لە تاریكی دەربهێنێت، حكومەت بخاتە ژێر پرسیارەوە، موچە و بودجە بخاتە ژێر چاودێری، یاسا دابنێت و مافی هاوڵاتیان بپارێزێت، خۆی خراوەتە ژێر سایەی ململانێی حیزبی و بەرژەوەندی سیاسی.

**پەرلەمانێكی كارا دەبێت بتوانێت حكومەت بخاتە ژێر پرسیار، نەک حكومەت و حیزبەكان پەرلەمان بخەنە ژێر سایەی خۆیان.**

## نرخی کارانەبوونی پەرلەمان لەسەر هاوڵاتیان، موچە، بودجە و شەفافیەت

کارانەبوونی پەرلەمان تەنها کێشەیەکی ناوخۆی هۆڵی پەرلەمان نییە، بەڵکو دۆخێکە کە ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو ماڵی هاوڵاتیان، ناو بازاڕ، قوتابخانە، نەخۆشخانە، فەرمانگە و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک. کاتێک پەرلەمان بێدەنگ یان پەککەوتوو دەبێت، ئەو بێدەنگییە تەنها بۆشاییەکی سیاسی دروست ناکات، بەڵکو بۆشاییەکی دارایی، یاسایی، خزمەتگوزاری، کۆمەڵایەتی و دەروونی لە ناو کۆمەڵگادا دروست دەکات.

پەرلەمان لە سیستەمێکی دیموکراتیدا دەبێت شوێنی گۆڕینی دەنگی هاوڵاتی بۆ یاسا، بڕیار، چاودێری و لێپرسینەوە بێت. بەڵام کاتێک پەرلەمان کارا نییە، هاوڵاتیان لە خاوەنی بڕیارەوە دەبنە بینەری بێدەنگی ململانێی سیاسی. لەو دۆخەدا، پرسی موچە، بودجە، داهات، خزمەتگوزاری و شەفافیەت لە چوارچێوەی ڕاپۆرت و بڕیاری پەرلەمانی دەردەچن و دەبنە بابەتی لێدوان، چاوەڕوانی و گفتوگۆی سیاسی.

### یەکەم: موچە لە مافێکی یاساییەوە دەبێتە دڵەڕاوکێی ڕۆژانە

موچە تەنها ژمارەیەک نییە لە لیستی دارایی حکومەتدا. موچە کرێی خانووە، نانی خێزانە، قوتابخانەی منداڵە، دەرمانی نەخۆشە، قەرزی بازاڕە و کەرامەتی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتییە. بۆیە دواکەوتنی موچە تەنها فەرمانبەر زیانمەند ناکات، بەڵکو هەموو بازنەی ژیانی کۆمەڵگا دەخاتە ژێر فشار.

کاتێک پەرلەمان کارا نییە، پرسی موچە بە شێوەیەکی بەهێز، یاسایی و دامەزراوەیی بەدواداچوونی بۆ ناکرێت. فەرمانبەر، مامۆستا، پزیشک، پێشمەرگە، خانەنشین و خێزانەکانیان هەموو مانگێک دەکەونە ناو دڵەڕاوکێی ئەوەی موچە دێت یان نا، کەی دێت، بە تەواوی دێت یان بەشێکی دێت. ئەمە موچە لە مافێکی پارێزراو دەگۆڕێت بۆ چاوەڕوانییەکی نادڵنیا.

پەرلەمان دەبوو پرسی موچە بکاتە کاری لە پێشینەی خۆی. دەبوو وەزیری دارایی، سەرۆکی حکومەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بانگ بکرێن و ئەم پرسیارانە بە شێوەیەکی ئاشکرا بخرێنە بەردەم خەڵک: پێویستی مانگانەی موچە چەندە؟ داهاتی ناوخۆ چەندە؟ پارەی نێردراو لە بەغدا چەندە؟ کەمبوونەوەکە چەندە؟ بۆچی موچە دوا دەکەوێت؟ کێ بەرپرسیارە؟ چ میکانیزمێکی یاسایی هەیە بۆ ئەوەی موچە لە ململانێی سیاسی دوور بخرێتەوە؟

زەرورەتی ئەم بەدواداچوونە لەوەدایە کە موچە نابێت ببێتە کەرەستەی فشار و گفتوگۆی سیاسی. موچە مافی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتییە، نەک بەخشینی حکومەت یان ئەنجامی ڕێککەوتنی کاتی.

## دووەم: بودجە بۆ پەرلەمان دەبێتە فایلێکی تاریك

بودجە یاسای بەڕێوەبردنی پارەی گشتییە. بودجە دەڵێت داهات لە کوێوە دێت، پارە بۆ کوێ دەچێت، ئەولەویەتەکانی حکومەت چین، چ خزمەتگوزارییەک پێش دەخرێت و چ خەرجییەک دەبێت چاودێری بکرێت. بێ بودجەی پەسەندکراو و شەفاف، پارەی گشتی دەکەوێتە ناو ناڕوونی، و هاوڵاتی نازانێت پارەی هەرێم چۆن بەڕێوە دەبرێت.

بەپێی ماددەی (٩٨)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، کابینە دەبێت پرۆژەی بودجە لە سەرەتای تشرینی یەکەمی هەر ساڵێکدا، پێش دەستپێکی ساڵی دارایی، پێشکەشی پەرلەمان بکات. هەروەها حساباتی کۆتایی ساڵی ڕابردوو دەبێت لە سەرەتای نیساندا پێشکەش بکرێت. ئەگەر بودجە یان حساباتی کۆتایی لە کاتی دیاریکراودا پێشکەش نەکرێت، پەرلەمان دەبێت داوای ڕوونکردنەوە لە وەزیری دارایی بکات.

هەروەها ماددەکانی (٩٩) تا (١٠٢)ی پەیرەوی ناوخۆ ڕێکاری تاوتوێکردنی بودجە دیاری دەکەن. بەپێی ئەم ڕێکارانە، پرۆژەی بودجە دەبێت بدرێتە لیژنەی دارایی و ئابووری و ئەندامانی پەرلەمان، لیژنەکان دەبێت تێبینییەکانیان لەسەر بەشە پەیوەندیدارەکانی بودجە پێشکەش بکەن، لیژنەی دارایی ڕاپۆرتی کۆتایی ئامادە بکات؛ دواتر گفتوگۆی پەرلەمانی لەسەر بودجە دەست پێ بکات.

ئەمە نیشان دەدات بودجە تەنها کارێکی وەزارەتی دارایی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی پەرلەمانی، یاسایی و شەفافە. بودجە پەیوەندی بە خوێندن، تەندروستی، کارەبا، ئاو، ڕێگاوبان، پێشمەرگە، خانەنشینان، فەرمانبەران، پرۆژەکان و هەموو خزمەتگوزارییەکانەوە هەیە. بۆیە هەر لیژنەیەک دەبێت لە چوارچێوەی پسپۆڕی خۆیدا تێبینی، ڕاپۆرت و ڕاسپاردەی هەبێت.

## سێیەم: شەفافیەت لە داهات و خەرجیدا دەبێت بنەمای متمانە بێت

شەفافیەت واتە هاوڵاتی و نوێنەرانی هاوڵاتیان بزانن داهات چەندە، خەرجی چەندە، کەمبوونەوە چەندە، قەرز چەندە، پرۆژەکان چۆن خەرج دەکرێن و موچەکان بۆچی دوا دەکەون. کاتێک بودجەی پەسەندکراو نییە و پەرلەمانیش چاودێری ناکات، ئەم زانیارییانە یان نائاشکرا دەبن، یان پارچە پارچە دەردەکەون، یان دەبنە ماددەی ناکۆکی سیاسی.

بەپێی ماددەی (١٠٤)ی پەیرەوی ناوخۆ، وەزیری پەیوەندیدار دەبێت ڕاپۆرتی حکومەت لەسەر بودجە پێشکەش بکات و لیژنەی دارایی و ئابووری ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنە پەرلەمانییەکان بخاتە ڕوو. پاشان بودجە

دەبێت بە گشتی و دواتر بە بەشبەش گفتوگۆی لەسەر بکرێت. ئەمە مانای ئەوەیە کە شەفافیەت تەنها داوایەکی سیاسی نییە، بەڵکو ڕێکارێکی یاساییە کە پەیرەوی ناوخۆ پێشبینی کردووە.

لە نەبوونی ئەم شەفافیەتەدا، هاوڵاتی تەنها ئەوە نابینێت کە موچەی دوا دەکەوێت، بەڵکو نازانێت بۆچی دوا دەکەوێت. نازانێت پارە هەیە یان نا، نازانێت داهات لە کوێیە، نازانێت خەرجی بۆ کوێ دەچێت، نازانێت کێ بەرپرسیارە. ئەم نەزانینە متمانە دەکوژێت و قەیرانی دارایی دەگۆڕێت بۆ قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

## چوارەم: پەرلەمان دەبوو حکومەت بخاتە ژێر پرسیار و لێپرسینەوە

بەپێی ماددەی (٢)ی پەیرەوی ناوخۆ، پەرلەمان دەسەڵاتی باڵای یاسادانان و چاودێرییە لە هەرێمدا. واتە پەرلەمان نابێت لە پرسی موچە، بودجە، داهات و خەرجیدا تەنها بینەر بێت. ئەم پرسانە لە ناوەڕۆکی ئەرکی پەرلەماندان، چونکە پەیوەندییان بە ژیانی هاوڵاتیان و پارەی گشتییەوە هەیە.

بەپێی ماددەکانی (٤٠) تا (٤٢)ی پەیرەوی ناوخۆ، لیژنە هەمیشەییەکان دەتوانن بەرپرسان، وەزیران، کارمەندانی باڵا، پسپۆڕان و کەسانی پەیوەندیدار بانگ بکەن، لێکۆڵینەوە بکەن و داوای ڕوونکردنەوە لە حکومەت بکەن. لەسەر ئەم بنەمایە، لیژنەی دارایی، لیژنەی یاسایی و لیژنە پەیوەندیدارەکان دەبوو بە شێوەیەکی فەرمی بەدواداچوون بۆ پرسی موچە، بودجە و داهات بکەن.

بەپێی ماددەی (٥٨)ی پەیرەوی ناوخۆ، هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەتوانێت پرسیاری نووسراو یان زارەکی ئاراستەی سەرۆکی حکومەت یان ئەندامانی کابینە بکات. هەروەها ماددەکانی (٥٩) تا (٦٥) ڕێکاری پرسیار و وەڵامدانەوە دیاری دەکەن. بۆیە پەرلەمان دەبوو بە پرسیاری فەرمی داوای ژمارە و بەڵگە بکات، نەک تەنها پەیوەست بێت بە لێدوانی سیاسی. پرسی موچە و بودجە بە ڕوونی دەکەونە ناو بەرژەوەندیی گشتی، بۆیە دەبوو لە دانیشتنی تایبەت و گفتوگۆی فەرمیی پەرلەمان و حکومەتدا بخرابانە ڕوو.

ئەگەر پرسیار و گفتوگۆ و ڕاپۆرت بەس نەبوون، پەرلەمان دەبوو ڕێکاری لێپرسینەوە بەکاربهێنێت. ماددەکانی (٦٨) تا (٧٠)ی پەیرەوی ناوخۆ ڕێکاری لێپرسینەوە لە سەرۆکی حکومەت یان ئەندامانی کابینە دیاری دەکەن. ئەم ڕێکارە دەبوو لە کاتی بەردەوامبوونی دواکەوتنی موچە، نادیاری داهات، نەبوونی بودجە و نەبوونی حساباتی کۆتاییدا بخرابایەتە کار.

## پێنجەم: ماددەی ١٠٩ چارەسەری کاتییە، نەك بەدیلێکی هەمیشەیی بۆ بودجە

پەیرەوی ناوخۆ لە ماددەی (١٠٩)دا باس لەوە دەکات کە ئەگەر پێشکەشکردنی بودجە دواکەوت، بەهۆکاری دەرەوەی ویستی حکومەت، دەتوانرێت بە شێوەی ١ لەسەر ١٢ی خەرجییەکانی ساڵی پێشوو بۆ هەر مانگێکی

دواکەوتن خەرج بکرێت. ئەمە ڕێکارێکی کاتییە بۆ ئەوەی دامەزراوەکان نەوەستن، بەڵام نابێت ببێتە شێوەی بەردەوامی بەڕێوەبردنی دارایی.

بەڕێوەبردنی درێژخایەن بە ١٢/١ واتە بەڕێوەبردنی دارایی گشتی بە ڕێکاری کاتی، نەک بە پلانی دارایی، پرۆژەی شەفاف و بودجەی پەسەندکراو. بودجەی تەواو ئەولەویەت دیاری دەکات، پرۆژە دەستنیشان دەکات، کەمبوونەوە دەردەخات، خەرجییەکان ڕێکدەخات و حساباتی کۆتایی دەخاتە بەردەم پەرلەمان. بۆیە ماددەی (١٠٩) نابێت ببێتە پاساو بۆ ئەوەی بودجە بەردەوام پەسەند نەکرێت.

## شەشەم: خزمەتگوزارییەکان و بازاڕ زیان دەبینن

دواکەوتنی موچە و نەبوونی بودجەی شەفاف تەنها فەرمانبەران زیانمەند ناکات، بەڵکو بازاڕیش دەخنکێنێت. کاتێک موچە دوا دەکەوێت، کڕین کەم دەبێت، دوکان و کارگە و پرۆژەی بچووک زیان دەبینن، قەرز زیاد دەبێت، و هاوڵاتی خەرجییەکانی تەنها لە پێویستییە بنەڕەتییەکاندا کورت دەکاتەوە.

ئەمە دواجار دەبێتە بازنەیەکی داخراو: موچە دوا دەکەوێت، کڕین کەم دەبێت، بازاڕ لاواز دەبێت، بێکاری زیاد دەبێت، داهاتی خێزان کەم دەبێت، فشار لەسەر خەڵک زیاتر دەبێت. پەرلەمانێکی کارا دەبوو ئەم بازنەیە بشکێنێت بە چاودێریی دارایی، پەسەندکردنی بودجە، لێپرسینەوە، داواکردنی ڕاپۆرت و دەرخستنی پلانی ئابووری.

هەروەها خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی، خوێندن، ئاو، کارەبا، شارەوانی و ڕێگاوبان پێویستیان بە بودجە، یاسا، چاودێری و بڕیاری بەردەوام هەیە. کاتێک پەرلەمان کارا نییە، کێشەکانی نەخۆشخانەکان، کەمبوونی دەرمان، بارودۆخی مامۆستایان، قوتابخانەکان، زانکۆکان و خەرجییەکانی خوێندن بە شێوەیەکی جدی ناخرێنە ژێر فشار و چاودێری.

## حەوتەم: یاسا بێ جێبەجێکردن دەبێتە دەقێکی بێ کاریگەر

یاسا ئەگەر جێبەجێ نەکرێت و پەرلەمانیش بەدواداچوونی بۆ نەکات، یاسا لە ئامرازی دادپەروەری دەگۆڕێت بۆ دەقێکی بێ کاریگەر. هاوڵاتی کاتێک دەبینێت یاسا هەیە، بەڵام جێبەجێ ناکرێت، بڕیار هەیە، بەڵام پابەندی پێوە نییە، دامەزراوە هەیە، بەڵام کارا نییە، بە شێوەیەکی سروشتی متمانەی بە یاسا لاواز دەبێت.

ئەمە لە درێژماوەدا مەترسیدارە، چونکە کاتێک خەڵک متمانەی بە یاسا نامێنێت، ڕێگای یاسایی جێگەی خۆی دەدات بە پەیوەندیی حیزبی، پەیوەندیی کەسی، فشاری کۆمەڵایەتی یان نارەزایی شەقام. ئەو کاتە یاسا لە شوێنی ئەوەی هاوڵاتی بپارێزێت، دەبێتە شتێک کە خەڵک پێی بێهیوایە.

## هەشتەم: هەڵبژاردن لە ڕێگای گۆڕانکارییەوە دەبێتە ڕێوڕەسم

هەڵبژاردن دەبێت ڕێگای گۆڕانکاری بێت. هاوڵاتی دەنگ دەدات چونکە باوەڕی وایە دەنگەکەی دەتوانێت پەرلەمان، حکومەت، سیاسەت و ڕۆژانی داهاتوو بگۆڕێت. بەڵام کاتێک هەڵبژاردن دەکرێت و پاشان پەرلەمان کارا نابێت، دەستەی سەرۆکایەتی هەڵنابژێردرێت، لیژنەکان پێک نایەن و کابینەی نوێ متمانە وەرناگرێت، هاوڵاتی هەست دەکات دەنگی بەکار هاتووە، بەڵام نوێنەرایەتی نەکراوە.

لە سیستەمێکی دیموکراتیدا، هاوڵاتی خاوەنی سەرچاوەی ڕەواییە. پەرلەمان دەبێت ئەو شوێنە بێت کە دەنگی خەڵک لەوێدا دەبێتە بڕیار، یاسا و چاودێری. بەڵام کاتێک پەرلەمان کارا نییە، هاوڵاتی لە خاوەنی بڕیارەوە دەبێتە بینەری بێدەنگی ململانێی حیزبی.

ئەم هەستە متمانەی خەڵک بە هەڵبژاردن و دامەزراوەکان لاواز دەکات. خەڵک هەست دەکات لە کاتی هەڵبژاردندا گرنگە، بەڵام پاش هەڵبژاردن پشتگوێ دەخرێت. لە کاتی بانگەشەدا داواکارییەکانی دەبیسترێت، بەڵام پاش دابەشکردنی پۆست و کورسی، پرسی موچە، خزمەتگوزاری، یاسا و دادپەروەرییەکانی دەکەونە دواوە.

## نۆیەم: گەنجان و هەستی بێهیوایی

گەنجان یەکەم قوربانیی سیاسیی بێ ئەنجامن. کاتێک دەبینن هەڵبژاردن گۆڕانکاری دروستناکات، پەرلەمان کارا نابێت، کار دەستنەکەوتووە، موچە نادڵنیا، و پۆست و دەرفەت زۆرجار بە پەیوەندیی سیاسی پەیوەستە، هەستی بێهیوایی و دابڕان لە وڵات زیاد دەبێت.

ئەمە دەتوانێت دوو دەرئەنجامی مەترسیدار دروست بکات: یان گەنجان لە سیاسەت دوور دەکەونەوە و دەڵێن هیچ شتێک ناگۆڕێت، یان ڕێگای دەرچوون و کۆچکردن و هەڵهاتن لە داهاتووی خۆیان دەبینن. هەردووکیان زیانە بۆ هەرێم، چونکە کۆمەڵگا بێ بەشداریی گەنجان و بێ باوەڕی گەنجان ناتوانێت نوێ ببێتەوە.

## دەیەم: جیاوازی نێوان پەرلەمانتار و هاوڵاتی قووڵتر دەبێت

کاتێک پەرلەمانتار بەبێ بەجێگەیاندنی ئەرکی یاسادانان و چاودێری، موچە و مافە داراییەکانی خۆی وەردەگرێت، بەڵام هاوڵاتی فەرمانبەر چاوەڕوانی موچەی دواخراو دەکات، هەستێکی قووڵی نادادپەروەری دروست دەبێت. ئەمە زەبرێکی گەورەیە لە متمانەی جەماوەری، چونکە خەڵک دەبینێت ئەوانەی دەبوو نوێنەرایەتییان بکەن، لە قەیرانیاندا هاوبەشی ڕاستەقینەیان نین.

ئەم دۆخە پرسیارێکی ڕەوا لە دیدی هاوڵاتیاندا دروست دەکات: ئەگەر هاوڵاتی بەهۆی قەیرانەوە زیان دەبینێت، بۆچی نوێنەرەکەی لە هەمان ئاستی بەرپرسیاری و لێپرسینەوەدا نییە؟ ئەمە پەیوەندی نێوان نوێنەر و دەنگدەر لاواز دەکات و متمانەی خەڵک بە پەرلەمان دەخاتە ژێر مەترسی.

بە کورتی،

نرخی کارانەبوونی پەرلەمان تەنها سیاسی نییە. ئەم دۆخە موچە لە مافێکی یاساییەوە دەگۆڕێت بۆ دڵەڕاوکێی مانگانە، بودجە لە یاسای شەفافەوە دەگۆڕێت بۆ فایلێکی نائاشکرا، حکومەت لە دەسەڵاتێکی چاودێریکراوەوە دەگۆڕێت بۆ دەسەڵاتێکی بێ لێپرسینەوە، یاسا لە ئامرازی دادپەروەریەوە دەگۆڕێت بۆ دەقێکی بێ کاریگەر، هەڵبژاردن لە ڕێگای گۆڕانکاریەوە دەگۆڕێت بۆ ڕێوڕەسمێکی سیاسی، و هاوڵاتی لە خاوەنی بڕیارەوە دەگۆڕێت بۆ بینەری بێدەنگ.

لە کۆتاییدا، نرخی ئەم دۆخە تەنها پارە نییە، بەڵکو متمانەیە. متمانە بە پەرلەمان، بە یاسا، بە هەڵبژاردن، بە حکومەت، بە بڕیار و بە داهاتووی هەرێم. ئەگەر ئەم متمانەیە بشکێت، گەڕاندنەوەی زۆر قورسترە لە پێکهێنانی کابینە یان کردنەوەی دانیشتنێکی پەرلەمان. چونکە دامەزراوەکان بە دیوار و کورسی و ناونیشان ناژین، بەڵکو بە متمانەی خەڵک دەژین.

بۆیە دەتوانرێت بڵێین:

بێ پەرلەمانی کارا، هاوڵاتیان تەنها خزمەتگوزاریی لاواز نابینن، بەڵکو هەست بە لاوازبوونی خۆیان لە ناو سیستەمی سیاسی دەکەن. ئەمەش گەورەترین نرخی ئەم قەیرانەیە.

ئەگەر بۆشایی کارا نەبوونی پەرلەمان درێژە بکێشێت و بەردەوام بێت، دەتوانێت ببێتە دەروازەیەکی یاسایی، سیاسی، دادگایی، دارایی و هەڵبژاردنی بۆ ئەوەی دەسەڵات و کاریگەریی دامەزراوە فیدراڵییەکان لەسەر کاروباری هەرێم زیاد ببێت. لە ڕووی دەستوورییەوە، هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی ناسراوە، و دەستووری عێراق مافی دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریی بۆ هەرێمەکان داناوە، جگە لەو بوارانەی بە تایبەتی لە دەسەڵاتی تایبەتی فیدراڵدان. بەڵام ئەگەر دامەزراوەکانی هەرێم، بەتایبەتی پەرلەمان، پەک بکەون، ئەو مافە لە ڕووی کرداری و سیاسییەوە لاواز دەبێت.

دەستووری عێراق لە ماددەی (١١٧)دا هەرێمی کوردستان، لەگەڵ دەسەڵاتە هەبووەکانی، وەک هەرێمێکی فیدراڵی دەناسێت. ماددەی (١٢١)یش دەڵێت هەرێمەکان مافی بەکارهێنانی دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەرییان هەیە، جگە لەو دەسەڵاتانەی تایبەتن بە حکومەتی فیدراڵ. ئەمە بنەمای یاسایی بەڕێوەبردنی هەرێمە. بەڵام ئەم بنەمایە پێویستی بە دامەزراوەی کارا هەیە. واتە هەرێم نابێت تەنها بە ناوی "هەرێمی فیدراڵی" خۆی بپارێزێت، بەڵکو دەبێت پەرلەمان، حکومەت، دادگا، کۆمسیۆن، دەستە سەربەخۆکان و میکانیزمی چاودێریی خۆی بە شێوەیەکی کارا ڕابگرێت.

لە بەرامبەردا، دەستووریش بەغدا و دامەزراوە فیدراڵییەکان بەهێز دەکات لە هەندێک بواردا. ماددەی (١١٠) دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵ دەستنیشان دەکات، وەک سیاسەتی دارایی و گومرگی، بودجەی گشتیی وڵات، سیاسەتی پارە، بانکی ناوەندی، سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی و پەیوەندییە دەرەکییەکان. هەروەها ماددەی (١١١) دەڵێت نەوت و گاز موڵکی هەموو گەلی عێراقە، و ماددەی (١١٢) باس لە بەڕێوەبردنی نەوت و گاز بە هاوکاری حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەمهێنەر دەکات. ئەم ماددانە بوار دەدەن بە بەغدا کە لە پرسەکانی بودجە، نەوت، داهات و موچەدا دەستی بەهێزتر بێت، بەتایبەتی کاتێک هەرێم پەرلەمانێکی کارای نییە بۆ چاودێری و بەڵگەهێنانەوە.

## یەکەم: دەستوەردانی دادگایی، کاتێك کێشە ناوخۆییەکان دەبرێنە دادگای فیدراڵی

یەکەم دەروازەی مەترسی، دەروازەی دادگاییە. دادگای فیدراڵی عێراق بەپێی ماددەی (٩٣)ی دەستوور، دەسەڵاتی پشکنینی دەستووریبوونی یاسا و ڕێنماییەکان، ڕاڤەکردنی دەستوور، چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و پارێزگاکان، و چارەسەرکردنی ململانێی دەسەڵاتەکانی نێوان دادگا فیدراڵی و دادگا ناوخۆییەکان هەیە. ماددەی (٩٤)یش دەڵێت بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی کۆتایی و

پابەندکەرن بۆ هەموو دەسەڵاتەکان. ئەمە مانای ئەوەیە کاتێک کێشەیەکی سیاسی یان یاسایی هەرێم دەبرێتە ئەو دادگایە، بڕیارەکە تەنها ڕاوێژ نییە، بەڵکو بڕیارێکی پابەندکەرە.

ئەمە لە ڕابردووی نزیکدا بە شێوەیەکی ڕوون بینرا. لە ئایاری ٢٠٢٣دا، دادگای فیدراڵی درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانی کوردستانی بە نادەستووری دانا، و بڕیارەکانی پەرلەمان لە دوای ڕۆژی درێژکردنەوەکە بە بێبنەما دانران و هیلوەشانەوە. ئەم بڕیارە بەڵگەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی بزانرێت کاتێک هەرێم ناتوانێت کات و ڕێکاری هەڵبژاردن و کارایی دامەزراوەکانی خۆی ڕێکبخات، کێشەکە لە ناو هەرێمدا نامێنێتەوە، بەڵکو دەچێتە دەست دادگای فیدراڵی و دەرئەنجامی فیدراڵی لێ دەکەوێتەوە.

مەترسییەکە لێرەدایە: هەر کاتێک پەرلەمانی هەرێم کارا نەبێت، هەر جارێک یاسا و ڕێکاری ناوخۆیی بوەستێت، هەر جارێک ناکۆکییەکان بە دامەزراوەی ناوخۆیی چارەسەر نەکرێن، دەرگای دادگای فیدراڵی زیاتر دەکرێتەوە. ئەمە لە ڕووی یاساییەوە دەتوانێت وەک "چارەسەری دادگایی" دەرکەوێت، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە دەتوانێت سنووری دەسەڵاتی هەرێم تەنگتر بکاتەوە.

## دووەم: دەستوەردانی هەڵبژاردنی، کاتێك هەرێم کۆمسیۆن و یاسای هەڵبژاردنی خۆی بەڕێوە نابات

هەڵبژاردن دەبوو لە ناو هەرێمدا، بە کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم، بە یاسای پەرلەمانی هەرێم و بە ڕێکاری خۆی بەڕێوە بچێت. بەڵام کاتێک پەرلەمان لە کاتی خۆیدا کۆمسیۆن کارا ناکاتەوە، لەسەر هەمواری یاسای هەڵبژاردن ناگەنە ڕێککەوتن، کۆمسیۆن ناتوانێت بە ئەرکەکانی خۆی هەڵسێت، و هێزە سیاسییەکان کێشەکان دەبەنە دەرەوەی دامەزراوەکانی هەرێم، ئەوکاتە کۆمسیۆنی فیدراڵی و دادگای فیدراڵی دەبنە ناوەندی بڕیار.

بڕیاری دادگای فیدراڵی لە شوباتی ٢٠٢٤دا نموونەیەکی ڕوونە. کە دادگای فیدراڵی (١١) کورسیی پێکهاتەکانی لە پەرلەمانی کوردستان هەڵوەشاندەوە، ژمارەی کورسییەکانی بۆ (١٠٠) کەم کردەوە، سیستەمی هەڵبژاردنی لە یەک بازنەوە بۆ چوار بازنە گۆڕی، و دەسەڵاتی ڕێکخستن و چاودێریی هەڵبژاردنی هەرێمی دایە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، نەک کۆمسیۆنی هەرێم.

ئەو بڕیارەی لە ٢١ی شوباتی ٢٠٢٤ دادگای فیدراڵی دەریکرد، چەند ماددەیەکی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی بە نادەستووری دانا، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدار بوون بە ژمارەی کورسییەکان و کورسیی کەمینەکان. لە هەمان کاتدا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عێراق (٧٠٧٠) بنکەی دەنگدان و (١٤٣١) ناوەندی دەنگدانی بۆ هەڵبژاردنی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ کردەوە.

ئەمە دەبێت وەک ئاگاداربییەکی گەورە ببینرێت. کاتێک هەرێم دامەزراوەی هەڵبژاردنی خۆی بەهێز و کارا ناکات، کاتێک پەرلەمان یاسا و کۆمسیۆن و میکانیزمی هەڵبژاردن بە ڕێک و پێکی ڕێک ناخات، هەڵبژاردنیش لە

ناو دەسەڵاتی هەرێمەوە بەرەو دەسەڵاتی فیدراڵ دەڕوات. ئەمە بە ناوی "ڕێکخستن"ەوە دەردەکەوێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا بەشێک لە دەسەڵاتی هەرێم لەدەست دەدات.

## سێیەم: دەستووردانی دارایی، کاتێک بودجە، داهات، نەوت و موچە بێ چاودێری پەرلەمانی دەمێننەوە

لایەنێکی تر دەروازەی داراییە. کە مەترسیدارترین دەروازەیە، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە موچە، داهات، بودجە، نەوت، گومرگ و ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتییەوە هەیە. دەستووری عێراق لە ماددەی (١٠٦)دا باس لە دامەزراوەیەکی گشتی دەکات بۆ چاودێری و دابەشکردنی داهاتە فیدراڵییەکان، کە ئەرکی دڵنیابوون لە دابەشکردنی دادپەروەرانە، بەکارهێنانی دروستی سەرچاوە داراییەکان، و پاراستنی شەفافیەت و دادپەروەری لە دابەشکردنی داراییەکان بۆ حکومەتی هەرێم و پارێزگاکانە. ئەم ماددەیە خۆی نیشان دەدات کە دارایی و داهاتەکان بابەتی ناو هەرێم تەنها نین، بەڵکو لە چوارچێوەی فیدراڵیشدا دەخرێنە ژێر چاودێری.

کاتێک پەرلەمان کارا نییە، ناتوانێت داهاتی ناوخۆ، نەوت، گومرگ، خەرجییەکان، قەرز، و پێویستیی موچە بخاتە ژێر چاودێری. ئەمە بەغدا دەهێنێتە ناو پرۆسەکە بە دوو پاساو: یەکەم، بە ناوی پاراستنی بودجەی فیدراڵی؛ دووەم، بە ناوی پاراستنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم. بڕیاری دادگای فیدراڵی لە شوباتی ٢٠٢٤دا لەسەر موچە ئەم ئاراستەیەی بەهێز کرد. بەپێی ڕاپۆرتەکان، دادگاکە حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێمی پابەند کرد بە دابینکردنی موچە، و ڕێکاری بانکی و "توطین" یان ناوخۆکردنی موچەکان لە بانکی فیدراڵیدا خستە ناو دۆخەکە.

ئەمە لە ڕووی هاوڵاتییەوە دەتوانێت وەک هەوڵێک بۆ دڵنیابوون لە موچە دەرکەوێت. بەڵام لە ڕووی دەسەڵاتی هەرێمدا، ئەگەر پەرلەمان و حکومەتی هەرێم خۆیان شەفافیەت و چاودێریی دارایی بەهێز نەکەن، ئەوا بەغدا دەتوانێت بە ناوی "پاراستنی موچە" ڕاستەوخۆتر دەست بخاتە ناو سیستەمی دارایی و پەیوەندیی بانکیی هەرێم. واتە ئەوەی دەبوو لە ناو پەرلەمانی هەرێمدا بە ڕاپۆرت، ژمارە، بودجە و لێپرسینەوە چارەسەر بکرێت، دەتوانێت بگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی داراییی عێراق، دادگای فیدراڵی و بانکی فیدراڵی.

## چوارەم: نەوت و گاز دەروازەیەکی هەمیشەیی بۆ فشار و دەستووردان

پرسی نەوت و گاز یەکێکە لە گەورەترین دەروازەکانی دەستووردانی بەغدا. لە ١٥ی شوباتی ٢٠٢٢دا، دادگای فیدراڵی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ژمارە ٢٢ی ساڵی ٢٠٠٧ی بە نادەستووری دانا و هەڵیوەشاندەوە، بەپێی شیکردنەوەی یاسایی، دادگاکە داوای کرد هەرێم بەرهەمهێنانی نەوتی خۆی بداتە وەزارەتی نەوتی فیدراڵی و ڕێگە بە حکومەتی فیدراڵی بدرێت گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم بپشکنێت.

هەروەها، بەپێی ڕاپۆرتێکی رۆیتەرز لە ٢٠٢٥دا باس دەکات کە وەزارەتی نەوتی عێراق حکومەتی هەرێمی بە بەرپرسیاری یاسایی لەسەر "قاچاخی نەوت" ناوبردووە، و ئەمەی لە چوارچێوەی بڕیاری ٢٠٢٢ی دادگای فیدراڵی داناوە. هەر رۆیتەرز لە ڕاپۆرتێکی تریدا دەڵێت بەغدا گرێبەستە گەورەکانی هەرێم لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکان بە "بێبنەما و پووچەڵ" ناوبردووە بەهۆی نەبوونی ڕەزامەندیی فیدراڵی.

مەترسییەکە ئەوەیە کە نەبوونی پەرلەمانێکی کارا لە هەرێم، توانای هەرێم بۆ بەرگریکردنی یاسایی و سیاسی لە مافی خۆی لاواز دەکات. پەرلەمان دەبوو گرێبەستەکان، داهات، ڕێککەوتنەکان، پابەندییەکان و سیاسەتی نەوتی بخاتە ژێر چاودێری. ئەگەر ئەم کارە نەکرێت، بەغدا دەتوانێت بڵێت هەرێم خۆی شەفافیەت و چاودێریی پێویست نییە، بۆیە دەبێت دامەزراوە فیدراڵییەکان دەست بخەنە ناوەوە.

## پێنجەم: لاوازبوونی بەڵگەی سیاسیی هەرێم لە بەرامبەر بەغدا

لە گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا، تەنها ماددەی دەستووری گرنگ نییە، بەڵکو بەڵگەی سیاسی و دامەزراوەییش گرنگە. هەرێم کاتێک دەتوانێت بەهێز بڵێت: "مافی فیدراڵیم هەیە"، کە بتوانێت لە هەمان کاتدا بڵێت: "دامەزراوەکانم کار دەکەن، پەرلەمانم دانیشتنی هەیە، بودجەم چاودێری دەکرێت، لیژنەکانم ڕاپۆرت دەنووسن، حکومەتم لە ژێر لێپرسینەوەدایە، یاساکانم جێبەجێ دەکرێن". ئەگەر ئەم بەڵگانە نەبن، بەڵگەی سیاسیی هەرێم لاواز دەبێت.

بەغدا دەتوانێت بە شێوەیەکی سیاسی بڵێت: ئەگەر هەرێم پەرلەمانی کارا نییە، ئەگەر بودجەی هەرێم پەسەند ناکرێت، ئەگەر کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێم کارا نییە، ئەگەر موچە و داهات شەفاف نین، ئەوا دامەزراوە فیدراڵییەکان دەبێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بچنە ناو پرۆسەکە. ئەمە دەتوانێت بە ناوی "پاراستنی دەستوور"، "پاراستنی مافی فەرمانبەران"، "پاراستنی شەفافیەت"، یان "ڕێکخستنی هەڵبژاردن" بکرێت، بەڵام دەرئەنجامەکە هەمان شتە: کەمبوونەوەی دەسەڵاتی کرداریی هەرێم.

## شەشەم: دەستوەردانی ڕاستەوخۆ نابێت هەمیشە بە تانك و فەرمان بێت

دەستوەردانی فیدراڵی هەمیشە بە شێوەی ڕاستەوخۆ، سیاسی و توندوتیژی نابێت. زۆرجار بە شێوەی هونەری، دادگایی، دارایی و کارگێڕی دەردەکەوێت. بۆ نموونە:

١. دادگای فیدراڵی بڕیار دەدات و دەڵێت ئەم ماددەی یاسای هەرێم نادەستوورییە.

٢. کۆمسیۆنی فیدراڵی هەڵبژاردنی هەرێم بەڕێوە دەبات، چونکە کۆمسیۆنی ناوخۆی هەرێم لە کار کەوتووە.

٣. وەزارەتی داراییی عێراق موچەکان بە ڕێکاری بانکی فیدراڵی ڕێکدەخات، چونکە پرسی موچە و شەفافیەت بووەتە کێشەی فیدراڵی.

٤. وەزارەتی نەوتی عێراق گرێبەست و هەناردە و بەرهەمهێنانی نەوتی هەرێم دەخاتە ژێر ڕێکاری خۆی، بە ناوی ماددەکانی (١١١) و (١١٢) و بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی.

٥. دادگا و دامەزراوە فیدراڵییەکان دەتوانن بڕیارە ناوخۆییەکانی هەرێم پووچەڵ بکەنەوە، ئەگەر بە نادەستووری دابنرێن.

ئەم شێوازانە هەموویان "هونەری" دەردەکەون، بەڵام دەرئەنجامەکانیان لە ڕووی سیاسییەوە گەورە و کاریگەرن: بەهێواشی بەشێک لە دەسەڵاتی هەرێم دەگوازرێتەوە بۆ دامەزراوە فیدراڵییەکان.

## حەوتەم: بۆچی پەرلەمان کلیلی بەرگرییە؟

پەرلەمان بەرگریی یەکەمی هەرێمە، چونکە تاکە دامەزراوەیەی نوێنەرایەتییە کە دەتوانێت بە ناوی هاوڵاتیان حکومەت بخاتە ژێر پرسیارەوە، بودجە پەسەند بکات، یاسا دابنێت، لە دادگا و بەغدا بە بەڵگەی دامەزراوەیی بەرگری بکات و پرسی نیشتیمانی بکاتە بڕیار، نەک لێدوان.

ئەگەر پەرلەمان کارا بێت، هەرێم دەتوانێت ڕووبەڕووی بەغدا بێتەوە بەوەی: "ئێمە دامەزراوەی یاسادانانمان کار دەکات، بودجەمان پەسەند دەکرێت، داهات و خەرجیمان لە ژێر چاودێرییە، کۆمسیۆن و لیژنەکانمان کار دەکەن، یاساکانمان هەیە و بە شێوەیەکی دەستووری کاروباری خۆمان بەڕێوە دەبەین".

بەڵام ئەگەر پەرلەمان کارا نەبێت، هەرێم بە دەستی بەتاڵتر لەگەڵ بەغدا دەچێتە گفتوگۆوە. ئەو کاتە بەغدا دەتوانێت ئەم پرسیارانە بکات: بودجەی هەرێم لە کوێ پەسەندکراوە؟ کێ داهات و خەرجی چاودێری دەکات؟ کێ گرێبەستەکان دەپشکنێت؟ کێ متمانە بە حکومەت داوە؟ کێ کۆمسیۆنەکانی کارا کردووە؟ کێ بە ناوی خەڵکەوە بڕیار دەدات؟

## هەشتەم: ئەگەری سیاسەتی بەغدا لە بەرامبەر هەرێم

لە دۆخی کارانەبوونی پەرلەماندا، سیاسەتی بەغدا دەتوانێت لە چەند ئاراستەدا بچێت:

١. **سیاسەتی دارایی و موچە:** بەغدا دەتوانێت موچە و بودجە بکاتە ئامرازی فشار و پابەندکردنی هەرێم بە ڕێکاری فیدراڵی، وەک دابینکردنی لیستی موچە، توطینی موچە، سپاردنی داهاتی نانەوتی، و ڕێکخستنی بانکی. ئەمە لە ڕووی فەرمانبەرەوە دەتوانێت بە "پاراستنی موچە" بناسرێت، بەڵام لە ڕووی دەسەڵاتی هەرێمەوە دەتوانێت واتای ناوەندیکردنی بەشێک لە سیستەمی دارایی هەبێت.

**٢. سیاسەتی دادگایی:** بەغدا یان لایەنە سیاسییەکانی عێراق دەتوانن زیاتر کێشەکانی هەرێم ببەنە دادگای فیدراڵی، چونکە ماددەی (٩٣) ڕێگە دەدات بە دادگاکە ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم چارەسەر بکات. بڕیارەکانیش بەپێی ماددەی (٩٤) پابەندکەرن. ئەمە واتای ئەوەیە هەر کێشەیەکی ناوخۆیی هەرێم، ئەگەر لە ناو دامەزراوەکانی هەرێم چارەسەر نەکرێت، دەتوانێت ببێتە بڕیارێکی فیدراڵی.

**٣. سیاسەتی هەڵبژاردن:** بەغدا دەتوانێت بە ناوی پڕکردنەوەی بۆشایی یاسایی و هەڵبژاردنەوە، کۆمسیۆنی فیدراڵی و دادگای هەڵبژاردنی فیدراڵی زیاتر بکاتە بەشێک لە ڕێکخستنی هەڵبژاردنەکانی هەرێم. ئەمە پێشتر لە هەڵبژاردنی ٢٠٢٤دا بە شێوەیەکی ڕوون ڕوویدا.

**٤. سیاسەتی نەوت و داهات:** بەغدا دەتوانێت بڕیاری ٢٠٢٢ی دادگای فیدراڵی و ماددەکانی (١١١) و (١١٢) بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی لەسەر نەوت، گاز، هەناردە، گرێبەست و داهات زیاتر بکات. ئەگەر پەرلەمانی هەرێم شەفافیەت و چاودێریی نەوتی دروست نەکات، دەستی بەغدا لەم بوارەدا بەهێزتر دەبێت.

**٥. سیاسەتی لاوازکردنی بەڵگەی خۆبەڕێوەبەری:** بەغدا دەتوانێت هەمیشە بڵێت "هەرێم دامەزراوەی کارای نییە"، ئەگەر پەرلەمان بێکار بێت، حکومەت متمانەی نوێی وەرنەگرتبێت، بودجە پەسەند نەکرابێت و دەستە سەربەخۆکان کارا نەبن. ئەمە دەتوانێت ببێتە پاساو بۆ ئەوەی بەغدا لە دۆخی گفتوگۆدا سەرکەوتووتر بێت.

بە کورتی:

> کارانەبوونی پەرلەمان تەنها کێشەی ناوخۆیی هەرێم نییە. بەڵکو دەروازەیەکە بۆ ئەوەی بەغدا و دامەزراوە فیدراڵییەکان بە ناوی دادگا، هەڵبژاردن، موچە، بودجە، نەوت، شەفافیەت و پڕکردنەوەی بۆشایی دامەزراوەیی زیاتر بچنە ناو کاروباری هەرێم.

دەستووری عێراق هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵی دەناسێت و دەسەڵاتی ناوخۆیی بۆ داناوە. بەڵام ئەم مافە تەنها بە دەق ناپارێزرێت. بە پەرلەمانێکی کارا، حکومەتێکی چاودێریکراو، بودجەیەکی شەفاف، کۆمسیۆنێکی کارا، یاسای جێبەجێکراو و دامەزراوەیەکی بەهێز دەپارێزرێت.

بۆیە پەکخستنی پەرلەمان لە ڕاستیدا پەکخستنی یەکەم هێڵی بەرگریی هەرێمە. ئەگەر پەرلەمان کارا نەبێت، هەرێم بەهێز ناتوانێت بڵێت " خۆم کاروباری خۆم بەڕێوە دەبەم". چونکە ئەو قسەیە پێویستی بە بەڵگەی کردار هەیە، بە دانیشتن، یاسا، چاودێری، بودجە، لێپرسینەوە و بڕیاری دامەزراوەیی.

## چۆن پەرلەمان لە بارمتەبوونی ململانێ سیاسییەکان ڕزگار دەکرێت؟

پەرلەمان دامەزراوەیەکی سیاسییە، بۆیە ناکرێت بڵێین دەبێت لە سیاسەت دوور بخرێتەوە. چونکە پەرلەمان شوێنی سیاسەتە، شوێنی ناکۆکی، گفتوگۆ، ڕەخنە، ڕێککەوتن و بڕیاری گشتییە. بەڵام جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان **ململانێی سیاسی لە ناو پەرلەماندا** و **بە بارمتەگرتنی پەرلەمان بەهۆی ململانێی حیزبییەوە**. یەکەمیان دیموکراسییە، دووەمیان پەکخستنی دامەزراوەیە.

بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمان "باڵاترین دامەزراوەی یاسادانان و چاودێرییە" لە هەرێم، واتە ڕۆڵی فەرمیی ئەوەیە یاسا دابنێت، چاودێری حکومەت بکات و بڕیارە سیاسی و یاساییەکان بخاتە ناو چوارچێوەی دامەزراوەییەوە. هەروەها پەرلەمانی کوردستان بەپێی دەسەڵاتەکانی خۆی دەبێت متمانە بە حکومەت بدات یان لێی بسەنێتەوە، بودجە پەسەند بکات و چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات. ئەمە مانای ئەوەیە کە پەرلەمان نابێت چاوەڕوانی ڕێککەوتنی حیزبی بێت بۆ ئەوەی بنەماییترین ئەرکەکانی خۆی بکات.

### یەکەم: پەکخستنی پەرلەمان دەبێت سزا و بەرپرسیاریی هەبێت

ئەگەر پەکخستنی پەرلەمان بێ نرخ بێت، دووبارە دەبێتە ئامرازی سیاسی. هەر حیزبێک کە لەسەر پۆست، دەسەڵات یان پشک ڕێک نەکەوێت، دەتوانێت پەرلەمان بوەستێنێت و هیچ نرخێکی سیاسی یان داراییش نەدات. ئەمە دامەزراوەکە لە یاساوە دەباتە ژێر ویستی حیزب. بەپێی پەیرەوی ناوخۆ، ئەندامی پەرلەمان ئەرکی ئامادەبوونی هەیە، غیابی بێ بیانووی دروست سەرەتا ئاگادارکردنەوەی نووسراوی لێ دەکەوێتەوە، پاشان ٥٪ی موچەی بۆ هەر دانیشتنێکی غیاب دەبڕدرێت، و ئەگەر غیاب دووبارە ببێتەوە، ناوی لە ماڵپەڕی پەرلەمان بڵاو دەکرێتەوە و تەنانەت دەتوانرێت باسی لەدەستدانی ئەندامێتی بکرێت.

کێشەکە ئەوەیە کە پەیرەوی ناوخۆ لە هەمان کاتدا دەرگایەکی گەورەی هێشتووەتەوە: بەپێی ماددەی (٢٣) ئەگەر ئەندام یان فراکسیۆنێکی پەرلەمانی بەهۆی "هەڵوێستێکەوە" بایکۆتی دانیشتن بکات، ئەو بایکۆتە وەک غیابی ئاسایی هەژمار ناکرێت. ئەمە لە بنەڕەتدا مافێکی سیاسییە، بەڵام کاتێک بایکۆت دەبێتە هۆکاری پەکخستنی پەرلەمان و ڕاگرتنی یاسادانان و چاودێری، ئەوا دەبێت سنووردار بکرێت. ماف بۆ نارەزایی هەبێت، بەڵام ماف بۆ وەستاندنی دامەزراوە نابێت بێ سنوور بێت.

## دووەم: غیاب، بایکۆت و نەچوونە دانیشتن نابێت ئامرازی سیاسیی بێ نرخ بێت

بایکۆت لە پەرلەماندا جارێک دەتوانێت ئامرازی نارەزایی بێت، بەڵام نابێت ببێتە تاکتیکی هەمیشەیی بۆ شکاندنی نیساب، راگرتنی دەنگدان و پەکخستنی کارەکانی پەرلەمان. رێکاری چارەسەر ئەوەیە کە پەیرەوی ناوخۆ هەموار بکرێتەوە و جیاوازی بکرێت لە نێوان "بایکۆتی راگەیەندراو بۆ هەڵوێست" و "بایکۆتی پەکخەر". بۆ نموونە، فراکسیۆن یان ئەندام دەتوانێت هەڵوێستی خۆی تۆمار بکات، لە دانیشتن بکشێتەوە، یان دەنگ نەدات، بەڵام نابێت بتوانێت بەردەوام نیساب بشکێنێت و لە بنەرەتدا پەکی پەرلەمان بخات وەک ئەوەی کارانەبێت.

لە رووی لۆژیکییەوە، دیموکراسی واتای ئەوە نییە هەر لایەنێک کە رازی نەبوو، دامەزراوە بوەستێنێت. دیموکراسی واتای ئەوەیە ناکۆکی لە ناو دامەزراوەدا رێکبخرێت. ئەگەر هێزێک رازی نییە، با لە ناو پەرلەماندا قسە بکات، پێشنیاز بدات، رەت بکاتەوە، دەنگ نەدات، یان راپۆرتی جیاواز پێشکەش بکات. بەڵام پەکخستنی پەرلەمان جیاوازە لە نارەزایی. ئەمە لە رووی سیاسییەوە وەک بەکارهێنانی مافی نارەزایی بۆ لەناوبردنی شوێنی نارەزاییە.

## سێیەم: ناوی ئامادەنەبووان، هۆکاری غیاب و کاری پەرلەمانتاران دەبێت بڵاو بکرێتەوە

شەفافیەت لە پەرلەماندا دەبێت لە قسەوە بگوازرێتەوە بۆ سیستەم. هاوڵاتی مافی هەیە بزانێت کێ ئامادەی دانیشتنە، کێ غایبە، کێ بیانووی یاسایی هەیە، کێ بایکۆت دەکات، کێ بەردەوام لە لیژنەکاندا کار دەکات و کێ تەنها ناوی لە پەرلەماندایە. پەیرەوی ناوخۆ خۆی بنەمای ئەمەی داناوە، چونکە دەڵێت ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو تۆمار دەکرێت و لە حاڵەتی ئامادەنەبوونی دووبارەدا ناویان لە ماڵپەری پەرلەماندا بڵاو دەکرێتەوە.

پێویستە ئەم بنەمایە فراوان بکرێت: هەر مانگێک راپۆرتی ئامادەبوونی ئەندامان، بەشدارییان لە لیژنەکان، دەنگدانیان لەسەر یاساکان، پرسیارەکانیان بۆ حکومەت، راپۆرتەکانیان و سەردانە مەیدانییەکانیان بڵاو بکرێتەوە. ئەمە پەرلەمانتار ناچار دەکات بزانێت کورسی تەنها ناونیشان نییە، بەڵکو کارنامەیەکە کە خەڵک دەیبینێت. لە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانیشدا، شەفافیەت، لێپرسینەوە و بەرپرسیاری لە بنەماکانی پەرلەمانێکی دیموکراتیک دادەنرێن.

### چوارەم: ڕۆژژمێری کاری پەرلەمان دەبێت ئۆتۆماتیکی بێت، نەك چاوەڕوانی ڕێککەوتنی حیزبی

پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان هەر لە بنەڕەتدا هەندێک ڕێکاری ئۆتۆماتیکی هەیە. بۆ نموونە، ئەگەر بانگهێشت بۆ دانیشتنی یەکەم نەکرێت، پەرلەمان پاش ماوەی دیاریکراو ڕاستەوخۆ کۆ دەبێتەوە. هەروەها پەیرەوی ناوخۆ دوو وەرزی یاسادانان دیاری دەکات، و دەڵێت وەرزی یاسادانان کە بودجەی تێدا تاوتوێ دەکرێت نابێت کۆتایی پێبهێنرێت تا بودجە پەسەند دەکرێت.

ئەم لۆژیکە دەبێت بۆ هەموو کاری پەرلەمان فراوان بکرێت. واتە دانیشتنەکان، ڕۆژژمێری پرسیارکردن لە حکومەت، کاتی تاوتوێی بودجە، کاتی پێکهێنانی لیژنەکان و کاتی خوێندنەوەی پڕۆژە یاساکان دەبێت بە ڕۆژژمێری یاسایی بەڕێوە بچن، نەک بە چاوەڕوانی ڕێککەوتنی حیزبەکان. ڕێککەوتنی حیزبی دەتوانێت یارمەتی بدات، بەڵام نابێت ببێتە کلیلی کردنەوە یان داخستنی پەرلەمان.

### پێنجەم: لیژنەکان دەبێت ببنە دڵی کاری پەرلەمان

پەرلەمان تەنها دانیشتنی گشتی نییە. زۆرترین کاری جدیی پەرلەمان لە لیژنەکاندا دەکرێن، چونکە لیژنەکان شوێنی وردبوونەوە، بەڵگە کۆکردنەوە، بانگهێشتکردنی وەزیران، نووسینی ڕاپۆرت، هەڵسەنگاندنی یاسا و چاودێری جێبەجێکردنی یاساکانن. پەیرەوی ناوخۆ دەڵێت لیژنە هەمیشەییەکان دەبێت لە ماوەی (٢٥) ڕۆژدا پێکبهێنرێن، هەر ئەندامێک دەبێت لانی کەم ئەندامی یەک لیژنە بێت، و هەر لیژنەیەک لانی کەم دوو جار لە مانگدا کۆببێتەوە.

زەرورەتی ئەمە لەوەدایە کە ئەگەر دانیشتنی گشتی بەهۆی ململانێوە قورس بوو، لیژنەکان دەتوانن کار بەردەوام بکەن. لیژنەی دارایی دەتوانێت موچە و بودجە بەدواداچوون بکات، لیژنەی یاسایی دەتوانێت یاساکان ئامادە بکات، لیژنەی تەندروستی دەتوانێت کێشەی نەخۆشخانەکان بخاتە ڕاپۆرت، لیژنەی پەروەردە دەتوانێت کێشەی مامۆستایان و قوتابخانەکان بەرز بکاتەوە. پەیرەوی ناوخۆیش ڕێگە دەدات لیژنەکان گوێگرتن ساز بکەن، وەزیر بانگ بکەن، زانیاری لە دامەزراوەکان بخوازن و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی یاساکان بکەن.

### شەشەم: مافی چاودێری نابێت ببێتە قوربانیی ڕێککەوتنی حیزبی

پەرلەمان دەبێت بتوانێت حکومەت بخاتە ژێر پرسیارەوە، نەک حکومەت پەرلەمان بخاتە ژێر سایەی خۆی. پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕێکاری پرسیارکردن، گفتوگۆ لەگەڵ حکومەت و لێپرسینەوەی سەرۆک وەزیران و وەزیرەکانی دیاری کردووە. بۆ نموونە، ئەندام دەتوانێت پرسیاری زارەکی بکات، حکومەت پێویستە وەڵام

بداتەوە، (١٠) ئەندام دەتوانن داوای گفتوگۆ لە نێوان پەرلەمان و حکومەت بکەن، و بە کۆکردنەوەی واژۆی پێویست دەتوانرێت لێپرسینەوە لە سەرۆک وەزیران یان ئەندامانی کابینە بکرێت.

ئەگەر ئەم ئامرازانە بەکار نەهێنرێن، پەرلەمان لە ناوەڕۆکدا دەبێتە هۆڵێکی ڕێوڕەسمی. چارەسەر ئەوەیە ڕۆژێکی دیاریکراو لە هەر هەفتە یان هەر دوو هەفتە جارێک بۆ پرسیارکردن لە حکومەت تەرخان بکرێت، وەزیران پابەند بکرێن بە ئامادەبوون، و هەر وەزارەتێک ساڵانە ڕاپۆرتی کار و خەرجی و کێشەکان پێشکەش بکات. ئەمە ململانێ نابڕێتەوە، بەڵام ململانێ دەخاتە ناو ڕێکاری یاسایی و ئاشکرا.

## حەوتەم: بودجە و کارگێڕی پەرلەمان دەبێت سەربەخۆ بێت

پەرلەمان ئەگەر لە دارایی و کارگێڕیدا وابەستەی حکومەت بێت، لە چاودێریشدا لاواز دەبێت. پەیرەوی ناوخۆ خۆی دەڵێت پەرلەمان بودجەی تایبەتی خۆی هەیە، کە لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بە هاوکاری لیژنەی دەستپاکی و کاروباری پەرلەمانەوە ئامادە دەکرێت، و دواتر دەخرێتە ناو بودجەی گشتیەوە. هەروەها حساباتی کۆتایی پەرلەمان دەبێت پێشکەشی لیژنەی دارایی و ئابووری بکرێت بۆ پێداچوونەوە و ڕاپۆرت.

ئەمە بنەمایەکی گرنگە: پەرلەمان دەبێت خۆی لە دارایی و کارگێڕیدا شەفاف بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت حکومەتیش داوای شەفافیەتی لێ بکات. ئەگەر پەرلەمان خۆی ڕاپۆرتی خەرجی، بودجە، موچە، گرێبەست و خزمەتگوزارییەکانی بڵاو نەکاتەوە، قسەی لەسەر چاودێریی حکومەت لاواز دەبێت. پەرلەمانێکی بەهێز دەبێت لە خۆیەوە دەست پێ بکات.

## هەشتەم: شەفافیەت دەبێت ببێتە بنەما، نەک هەڵبژاردە

شەفافیەت تەنها ئەوە نییە دانیشتن لە تەلەفزیۆن نیشان بدرێت. شەفافیەت واتە هاوڵاتی بتوانێت بزانێت کێ چی دەکات، کێ چی دەڵێت، کێ چۆن دەنگ دەدات، کێ لە کوێ غایبە، کام پرۆژە یاسا لە کوێ وەستاوە، کام لیژنە چ ڕاپۆرتێکی نووسیوە، و حکومەت چ وەڵامێکی داوەتەوە. پەیرەوی ناوخۆ دەڵێت دانیشتنەکانی پەرلەمان بە گشتی دەبێت ئاشکرا بن، تەنها لە حاڵەتی پێویست و بە ڕێکاری دیاریکراو دەکرێت دانیشتنی داخراو بکرێت.

بۆیە پێویستە پەرلەمان سیستەمی "داشبۆردی گشتی" هەبێت: دانیشتنەکان، ئامادەبوون، دەنگدان، پرسیارەکان، وەڵامی حکومەت، ڕاپۆرتی لیژنەکان، ڕاپۆرتی دارایی و پێداچوونەوەی یاساکان بە شێوەی ئاسان بڵاو بکرێنەوە. ئەمە پەرلەمان دەکاتە دامەزراوەیەکی بینراو، نەک شوێنێکی داخراو. پێوەرەکانی(IPU) و (UNDP)یش پەرلەمانەکان هاندەدەن کە توانای خۆیان لە ڕووی کارایی، لێپرسینەوە، شەفافیەت و وەڵامدانەوە هەڵبسەنگێنن.

## نۆیەم: ڕێککەوتنی حیزبی نابێت جێی یاسا بگرێتەوە

ڕێککەوتنی حیزبی دەتوانێت بەشێک بێت لە کارکردنی پەرلەمان، بەڵام نابێت ببێتە سەرچاوەی یەکەمی بڕیار. ئەگەر هەموو شتێک چاوەڕوانی ڕێککەوتنی حیزبی بێت، ئەوا یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ دەبنە شتێکی دووەم. ئەمە مەترسیدارە، چونکە هەر کاتێک ڕێککەوتنی حیزبی نەبوو، دامەزراوەکە دەوەستێت.

دەستووری عێراق هەرێمی کوردستانی وەک هەرێمێکی فیدراڵی ناسیوە و مافی دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریی بۆ هەرێمەکان داناوە، لە دەرەوەی دەسەڵاتە تایبەتییەکانی فیدراڵدا. بەڵام ئەم مافە تەنها بە قسە ناپارێزرێت، بە دامەزراوەی کارا دەپارێزرێت. ئەگەر پەرلەمان بەردەوام وەستاو بێت، بەڵگەی سیاسیی هەرێم لە بەرامبەر بەغدا لاواز دەبێت، چونکە هەرێم ناتوانێت بە دەنگێکی زوڵاڵ بڵێت "دامەزراوەکانم کار دەکەن".

## دەیەم: حکومەتی کاربەڕێکەر دەبێت سنووردار بکرێت

یەکێک لە هۆکارەکانی درێژبوونەوەی قەیران ئەوەیە کە حکومەتی کاربەڕێکەر جارێک دەبێتە دۆخی ئاسایی. ئەمە مەترسیدارە. حکومەتی کاربەڕێکەر دەبێت بۆ بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانە و خزمەتگوزاریی پێویست بێت، نەک بۆ بڕیاری چارەنووسساز، گرێبەستی گەورە، گۆڕانکاریی دارایی، یان بڕیاری ستراتیژی بێ چاودێریی پەرلەمان.

چارەسەر ئەوەیە یاسا یان پەیڕەوی ناوخۆ بە ڕوونی بڵێت: لە دوای هەڵبژاردن، ماوەی پێکهێنانی دەستەی سەرۆکایەتی، پێکهێنانی لیژنەکان، هەڵبژاردن یان ڕێکاری سەرۆکی هەرێم، و پێکهێنانی کابینەی نوێ دەبێت بە کاتی دیاریکراو ببەسترێتەوە. ئەگەر ئەو کاتانە پێشێل کران، دەبێت دانیشتنەکان بەردەوام بن، ناوی ئەوانەی ڕێگرن بڵاو بکرێنەوە، و بڕیارەکانی حکومەتی کاربەڕێکەر سنووردار بکرێن. لە پەیڕەوی ناوخۆدا هەندێک کات و ڕێکار بۆ بودجە، لیژنە و دانیشتن دیاریکراون، بەڵام پێویستە ئەم لۆژیکە بۆ دۆخی چەقبەستوویی سیاسییش فراوان بکرێت.

## یانزەهەم: مافی ئۆپۆزسیۆن دەبێت بە یاسا پارێزراو بێت

پەرلەمانێکی کارا تەنها بە زۆرینە دروست نابێت، بە ئۆپۆزسیۆنی بەهێز و پارێزراویش دروست دەبێت. پەیڕەوی ناوخۆ دەڵێت ئەو فراکسیۆنانەی بەشداری پێکهێنانی کابینە ناکەن، یان لەو پرۆسەیە دەکشێنەوە، کاری پەرلەمانی و ئۆپۆزسیۆن دەکەن. ئەمە بنەمایەکی گرنگە، بەڵام پێویستە بە مافە کردارییەکان پڕ بکرێنەوە: مافی سەرۆکایەتی هەندێک لیژنەی چاودێری، مافی بانگهێشتکردنی وەزیران، مافی دەستگەیشتن بە زانیاری، مافی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی جیاواز، و مافی هەبوونی کات لە دانیشتنەکان.

ئەگەر ئۆپۆزسیۆن مافی یاسایی بەهێزی نەبێت، دوو ئەنجامی خراپ دروست دەبێت: یان ئۆپۆزسیۆن دەبێتە بەشێک لە نمایشێکی فۆرمی، یان بۆ ئەوەی دەنگی ببیسترێت دەچێتە بایکۆت و پەکخستن. بۆیە پاراستنی مافی ئۆپۆزسیۆن ڕێگایەکە بۆ کەمکردنەوەی بایکۆت، چونکە لایەنی نارازی دڵنیایە کە دەتوانێت لە ناو پەرلەماندا کاریگەری هەبێت.

## دوازدەهەم: ئەجێندای پەرلەمان دەبێت بگەڕێتەوە بۆ کێشەی خەڵك

پەرلەمان کاتێک لە بارمتەبوونی ململانێی سیاسی ڕزگار دەبێت کە ئەجێندای خۆی لە پۆست و پشک و هاوسەنگی حیزبییەوە بگوازێتەوە بۆ موچە، بودجە، بێکاری، کارەبا، تەندروستی، پەروەردە، گەنجان، شەفافیەت، دادپەروەری و خزمەتگوزاری. ئەمە تەنها وتار نییە، دەبێت ببێتە ڕۆژژمێری پەرلەمان: هەفتەی موچە، هەفتەی بودجە، دانیشتنی تەندروستی، دانیشتنی پەروەردە، ڕاپۆرتی کارەبا، گوێگرتنی گەنجان، و لێپرسینەوە لە وەزیران.

پەیرەوی ناوخۆ ئەو ئامرازانە بە پەرلەمان دەدات: لیژنەکان، گوێگرتن، بانگهێشتکردنی وەزیران، پرسیار، گفتوگۆ، لێپرسینەوە، ڕاپۆرت و بودجە. کێشە ئەوە نییە کە ئامراز بە تەواوی نییە، کێشە ئەوەیە کە ئامرازەکان لەبەر چەقبەستوویی سیاسی بەکار ناهێنرێن.

## سیازدەهەم: پەرلەمان دەبێت بڕیاری خۆی لە بڕیاری حیزب جیا بکاتەوە

پەرلەمانتار دەتوانێت ئەندامی حیزب بێت، بەڵام سوێندی بۆ خەڵک و یاسایە، نەک تەنها بۆ سەرکردایەتی حیزب. پەیرەوی ناوخۆ دەڵێت ئەندامانی پەرلەمان دەبێت خۆیان بە تەواوی تەرخان بکەن بۆ کاری پەرلەمانی و نابێت دەسەڵاتی خۆیان لە کاری بازرگانی، گرێبەست یان دەستوەردانی نایاسایی بەکاربهێنن. هەروەها دەڵێت ئەندامی پەرلەمان نابێت دەستوەردان لە کاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن یان دادوەریدا بکات، مەگەر لە چوارچێوەی یاسادانان و چاودێریدا. ئەمە دەبێت بە شێوەیەکی سیاسی و ئەخلاقی ڕوون بکرێت: ئەندامەکانی پەرلەمان نابێت تەنها وەک نوێنەری لیستی حیزبی خۆیان مامەڵە بکەن، بەڵکو دەبێت وەک نوێنەری خەڵک مامەڵە بکەن. ئەگەر بڕیاری حیزب دژی کاراکردنی پەرلەمان بێت، ئەندام دەبێت بزانێت سوێند و بەرپرسیاریی یاسایی لەسەر شانی خۆیەتی، نەک تەنها لەسەر حیزبەکەی.

## چواردەهەم: پێویستە "پەکخستن" لە "ناکۆکی" جیا بکرێتەوە

ناکۆکی لە پەرلەماندا ئاساییە، تەنانەت پێویستە. پەرلەمانێک کە تێیدا ناکۆکی نییە، زۆرجار یان بێدەنگکراوە یان فۆرمییە. بەڵام پەکخستن شتێکی ترە. ناکۆکی واتە دوو بۆچوون بەرامبەر یەک دەوەستن؛

پەکخستن واتە هیچ بۆچوونێک ڕێگەی دامەزراوەیی بۆ خستنەڕوو نابینێت. ناکۆکی بە دەنگدان چارەسەر دەکرێت، پەکخستن بە چەقبەستوویی.

بۆیە پێویستە یاسا و پەیرەوی ناوخۆ ڕێکاری "ناکۆکیی ڕێکخراو" دابنێن. بۆ نموونە، ئەگەر لەسەر پۆستەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێککەوتن نەبوو، دەبێت دەنگدان بە چەند خول بکرێت و پاش ماوەی دیاریکراو، ڕێکاری کەمکردنەوەی سنووری سەرکەوتن یان ڕێکاری دەنگدانی کراوە بکرێتەوە، ئەگەر لە چوارچێوەی یاسا و هەمواری پەیرەو بگونجێت. گرنگ ئەوەیە هیچ پۆستێک نەبێتە کلیلی داخستنی تەواوی دامەزراوە.

## پانزدهەم: ڕێکاری بەرپرسیاریی سیاسی دەبێت بەردەوام بێت

بەرپرسیاری تەنها سزا نییە. بەرپرسیاری واتە ئەندام و فراکسیۆن و سەرکردایەتی سیاسی ناتوانن بەبێ ڕوونکردنەوە پەرلەمان بوەستێنن. پێویستە هەر فراکسیۆنێک کە بایکۆت دەکات، بە شێوەی فەرمی و نووسراو هۆکاری خۆی بڵاو بکاتەوە، چ داواکارییەکی هەیە، چ کاتێک دەگەڕێتەوە، و چ ڕێکارێکی یاسایی پێشنیاز دەکات. ئەگەر فراکسیۆن تەنها بێدەنگی و نەهاتن بێت، ئەوا ئەوە بەرپرسیاری نییە، پەکخستنە.

لە ڕووی سیاسییەوە، فشار بۆ کاراکردنی پەرلەمان دەبێت لە ناو خەڵک، میدیا، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، زانکۆ، یاساناسان و دامەزراوەکانی چاودێرییەوە بەردەوام بێت. هەڵبژاردن هەر چوار ساڵ جارێک تەنها ڕێگای لێپرسینەوە نییە، لێپرسینەوەی ڕۆژانەی گشتی پێویستە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین:

**پەرلەمان لە ململانێی سیاسی ڕزگار ناکرێت، چونکە خودی پەرلەمان شوێنی ململانێی سیاسییە. بەڵام دەکرێت لە بارمتەبوونی ململانێی حیزبی ڕزگار بکرێت، بەوەی پەکخستن سزا و نرخی هەبێت، غیاب و بایکۆت شەفاف بکرێن، ناوی غایبەکان و کارنامەی ئەندامان بڵاو بکرێتەوە، ڕۆژژمێری کاری پەرلەمان ئۆتۆماتیکی بێت، لیژنەکان کارا بکرێن، بودجە و کارگێڕی پەرلەمان سەربەخۆ و شەفاف بن، مافی ئۆپۆزسیۆن بە یاسا پارێزراو بێت، حکومەتی کاربەڕێکەر سنووردار بکرێت، و ئەجێندای پەرلەمان بگەڕێتەوە بۆ کێشەکانی خەڵك.**

پەرلەمان شوێنی ڕێکخستنی ناکۆکییە، نەک قوربانیی ناکۆکی. ئەگەر حیزبەکان ناکۆکن، با ناکۆکییەکانیان لە ناو پەرلەماندا بکرێنە گفتوگۆ، پرسیار، ڕاپۆرت، پێشنیاز و دەنگدان. بەڵام نابێت ناکۆکییان پەرلەمان بوەستێنێت، چونکە کاتێک پەرلەمان دەوەستێت، تەنها حیزب زیان نابینێت، بەڵکو یاسا، بودجە، موچە، چاودێری، متمانەی خەڵک و تەواوی ئەزموونی هەرێم زیان دەبینن.

## ڕۆڵ و ئەرکی پەرلەمانتارە هەڵبژێردراوەکان

لە قۆناغی ئێستادا، پەرلەمانتار تەنها خاوەنی کورسی نییە، ئەو پارێزەری مانای پەرلەمان، دەنگی هاوڵاتی و بنەمای نوێنەرایەتییە. کاتێک پەرلەمان پەک دەکەوێت، تەنها دانیشتنێک دوا ناکەوێت، بەڵکو نوێنەرایەتیی خەڵک، چاودێریی حکومەت، یاسادانان، بودجە، لێپرسینەوە و متمانەی گشتی پەک دەکەون. پەرلەمانی کوردستان لە وەسفی فەرمیی خۆیدا وەک دامەزراوەی هەڵبژێردراوی هەرێم ناسێنراوە، و ئەرکە سەرەکییەکانی بریتین لە داڕشتن و پەسەندکردنی یاسا، چاودێریی سیاسەت و کارگێڕیی حکومەت، و گفتوگۆ لەسەر پرسە گرنگەکانی ڕۆژ.

لە ٢٠٢٤/١٢/٢دا دانیشتنی یەکەمی خولی شەشەمی پەرلەمان کرا و ئەندامە هەڵبژێردراوەکان سوێندیان خوارد و بە فەرمی ئەرکی پەرلەمانییان وەرگرت. بەڵام پاش سوێندخواردن، دانیشتنەکە بەهۆی نەبوونی نیسابی یاساییەوە بۆ هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی دواخرا.

### ئایا پەرلەمانتاران کەمتەرخەم بوونە؟

لە ڕووی سیاسی، ئەخلاقی و نوێنەرایەتییەوە، بەڵێ، ئەم دۆخە دەکرێت وەک کەمتەرخەمییەکی گەورە ببینرێت. چونکە هاوڵاتی دەنگی داوە، پەرلەمانتار سوێندی خواردووە، مافی دارایی و ناونیشانی پەرلەمانی وەرگرتووە، کەچی پەرلەمان نەبووەتە دامەزراوەیەکی کارا. بەڵام لە ڕووی یاساییەوە، بەرپرسیاریی هەر پەرلەمانتارێک دەبێت بە جیاوازی هەڵبسەنگێنرێت: کێ ئامادە بووە؟ کێ بایکۆتی کردووە؟ کێ داوای دانیشتنی کردووە؟ کێ هەوڵی ڕاپۆرت، پرسیار، یان چارەسەری کردووە؟ ئەگەر هیچ بەڵگەیەک نەبێت کە پەرلەمانتار هەوڵی کاری پەرلەمانی داوە، ئەوا پاساوی "حیزبەکان ڕێک ناکەون" نابێت ببێتە پاکانەیەکی تەواو.

پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەی ٢٢دا بە ڕوونی دەڵێت ئەندامانی پەرلەمان دەبێت ئامادەی دانیشتنەکان بن، ئەگەر بێ بیانووی دروست ئامادە نەبن، سەرەتا ئاگادارکردنەوە، دواتر بڕینی ٥٪ی موچە بۆ هەر دانیشتنی غیاب، بڵاوکردنەوەی ناوی غایب لە ماڵپەڕی پەرلەمان، و تەنانەت لە حاڵەتی بەردەوامی غیابدا ئەگەری لەدەستدانی ئەندامێتی هەیە. هەمان ماددەش دەڵێت پەرلەمانتار پاش سوێندخواردن دەبێت کاتی خۆی بە تەواوی بۆ کاری پەرلەمانی تەرخان بکات.

واتە یاسا پەرلەمانتار وەک "خاوەنی ناونیشان" نابینێت، بەڵکو وەک کەسێک دەیبینێت کە کار، ئامادەبوون، چاودێری، یاسادانان و بەرپرسیاری لەسەر شانە. بۆیە هەر پەرلەمانتارێک بڵێت "من هیچم پێ ناکرێت،

حیزبەکان ڕێک ناکەون"، لە ڕووی سیاسییەوە پاساوێکی لاوازە، چونکە ئەگەرچی پەرلەمانتار بە تەنها ناتوانێت هەموو قەیرانێک چارەسەر بکات، بەڵام دەتوانێت هەڵوێست وەربگرێت، ئامادە بێت، بەڵگەی هەوڵەکانی بڵاو بکاتەوە، بایکۆت ڕەت بکاتەوە، ڕاپۆرت بدات، داوای دانیشتن بکات و فشار بخاتە سەر فراکسیۆن و حیزبی خۆی.

## ١. ئەرکی ئامادەبوون و کاراکردنی پەرلەمان

یەکەم ئەرکی پەرلەمانتار ئامادەبوونە. پەرلەمانتار نابێت تەنها لە ڕۆژی سوێندخواردندا ئامادە بێت، بەڵکو دەبێت بەردەوام لە دانیشتن، گفتوگۆ، دەنگدان، لیژنە و چاودێریدا ئامادە بێت. ئامادەبوون لێرەدا واتای فیزیکی تەنها نییە؛ واتای ئامادەبوونی سیاسی، یاسایی و ئەخلاقییە بۆ ئەوەی دامەزراوەکە نەوەستێت.

پەیڕەوی ناوخۆ بە ڕوونی سزا بۆ غیابی بێ بیانوو داناوە، و ئەمە دەردەخات کە ئامادەبوون مافی خۆبەخۆی پەرلەمانتار نییە، بەڵکو ئەرکی یاساییە. کەواتە ئەندامانی پەرلەمان نابێت بە پاساوی چەقبەستوویی حیزبی خۆیان لە ئەرکی ئامادەبوون و پێداگری لەسەر دانیشتن دەرباز بکەن.

## ٢. نەبوون بە بەشێك لە بایکۆت و پەکخستن

بایکۆت جارێک دەتوانێت هەڵوێستێکی سیاسی بێت، بەڵام ئەگەر ببێتە هۆکاری پەکخستنی پەرلەمان، دەگۆڕێت بۆ زیانگەیاندن بە نوێنەرایەتیی خەڵک. پەیڕەوی ناوخۆ لە ماددەی (٢٣)دا دەڵێت ئەگەر پەرلەمانتار یان فراکسیۆنێک بەهۆی هەڵوێستێکی سیاسی بایکۆتی دانیشتن بکات، ئەوە وەک غیابی ئاسایی هەژمار ناکرێت. بەڵام ئەم مافە نابێت وا لێکبدرێتەوە کە پەرلەمانتار یان فراکسیۆن مافی پەکخستنی هەمیشەیی پەرلەمانی هەبێت.

ئەرکی پەرلەمانتار ئەوەیە جیاوازی لە نێوان "ناڕەزایی لە ناو پەرلەماندا" و "پەکخستنی پەرلەمان" دا بکات. ئەگەر ناڕازییە، با قسە بکات، دەنگ نەدات، ڕاپۆرتی جیاواز بنووسێت، پرسیار بکات، یان پێشنیاز بدات. بەڵام نەهاتن، بێدەنگی و شکاندنی نیساب نابێت ببێتە شێوازی ئاسایی کاری سیاسی.

## ٣. وەفاداری بە دەنگدەر، نەك تەنها بە حیزب

پەرلەمانتار لە ڕێگەی لیستی حیزبییەوە هەڵدەبژێردرێت، بەڵام سوێندەکەی بۆ خەڵک و دامەزراوەی پەرلەمانە. ئەوە ڕاستە کە لە سیستەمی حیزبیدا فشاری حیزب هەیە، بەڵام پەرلەمانتار نابێت بێتە کارمەندی بڕیاری حیزب. ئەو نوێنەری دەنگدەرە، نەک تەنها نوێنەری سەرکردایەتی سیاسی.

ماددەی (٢٢) دەڵێت کاری حیزبی، یان ڕێکخراوەیی وەک کاری پیشەیی و پەرلەمانی هەژمار ناکرێت. ئەمە گرنگە، چونکە دەڵێت پەرلەمانتار ناتوانێت بەوە خۆی ڕزگار بکات کە "من لە ناو حیزبدا کار دەکەم". کاری حیزبی جێی کاری پەرلەمانی ناگرێتەوە.

## ٤. هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی و پێکهێنانی لیژنەکان

پەرلەمان بێ دەستەی سەرۆکایەتی ناتوانێت کارەکانی خۆی بە شێوەیەکی ڕێکخراو بەڕێوە ببات. دەستەی سەرۆکایەتی ئەجێندا دادەنێت، دانیشتن ڕێکدەخات، ڕاپۆرت و پرۆسەکان ڕێکدەخات و پەیوەندیی فەرمیی پەرلەمان لەگەڵ حکومەت و دامەزراوەکان بەڕێوە دەبات. کاتێک ئەم دەستەیە هەڵنەبژێردرێت، پەرلەمان لە هەنگاوی یەکەمی خۆیدا دەوەستێت.

هەروەها لیژنەکان دەبێت لە ماوەی (٢٥) ڕۆژدا پێکبهێنرێن، و هەر پەرلەمانتارێک دەبێت لانی کەم ئەندامی یەک لیژنەی هەمیشەیی بێت. ئەمە نیشانی دەدات کە یاسا کاری پەرلەمانتار بە دانیشتنی گشتی تەنها سنووردار ناکات، بەڵکو لە لیژنەکاندا کاری سەرەکییەکانی چاودێری، یاسادانان و بەدواداچوون دەکات.

## ٥. پێکهێنانی حکومەت بە ڕێگەی دامەزراوەیی

پەرلەمانتارەکان ئەرکیان تەنها ئەوە نییە چاوەڕوانی ڕێککەوتنی حیزبەکان بکەن. پێکهێنانی حکومەت دەبێت لە ڕێگەی پەرلەمان، متمانە، بەرنامەی حکومەت و گفتوگۆی ئاشکراوە بکرێت. ئەگەر حکومەت لە دەرەوەی پەرلەماندا بە شێوەی سیاسی دابەش بکرێت، پەرلەمان دەبێتە شوێنی پشتڕاستکردنەوە، نەک شوێنی بڕیار.

پەرلەمانتار دەبێت داوا بکات هەر ڕێککەوتنێکی حکومەتسازی بخرێتە بەردەم پەرلەمان، بەرنامەی حکومەت بخرێتە گفتوگۆ، و متمانەدان ببێتە پرۆسەیەکی ئاشکرا. ئەگەر ئەمە نەکرێت، خەڵک نازانێت حکومەت لەسەر چ بنەمایەک پێکدێت و کێ بەرپرسیارە لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکان.

## ٦. چاودێریی حکومەتی کاربەڕێکەر

لە دۆخی حکومەتی کاربەڕێکەردا، پەرلەمانتار نابێت بڵێت "چونکە حکومەتی نوێ نییە، چاودێریش ناکرێت". بە پێچەوانەوە، هەرچی حکومەت زیاتر لە دۆخی کاربەڕێکەردا بمێنێتەوە، پێویستی بە چاودێریی زیاتری پەرلەمانی هەیە. چونکە حکومەتی کاربەڕێکەر نابێت بە بێ سنوور بڕیاری گەورە بدات، گرێبەستی گەورە بکات، بودجە بە بێ چاودێری خەرج بکات یان بڕیاری چارەنووسساز بدات.

پەیڕەوی ناوخۆ ئامرازەکانی چاودێری دەداتە دەست پەرلەمانتاران: پرسیاری نووسراو و زارەکی بۆ سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان، داواکردنی وەڵام لە ماوەی دیاریکراو، لێپرسینەوە، و تەنانەت پرسی متمانەسەندن.

ماددەی (٧٦)یش دەڵێت چاودێریی پەرلەمان دەگرێتەوە سەرۆک وەزیران، ئەندامانی کابینە، سەرۆکانی کۆمسیۆنەکان و دەستە سەربەخۆکان.

## ٧. پاراستنی پەرلەمان لە دەستوەردانی دەرەکی

پەرلەمانتارەکان ئەرکیانە پەرلەمان بکەنە یەکەم هێڵی بەرگریی دامەزراوەیی هەرێم. دەستووری عێراق هەرێمی کوردستانی وەک هەرێمێکی فیدراڵی ناسیوە و دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەریی بۆ هەرێمەکان داناوە، جگە لە دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵ. هەروەها ماددەی (١٢٠) دەڵێت هەر هەرێمێک دەستورێکی خۆی هەبێت کە پێکهاتەی دەسەڵاتەکانی دیاری بکات.

بەڵام ئەم مافە تەنها بە دەق ناپارێزرێت؛ بە دامەزراوەی کارا دەپارێزرێت. ئەگەر پەرلەمان کارا نەبێت، بەغدا و دامەزراوە فیدراڵییەکان دەتوانن بە ناوی پڕکردنەوەی بۆشایی، هەڵبژاردن، موچە، بودجە، دادگا یان شەفافیەت، کاریگەریی خۆیان زیاتر بکەن. بۆیە پەرلەمانتار دەبێت بزانێت پەکخستنی پەرلەمان تەنها کێشەی ناوخۆیی نییە، بەڵکو لاوازکردنی بەڵگەی سیاسی و دەستووریی هەرێمە.

## ٨. شەفافیەت بەرامبەر بە خەڵك

پەرلەمانتار دەبێت بەردەوام ڕاپۆرت بدات. خەڵک مافی ئەوەی هەیە بزانێت: نوێنەرەکەی لە کوێی ئەم قەیرانەدا وەستاوە؟ ئامادەی دانیشتنە یان نا؟ دژی بایکۆتە یان بەشێکە لێی؟ داوای دانیشتنی کردووە یان نا؟ چ پێشنیازێکی نووسراوی هەیە؟ کێ ڕێگری دەکات؟ چ بژاردەیەکی چارەسەر پێشنیار دەکات؟

هەر پەرلەمانتارێک بڵێت: "منیش وەک ئێوە ناڕازیم" بەس نییە. ئەو خاوەنی ناونیشانی پەرلەمانییە، موچە و مافی پەرلەمانی وەردەگرێت، مافی پرسیار و وتار و پێشنیازی یاسایی هەیە. بۆیە دەبێت ڕاپۆرتی مانگانە یان هەفتانە بڵاو بکاتەوە و بە شێوەی ئاشکرا بڵێت چی کردووە و چی نەیتوانیوە بکات.

## ٩. گەڕاندنەوەی ئەجێندای پەرلەمان بۆ کێشەی خەڵك

پەرلەمانتارەکان لە کاتی بانگەشەدا بەڵێنی موچە، خزمەتگوزاری، شەفافیەت، دادپەروەری، چاکسازی، کار، پەروەردە، تەندروستی و بەرگری لە مافی هاوڵاتیان دەدەن. ئەگەر پاش هەڵبژاردن ئەجێندای پەرلەمان ببێتە پۆست و ململانێی حیزبی، ئەوا دەنگی خەڵک بەکار هاتووە، بەڵام کێشەکانی خەڵک پشتگوێ خراون.

پەرلەمانتار دەبێت داوا بکات پرسی موچە، بودجە، داهات، کارەبا، بێکاری، تەندروستی، خوێندن، گەنجان و شەفافیەت بینە ئەجێندای فەرمی. پەیرەوی ناوخۆ دەڵێت پەرلەمان پرۆسەی یاسادانانی هەیە، کە دەرکردنی یاسا و بڕیار دەگرێتەوە، هەموارکردنی یاسا و بڕیاری هەبوو، و جێبەجێکردن یان هەموارکردنی یاسا فیدراڵییەکان.

## ١٠. هێنانەوەی بڕیارە چارەنووسسازەکان بۆ ناو پەرلەمان

بڕیارە گەورەکان نابێت تەنها لە نێوان سەرکردایەتی حیزبەکاندا یەکلا بکرێنەوە. پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، بودجە، نەوت، موچە، گرێبەستە گەورەکان، پێکهێنانی حکومەت، دەستوری هەرێم، ئاسایش و بڕیارە چارەنووسسازەکان دەبێت بخرێنە ناو پەرلەمان. ئەگەر پەرلەمان دەرەوەی ئەم پرسانە بێت، پەرلەمانتارەکان دەبنە بینەری بڕیار، نەک نوێنەری خەڵک.

پەیرەوی ناوخۆ بۆ بودجە ڕێکاری ڕوونی داناوە: کابینە دەبێت پێشنیازی بودجە پێشکەشی پەرلەمان بکات، حساباتی کۆتایی بدرێت، لیژنەی دارایی ڕاپۆرت بنووسێت، و ئەندامان گفتوگۆی لەسەر بکەن. ئەمە مانای ئەوەیە بودجە و دارایی گشتی نابێت لە دەرەوەی پەرلەماندا بمێنێتەوە.

## ١١.فشاری پەرلەمانتاران بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان

لە ئەگەری نەسازان و ڕێکنەکەوتنی حیزبەکاندا، بۆ دەربازبوون لەم دۆخە چەقبەستووییە، پێویستە پەرلەمانتاران فشار بخەنە سەر حیزب و لایەنە سیاسییەکان. بە تایبەتی ئەو لایەنانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن، دەبووایە هەنگاوی کردەیی و کاریگەرتر بنێن، وەک مانگرتن لە ناو تەلاری پەرلەمان، جوڵاندنی ڕای گشتی و ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی هێزە سەرەکییەکان ناچار بکەن پەرلەمان کارا بکەنەوە.

ئەم جۆرە هەڵوێستە لە مێژووی پەرلەمانی کوردستاندا بێ پێشینە نییە؛ وەک ئەوەی لە خولی یەکەمی پەرلەماندا، (٥٨) پەرلەمانتار لە ناو هۆڵی پەرلەماندا وەک هەڵوێستێکی سیاسی و نیشتیمانی دژ بە شەڕی ناوخۆ مانگرتنیان گرت. ئەو نموونەیە دەریدەخات کە کاتێک قەیران گەورە بێت، پەرلەمانتار نابێت تەنها چاوەڕوانی ڕێککەوتنی حیزبەکان بکات، بەڵکو دەبێت خۆی ببێتە ئامرازی فشار و دەنگی ویژدانی گشتی.

چونکە لە چاوی زۆرێک لە هاوڵاتیانی دەنگدەرەوە، پەرلەمانتاران تەنها بۆ موچە، ئیمتیاز و پاراستنی پێگەی سیاسی چوونەتە پەرلەمان، نەک بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان و بەرگری لە ماف و دەنگی خەڵک. ئەگەر پەرلەمانتاران، بە تایبەتی ئەوانەی خۆیان بە ئۆپۆزسیۆن دەزانن، هەڵوێستێکی ڕوون، بوێرانە و کردەیی نەنوێنن، خۆیان دەبن بە بەشێک لەو قەیرانەی دەیانەوێت خۆیان لێی بێتاوان پیشان بدەن، و زیاتر متمانەی گشتی بە پەرلەمان و نوێنەرایەتی سیاسی دەشکێنن.

ئەو پەرلەمانتارانە چی بکەن، کە دەڵێن "هیچمان پێ ناکرێت"؟

ئەم پاساوە تەنها بەشێک لە ڕاستییەکەیە. بەڵێ، پەرلەمانتارێکی تاک ناتوانێت بە تەنها دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێرێت، کابینە پێکبهێنێت یان ململانێی نێوان حیزبەکان کۆتایی پێبهێنێت. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە هیچ ئەرکێکی نییە. ئەو دەتوانێت و پێویستە ئەمانە بکات:

**١. ئامادەبوونی خۆی بەڵگەدار بکات:** بڵێت من لە هەر دانیشتنێک ئامادەم، دژی شکاندنی نیسابم، و داوا دەکەم دانیشتنەکان بەردەوام بن.

**٢. هەڵوێستی خۆی لە بایکۆت ڕوون بکاتەوە:** ئەگەر حیزبەکەی بایکۆت دەکات، پەرلەمانتار دەبێت بەرامبەر دەنگدەر بڵێت ئایا پشتگیری لەو بایکۆتە دەکات یان نا، و بۆچی.

**٣. هاوپەیمانیی پەرلەمانی لە نێوان ئەندامە کارا و جیاوازەکان دروست بکات:** کاتێک حیزبەکان ڕێک ناکەون، نابێت ڕێگر بێت لەوەی پەرلەمانتارانی جیاواز لەسەر ئەجێندای خەڵک، موچە، بودجە و کاراکردنی پەرلەمان کۆ ببنەوە.

**٤. پێشنیازی نووسراو بڵاو بکاتەوە:** پەرلەمانتار دەبێت بڵێت چارەسەری من ئەمەیە: دانیشتنی بەردەوام، هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی، پێکهێنانی لیژنەکان، سنووردارکردنی بایکۆت، و بڵاوکردنەوەی ناوی غایبەکان.

**٥. ڕاپۆرتی مانگانە بدات بە هاوڵاتیان:** لەو ڕاپۆرتەدا بڵێت: چ هەوڵێکی داوە، چ نامەیەکی ناردووە، چ کەسانێک ڕێگری دەکەن، چ کێشەیەکی یاسایی هەیە، و چ ڕێگایەک پێشنیار دەکات.

**٦. فشار بخاتە سەر سەرکردایەتی حیزبەکەی خۆی:** ئەندامی پەرلەمان نابێت تەنها جێبەجێکاری بڕیاری حیزب بێت. ئەگەر حیزبەکەی ڕێگری لە کاراکردنی پەرلەمان دەکات، ئەو دەبێت ناوخۆی حیزبدا و بە ئاشکرا داوای گۆڕینی ئەو هەڵوێستە بکات.

**٧. داوای کاراکردنی لیژنەکان بکات:** چونکە لیژنەکان دڵی کاری پەرلەمانن، و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت پێکبهێنرێن و هەر ئەندامێک بەشدار بێت. ئەگەر لیژنەکان پێک نەهاتوون، ئەوە خۆی بەڵگەی پەکخستنی ئەرکی پەرلەمانییە.

بە کورتی:

> پەرلەمانتاری هەڵبژێردراو لەم قۆناغەدا تەنها خاوەنی کورسی نییە، بەڵکو پارێزەری مانای پەرلەمانە. ئەگەر پەرلەمان بوەستێت، ئەو نابێت تەنها بڵێت "حیزبەکان ڕێك ناکەون". دەبێت بڵێت: "من چی کردوە بۆ ئەوەی پەرلەمان نەوەستێت"؟

بەپێی پەیرەوی ناوخۆ، پەرلەمانتار ئەرکی ئامادەبوون، تەرخانکردنی کات بۆ کاری پەرلەمانی، بەشداری لە لیژنە، یاسادانان، پرسیارکردن، چاودێری و بەرپرسیاریی هەیە. ئەگەر پەرلەمانتار موچە و مافی پەرلەمانی وەرگرێت، بەڵام هیچ دانیشتن، هیچ لیژنە، هیچ پرسیار، هیچ ڕاپۆرت، هیچ یاسادانان و هیچ هەوڵێکی بەڵگەداری بۆ کاراکردنی پەرلەمان نەبێت، ئەوا لە دیدی خەڵکدا ئەمە کەمتەرخەمییە. لە دیدی یاساییش، ئەگەر غیاب و نەهاتن و پەکخستن بە شێوەی بەڵگەدار تۆمار بکرێت، پەیرەوی ناوخۆ ڕێگەی سزا، بڕینی موچە و تەنانەت باسکردنی لەدەستدانی ئەندامێتیشی داناوە.

واتە پەرلەمانتار نابێت لەم قەیرانەدا خۆی وەک قوربانیی حیزب نیشان بدات. ئەو دەبێت وەک نوێنەری خەڵک هەڵوێست وەربگرێت. خەڵک دەنگی پێداوە، سوێندی خواردووە، کورسی وەرگیراوە؛ ئێستا نۆرەی کردار، ڕاپۆرت، شەفافیەت و بەرپرسیارێتییە.

بە کورتی:

> بە مانای دامەزراوەیی و یاسایی، بە پێی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمانتارانی خولی شەشەم هیچ ئەرکێکی سەرەکیی کاری پەرلەمانیان ئەنجام نەداوە. ئەوەی کراوە تەنها سوێندخواردن و دەستپێکردنی دانیشتنی یەکەمە؛ بەڵام پاش ئەوە، هەنگاوە بنەڕەتییەکان وەستاون.

ئەوەی کراوە تەنها سێ شت بەڵگەی فەرمییان هەیە:

١. سەرۆکی هەرێم بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (٤١٧)ی ساڵی ٢٠٢٤ بانگی ئەندامانی خولی شەشەمی کرد بۆ دانیشتنی یەکەم لە ٢٠٢٤/١٢/٢.

٢. دانیشتنی یەکەم کرا و ئەندامان سوێندیان خوارد.

٣. هەوڵی دەستپێکی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی درا، بەڵام بەهۆی نەبوونی نیسابەوە نەگەیشتە ئەنجام.

### ئەمانە هەنگاوی دەستپێک بوون، نەک ئەنجامی کاری پەرلەمانی.

ئەوەی نەکراوە، بەپێی بەڵگەی بەردەست، پەرلەمانتاران تا ئێستا ئەم ئەرکە بنەڕەتییانەیان بە شێوەی دامەزراوەیی جێبەجێ نەکردووە:

| ئەرك | دۆخی ئێستا |
|---|---|
| هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی | نەکراوە |
| پێکهێنانی لیژنەکان | نەکراوە |
| کاراکردنی دانیشتنە پەرلەمانییەکان | نەکراوە |
| متمانەدان بە کابینەی نوێ | نەکراوە |
| پەسەندکردنی بودجە | نەکراوە |
| چاودێریی حکومەت | نەکراوە |
| یاسادانان و هەمواری یاسا | نەکراوە |
| ڕاپۆرتی شەفاف بە خەڵک لەسەر غیاب و ڕێگرەکان | نەکراوە |
| گرتنەبەری ڕێکار بۆ ڕزگارکردنی پەرلەمان لە بایکۆت و پەکخستن | بە شێوەی کاریگەر نەبینراوە |

لەسەر لیژنەکانیش، بەڵگەکە ڕوونە، پەیرەوی ناوخۆ دەڵێت لیژنەکان دەبێت لە ماوەی ٢٥ ڕۆژدا لە دوای دانیشتنی یەکەم پێکبهێنرێن، و هەر لیژنەیەک لانی کەم دوو جار لە مانگێکدا کۆببێتەوە. بەڵام تا ئێستاش لیژنەکان پێکنەهاتوون، بۆیە پەرلەمانتاران تەنانەت پاداشتی لیژنەیان وەرنەگرتووە، بەڵام موچەی بنەڕەتییان وەرگرتووە.

لەسەر پەرلەمانتارەکان، هەڵسەنگاندنی دادپەروەرانە ئەمەیە: نابێت بڵێین هەموو ٩٧ پەرلەمانتارەکە بە یەک شێوە و بە یەک ئاست بەرپرسیارن. هەندێک پەرلەمانتار ڕەنگە لێدوانیان دابێت، فشارێکی سیاسییان خستبێتە سەر حیزبەکانیان، یان هەوڵی تاکەکەسییان دابێت. بەڵام ئەوە **کارێکی دامەزراوەیی پەرلەمانی نییە**.

هەڵسەنگاندنەکە دەبێت ئەمە بێت:

**لە ئاستی تاکەکەسی:** دەکرێت هەندێک پەرلەمانتار هەوڵی سیاسی یان ڕاگەیاندنییان دابێت.

**لە ئاستی دامەزراوەیی:** نەخێر، پەرلەمان وەک دامەزراوە کارا نیە و هیچی نەکردووە.

**لە ئاستی ئەرکی یاسایی:** ئەو ئەرکانەی دەبوو لە دوای سوێندخواردن جێبەجێ بکرێن، وەک دەستەی سەرۆکایەتی، لیژنەکان، حکومەت، بودجە و چاودێری، بە ئەنجام نەگەیشتوون.

ئایا پاساوی "حیزبەکان ڕێک ناکەون" بەسە؟

نەخێر، ئەو پاساوە بە تەواوی بەس نییە. ڕاستە پەرلەمانتاری تاک ناتوانێت بە تەنها قەیرانی نێوان حیزبەکان چارەسەر بکات، بەڵام دەتوانێت هەندێک شتی بنەڕەتی بکات:

دەبوو ئامادەبوونی خۆی بەڵگەدار بکات؛ دەبوو داوای دانیشتنی بەردەوام بکات؛ دەبوو بایکۆت و شکاندنی نیساب ڕەت بکاتەوە؛ دەبوو بە نووسراو بڵێت کێ ڕێگری دەکات؛ دەبوو ڕاپۆرتی مانگانە بە دەنگدەران بدات؛ دەبوو داوای پێکهێنانی لیژنەکان بکات؛ دەبوو داوا بکات پرسی موچە، بودجە و حکومەتی کاربەڕێکەر بخرێنە ناو کارنامە.

ئەگەر پەرلەمانتار ئەمانەش نەکات و تەنها بڵێت "هیچمان پێ ناکرێت"، ئەوا لە ڕووی سیاسی و ئەخلاقییەوە ئەو قسەیە نابێتە پاکانە. چونکە پەرلەمانتار هەڵبژێردراوە بۆ ئەوەی لە قەیراندا هەڵوێست وەربگرێت، نەک تەنها چاوەڕوانی ڕێککەوتنی حیزبی بێت.

بە کورتی:

**وەڵامی ڕوون ئەمەیە: پەرلەمانتارانی خولی شەشەم تەنها سوێندیان خواردووە و بە فەرمی کورسییان وەرگرتووە، بەڵام تا ئێستا هیچ یەك لە ئەرکە سەرەکییەکانی پەرلەمانیان، بە مانای دامەزراوەیی و کاریگەر، جێبەجێ نەکردووە.**

ئەوەی لە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستاندا کراوە، سوێندخواردنە؛ ئەوەی نەکراوە، خودی پەرلەمانداریيە. دەستەی سەرۆکایەتی هەڵنەبژێردراوە، لیژنەکان پێکنەهاتوون، حکومەت متمانەی وەرنەگرتووە، بودجە پەسەند نەکراوە، چاودێری نەکراوە، یاسادانان نەکراوە و هیچ میکانیزمێکی شەفاف بۆ وەڵامدانەوە بە خەڵک نەبینراوە. بۆیە کێشەکە تەنها ئەوە نییە کە حیزبەکان ڕێک ناکەون؛ کێشەکە ئەوەیە کە نوێنەرانی خەڵک نەیانتوانیوە، یان نەیانویستووە، پەرلەمان لە بارمتەبوونی ئەو ململانێیە ڕزگار بکەن.

## هەڵبژاردنی پێشوەختە، چارەسەر یان دووبارەکردنەوەی قەیران؟

هەڵبژاردنی پێشوەختە بە خۆی نە شانازییە و نە نەنگی. ئەوەی گرنگە ئەوەیە بۆچی دەکرێت، بە چ ڕێکارێک دەکرێت، و دوای ئەنجامەکە چی دەکرێت. ئەگەر هەڵبژاردنی پێشوەختە بۆ گەڕاندنەوەی ڕەوایی، شکاندنی بەستەڵەک و ڕزگارکردنی دەنگی خەڵک بێت، دەتوانێت چارەسەرێکی دەستووری و سیاسی بێت. بەڵام ئەگەر ببێتە هەڵاتن لە بەرپرسیارێتی ئەنجامی هەڵبژاردنی پێشوو، ئەوا تەنها قەیرانێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت.

کێشەی ئێستا تەنها ئەوە نییە کە هەڵبژاردن کراوە یان نەکراوە. قەیرانەکە لە سندوقی دەنگداندا نییە، بەڵکو لە قۆناغی پاش هەڵبژاردنە: ئەنجامی هەڵبژاردن ناتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ پەرلەمانی کارا و حکومەتی نوێ.

لە ڕووی یاسایی و دامەزراوەییەوە، پەرلەمان دەبێت باڵاترین دامەزراوەی یاسادانان و چاودێری بێت لە هەرێم. پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەی (٢)دا پەرلەمان وەک دامەزراوەی سەرەکیی یاسادانان و چاودێری دەناسێنێت؛ ماددەی (٦)یش ماوەی خولی پەرلەمان بە چوار ساڵ دیاری دەکات، و دانیشتنەکانی پەرلەمانیش دەبێت بە ڕێکاری دیاریکراو بەردەوام بن.

بۆیە هەڵبژاردنی پێشوەختە نابێت وەک چارەسەری سادە و خێرا نیشان بدرێت. ئەگەر هەمان هۆکارەکان بمێننەوە، واتە زاڵبوونی حیزب بەسەر دامەزراوەدا، شکاندنی نیساب، بایکۆت، چەقبەستوویی پۆستەکان، و نەبوونی ڕێکاری پابەندکەری پاش هەڵبژاردن، ئەوا هەڵبژاردنی نوێ تەنها ئەنجامێکی نوێ دەدات، بەڵام هەمان قەیران دووبارە دەکاتەوە.

### یەکەم: هەڵوەشانەوەی پەرلەمان نەنگی نییە، ئەگەر ڕێگای یاسایی بێت

ئەگەر حیزبەکان نەگەن بە ڕێککەوتن، هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵک بە خۆی نەنگ نییە. لە سیستەمی دیموکراتیدا، هەڵبژاردنی پێشوەختە جارێک دەبێتە ڕێگای دەرچوون لە چەقبەستوویی، بەتایبەتی کاتێک پەرلەمان ناتوانێت حکومەت پێکبهێنێت یان دەسەڵات بە شێوەیەکی ئاسایی بگوازێتەوە.

هەندێ کات هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و هەڵبژاردنی پێشوەختە دەتوانێت چارەسەرێکی دەستووریی ناچاری بێت کاتێک هێزە سیاسییەکان ناتوانن حکومەت پێکبهێنن. چەند حاڵەتی یاسایی بۆ هەڵوەشانەوەی پەرلەمان هەن، وەک دەستلەکارکێشانەوەی زیاتر لە نیوەی ئەندامان، نەبوونی نیساب لە ماوەی دیاریکراو، یان شکست لە متمانەدان بە کابینە. پاش هەڵوەشانەوە، سەرۆکی هەرێم دەبێت لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا بە فەرمان هەڵبژاردنی گشتی ڕابگەیەنێت، بەو مەرجەی وادەی هەڵبژاردن لە (٦٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت.

کەواتە بابەتەکە ئەوە نییە هەڵبژاردنی پێشوەختە "خراپە" یان "باشە". بابەتەکە ئەوەیە: ئایا بە ڕێگای یاسایی دەکرێت؟ ئایا بۆ شکاندنی چەقبەستووییە؟ ئایا بەڵێنی پابەندبوون بە ئەنجامەکە هەیە؟ ئایا دوای هەڵبژاردن هەمان پەکخستن دووبارە ناکرێتەوە؟

## دووەم: نەنگی ئەوەیە دەنگی خەڵك بە بارمتە بگیرێت

نەنگی سیاسی ئەوە نییە کە، ئەگەر چەقبەستوویی بە هیچ شێوەیەک نەشکێت، جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ خەڵک. نەنگی ڕاستەقینە ئەوەیە نزیکەی دوو ساڵ پەرلەمان، پەرلەمانتارەکان، سوێند، موچەی گشتی و دەنگی خەڵک بە بارمتەی ململانێی حیزبی بگیرێن.

خەڵک دەنگ دەدات بۆ ئەوەی پەرلەمان کار بکات، نەک بۆ ئەوەی دەنگەکەی ببێتە ژمارەیەک لە گفتوگۆی پۆست و پشکی حیزبی. ئەگەر ئەنجامی هەڵبژاردن وەک ئەمانەتێکی گشتی نەبینرێت، ئەوا هەڵبژاردن لە ڕێگای گۆڕانکارییەوە دەگۆڕێت بۆ ڕێوڕەسمێکی بێ ئەنجام.

لەو ڕوانگەیەوە، ئەگەر هەموو ڕێگاکانی ڕێککەوتن، هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی، پێکهێنانی لیژنەکان و متمانەدان بە کابینە شکست بهێنن، هەڵبژاردنی پێشوەختە دەتوانێت ڕێگایەکی ڕاستگۆیانەتر بێت لەوەی پەرلەمان بۆ ماوەی درێژ بێکار بهێڵدرێتەوە.

## سێیەم: چارەسەری سروشتی، سەرەتا تەواوکردنی پرۆسەی حکومەتسازییە

هەڵبژاردنی پێشوەختە نابێت یەکەم بژاردە بێت، بەڵکو دەبێت دوای شکستی ڕێگای ئاسایی بخرێتە بەردەست. ڕێگای ئاسایی ئەوەیە پەرلەمان کارا بکرێت: دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێردرێت، سەرۆکی هەرێم بە ڕێکاری یاسایی دیاری بکرێت، و کابینەی نوێ متمانەی پەرلەمان وەربگرێت. کە هەر ئەمەش ڕێگای یاسایی و دەستووریی سروشتییە بۆ دەرچوون لە چەقبەستوویی.

واتە پێش ئەوەی وەک چارەسەر بانگەشە بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە بکرێت، دەبێت پرسیار بکرێت: بۆچی پەرلەمان کۆنابێتەوە؟ بۆچی دەستەی سەرۆکایەتی هەڵنابژێردرێت؟ بۆچی لیژنەکان پێک نایەن؟ بۆچی حکومەتی نوێ نایەتە بەردەم پەرلەمان؟ ئەگەر وەڵامی ئەمانە تەنها "حیزبەکان ڕێک ناکەون" بێت، ئەوا ئەو قسەیە دەبێتە بەڵگەی قەیرانەکە، نەک پاساوی بەردەوامییەکەی.

## چوارەم: هەڵبژاردنی نوێ بەبێ چاکسازی، هەمان قەیران دووبارە دەکاتەوە

هەڵبژاردنی پێشوەختە تەنها کاتێک چارەسەرە کە ئەو هۆکارانەی قەیرانی ئێستایان دروست کردووە، پێش هەڵبژاردن چارەسەر بکرێن. ئەگەر نەکرێن، هەڵبژاردنی نوێ دەتوانێت هەمان ئەنجام یان هاوسەنگییەکی نزیک لەو بهێنێتەوە، و دووبارە هەمان گفتوگۆ لەسەر پۆست، پشک، دەسەڵات و نیساب دەست پێ بکاتەوە.

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی بژاردەی هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەوەیە نرخی دارایی و سیاسیی بەرزە، و هیچ گەرەنتییەک نییە نەخشەی سیاسی بە شێوازێک بگۆڕێت کە قەیران چارەسەر بکات؛ بە پێچەوانەوە، دەتوانێت هەرێم بگەڕێنێتەوە ناو هەمان بازنەی بێمتمانەیی.

بۆیە هەڵبژاردنی پێشوەختە نابێت وەک "دوگمەی ڕیسێت" دوگمەی سەرلە نوێکردنەوە بەکاربهێنرێت. هەڵبژاردنی نوێ ئەگەر بێ ڕێکاری پاش هەڵبژاردن بێت، تەنها قەیرانی کۆن بە دەنگی نوێ دەهێنێتەوە.

## پێنجەم: مەرجی یەکەم، پابەندبوونی ئاشکرا بە ئەنجامەکان

هەموو لایەنەکان دەبێت پێش هەڵبژاردنی پێشوەختە بە شێوەیەکی فەرمی، نووسراو و ئاشکرا پابەند بن بە قبوڵکردنی ئەنجامەکان. ئەگەر لایەنەکان هەڵبژاردن بکەن، بەڵام پاش دەرچوونی ئەنجام بایکۆت، نیساب شکاندن، ڕێگری لە سەرۆکایەتی پەرلەمان یان ڕێگری لە کابینە بکەن، ئەوا هەڵبژاردن نابێتە چارەسەر.

پابەندبوون بە ئەنجام تەنها ئەوە نییە بڵێن "ئەنجامەکانمان قبوڵە". دەبێت بڵێن: لە ماوەی دیاریکراو دەچینە دانیشتن؛ دەستەی سەرۆکایەتی هەڵدەبژێرین؛ لیژنەکان پێکدەهێنین؛ کابینە دێتە بەردەم پەرلەمان؛ و کێشەکان لە ناو پەرلەماندا چارەسەر دەکەین، نەک بە پەکخستنی پەرلەمان.

## شەشەم: بایکۆت و پەکخستن دوای هەڵبژاردن دەبێت نرخی هەبێت

هەڵبژاردنی پێشوەختە تەنها کاتێک مانای هەیە کە دوای هەڵبژاردن هیچ لایەنێک نەیتوانێت بە بێ نرخ پەرلەمان بوەستێنێت. پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، لە ماددەی ٥دا، نیساب بە ئامادەبوونی زۆرینەی ڕەهای ئەندامان دەبەستێتەوە، و دەڵێت ئەگەر نیساب نەبێت دانیشتن دوا دەخرێت؛ ئەمە لە کردەوەدا دەکرێت ببێتە ئامرازی پەکخستن، ئەگەر بایکۆت و نەهاتن بە بەرپرسیارییەوە نەبەسترێتەوە.

بۆیە پێویستە پێش هەڵبژاردنی پێشوەختە ڕێکارێکی ڕوون دابنرێت: ناوی غایبەکان بڵاو بکرێتەوە، بڕینی موچە هەبێت، بایکۆتی پەکخەر سنووردار بکرێت، و هیچ فراکسیۆنێک نەیتوانێت دەنگی خەڵک بە شکاندنی نیساب بە بارمتە بگرێت.

## حەوتەم: یاسای هەڵبژاردن، کۆتا، بازنەکان و کۆمسیۆن دەبێت پێش هەڵبژاردن چارەسەر بکرێن

هەرێم نابێت بچێتە ناو هەڵبژاردنێکی نوێ بە هەمان کێشە یاسایی و سیاسییەکانی پێشوو. یاسای هەڵبژاردن، کۆتا، بازنەکان، ڕۆڵی کۆمسیۆن، شێوازی چاودێری و ڕێکاری تانەکان دەبێت پێش دەستپێکردنی هەڵبژاردن ڕوون بکرێن. ئەگەر ئەمانە ڕوون نەبن، هەڵبژاردن خۆی دەبێتە سەرچاوەی ناکۆکیی نوێ.

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەبێت لانی کەم هەر چوار ساڵ جارێک بکرێن. بەڵام ئەوەی ئێستا گرنگترە ئەوەیە کە هەڵبژاردن تەنها لە کاتی خۆیدا نەکرێت، بەڵکو بە ڕێکارێکی ڕوون، قبوڵکراو و پابەندکەر بکرێت.

## هەشتەم: ڕێکاری پاش هەڵبژاردن دەبێت کاتی و پابەندکەر بێت

یەکێک لە لاوازییە گەورەکان ئەوەیە کە پاش هەڵبژاردن قۆناغەکان دەکرێنە بابەتی ڕێککەوتنی حیزبیی بێ کات. ئەمە نابێت دووبارە بکرێتەوە. پێویستە ڕێکاری پاش هەڵبژاردن کاتی و پابەندکەر بێت: چەند ڕۆژ دوای پشتڕاستکردنەوەی ئەنجام، دانیشتنی یەکەم دەکرێت؛ چەند ڕۆژ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان؛ چەند ڕۆژ بۆ پێکهێنانی لیژنەکان؛ چەند ڕۆژ بۆ پێشکەشکردنی کابینە؛ و چی دەکرێت ئەگەر هەر هەنگاوێک پەک بکەوێت.

پەیڕەوی ناوخۆ خۆی هەندێک بنەمای کاتی داناوە. بۆ نموونە، ماددەی (٣) دەڵێت پەرلەمان دەبێت پاش بانگهێشتی سەرۆکی هەرێم و لە ماوەی دیاریکراودا کۆببێتەوە، ماددەی (٢٨)یش دەڵێت لیژنە هەمیشەییەکان دەبێت لە ماوەی (٢٥) ڕۆژدا لە کۆتایی دانیشتنی یەکەم پێکبهێنرێن. ئەم لۆژیکە دەبێت بۆ هەموو قۆناغەکانی پاش هەڵبژاردن فراوان بکرێت.

## نۆیەم: حکومەتی کاربەڕێکەر دەبێت سنووردار بکرێت

هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەگەر ببێت، حکومەتی کاربەڕێکەر نابێت لە دۆخی کاتییەوە بگۆڕدرێت بۆ دۆخی ئاسایی. کێشەی ئێستا ئەوەیە درێژبوونەوەی چەقبەستوویی حکومەتی کاربەڕێکەر دەکاتە دەسەڵاتێکی درێژخایەن بەبێ متمانەی نوێ و بەبێ چاودێریی پەرلەمانیی پێویست.

هەر بۆیەش دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەتی هەرێم پاش هەڵبژاردنی ٢٠٢٤ قەیرانە یاسایی، ئابووری و سیاسییەکانی قووڵتر کردۆتەوە و ماوەی حکومەتی کاربەڕێکەری درێژ کردووەتەوە، بە شێوەیەک کە ڕەوایی و کێشی بڕیارەکانی لە ئاستی فیدراڵیدا لاواز دەبێت.

بۆیە، هەڵبژاردنی پێشوەختە تەنها کاتێک واتادارە کە حکومەتی کاربەڕێکەر سنووردار بکرێت: نابێت بڕیاری ستراتیژی بدات، گرێبەستی گەورە ببەستێت، یان بێ چاودێری خەرجی گەورە بکات. ئەرکی ئەو حکومەتە دەبێت بەڕێوەبردنی کارە ڕۆژانە و پاراستنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بێت تا حکومەتی نوێ متمانە وەردەگرێت.

## دەیەم: هەڵبژاردنی پێشوەختە نابێت ببێتە هەڵاتن لە بەرپرسیاری

هەندێک جار هەڵبژاردنی پێشوەختە بەکار دەهێنرێت بۆ ئەوەی لایەنە سیاسییەکان خۆیان لە وەڵامدانەوەی شکستەکانی پێشوو بدزنەوە. ئەمە نابێت ڕوو بدات. ئەگەر پەرلەمان هەڵبوەشێندرێتەوە، پێش ئەوەی هەڵبژاردنی نوێ بکرێت، دەبێت خەڵک بزانێت: کێ ڕێگری لە کاراکردنی پەرلەمان کرد؟ بۆچی دەستەی سەرۆکایەتی هەڵنەبژێردرا؟ بۆچی لیژنەکان پێکنەهاتوون؟ بۆچی کابینە نەهاتە بەردەم پەرلەمان بۆ متمانە؟ پەرلەمانتارەکان چییان کرد و چییان نەکرد؟

بێ ئەم ڕوونکردنەوەیە، هەڵبژاردنی نوێ دەبێتە سپیکردنەوەی پەڕەیەکی ڕەش، نەک چارەسەر. خەڵک نابێت جارێکی تر دەنگ بدات بێ ئەوەی بزانێت دەنگەکەی پێشووی بۆچی بەرهەمی نەبوو.

## یانزەهەم: بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە، ڕێککەوتنی سیاسیی پێشوەختە پێویستە

هەڵبژاردنی پێشوەختە نابێت بە شێوەیەکی پەرت و بێ بنەما ڕابگەیەنرێت. پێش هەڵبژاردن دەبێت ڕێککەوتنێکی سیاسیی ئاشکرا هەبێت لەسەر ئەمانە:

پابەندبوون بە ئەنجامەکان؛ پابەندبوون بە کاتی دانیشتنی یەکەم؛ ڕێکاری هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی؛ پێکهێنانی لیژنەکان لە ماوەی دیاریکراو؛ هێنانی کابینە بۆ بەردەم پەرلەمان؛ سنووردارکردنی بایکۆت؛ پاراستنی مافی ئۆپۆزسیۆن؛ و دابینکردنی شەفافیەت لە داهات، بودجە و موچە.

ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە نەبێت، هەڵبژاردنی پێشوەختە دەبێتە بازنەیەکی نوێی هەمان ململانێ. واتە خەڵک دەنگ دەدات، حیزبەکان ئەنجامەکە وەردەگرن، بەڵام دوای ئەوە پەرلەمان جارێکی تر دەکەوێتە بارمتەی ڕێککەوتنی پۆست و پشک.

## دوازدەهەم: مەترسییەکی تر، دەستبردنی قەیران بۆ بەغدا و دادگای فیدراڵییە

ئەگەر هەرێم نەتوانێت خۆی قەیرانی پاش هەڵبژاردن چارەسەر بکات، ئەوا کێشەکە دەتوانێت زیاتر بچێتە ناو چوارچێوەی فیدراڵی. چونکە ئەگەر قەیرانی درێژخایەن بەردەوام بێت، دەتوانرێت وەک کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی ئەرکی دەستووری یان پێشێلکردنی بنەمای سەروەریی خەڵک بخرێتە بەردەم دادگای فیدراڵی؛ ئەمەش چارەسەری قەیرانی ناوخۆیی هەرێم دەگوازێتەوە بۆ دامەزراوە فیدراڵییەکان.

ئەمە زۆر گرنگە. چونکە پەرلەمانی کارا تەنها بۆ ناوخۆ گرنگ نییە، بەڵکو بۆ پاراستنی دەسەڵات و مافی دەستووریی هەرێمیش گرنگە. هەرێم کاتێک دەتوانێت بە دەنگی بەرز بڵێت: "خۆم کاروباری خۆم بەڕێوە دەبەم” کە پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکانی خۆی کارا بن.

## کۆتایی: هەڵبژاردنی پێشوەختە کەی چارەسەرە و کەی مەترسییە؟

هەڵبژاردنی پێشوەختە چارەسەرە، ئەگەر ببێتە دەروازەی نوێکردنەوەی ڕەوایی، گەڕاندنەوەی بڕیار بۆ خەڵک، و کۆتاییهێنان بە بارمتەگرتنی پەرلەمان. بەڵام دەبێتە مەترسی، ئەگەر بەکاربهێنرێت بۆ هەڵاتن لە بەرپرسیاریی ئەنجامی هەڵبژاردنی پێشوو، یان بۆ بەرهەمهێنانی ئەنجامێکی نوێ بەبێ چارەسەرکردنی هۆکارەکانی قەیران.

بە کورتی:

> هەڵوەشـانەوەی پەرلەمـان، ئەگەر بە ڕێـگـای یاسـایی و پـاش شکسـتی هەمـوو هەوڵەکـانی چارەسـەر بێت، نەنگ نییە. نەنگ ئەوەیە پەرلەمان، پەرلەمانتـار، سـوێند، مـوچەی گـشـتی و دەنگـی خەڵـك بـۆ ساڵ و نیوێك، دوو ساڵ یان زیاتر بە بارمتەی ململانێی حیزبی بگیرێن.

بۆیە پێویستە دوو ڕێگا بە ڕوونی بخرێنە بەردەم هێزە سیاسییەکان: یان بە خێرایی پەرلەمان کارا بکەن، دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێرن، لیژنەکان پێکبهێنن، حکومەت بخەنە بەردەم متمانە و ئەجێندای خەڵک بگەڕێننەوە ناو پەرلەمان؛ یان بە ڕێگای یاسایی و شەفاف بگەڕێنەوە بۆ خەڵک. ئەوەی قبوڵکراو نییە، ئەوەیە هیچ کام لەم دوو ڕێگایە نەگرنە بەر و هەرێم لە بۆشایی دامەزراوەیی و سیاسییەکی بێکۆتاییدا بهێڵنەوە.

## دەرئەنجام

هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی هەستیار، ئاڵۆز و مەترسیداردا دەژی. ئەوەی ڕوودەدات تەنها دواخستنی دانیشتنێکی پەرلەمانی یان ناکۆکییەکی ئاساییی نێوان حیزبەکان نییە، بەڵکو قەیرانێکی قووڵی دامەزراوەیی، یاسایی، سیاسی، دارایی و جەماوەرییە. ئەم دۆخە واتای دواخستنی یاسا، چاودێری، بودجە، دەستور، موچە، لێپرسینەوە، بەرپرسیاری و متمانەی گشتییە.

خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەبوو دوای هەڵبژاردن ببێتە قۆناغی نوێی کار، چاکسازی، یاسادانان، چاودێری و نوێکردنەوەی متمانەی خەڵک. (١٠٠) ئەندام هەڵبژێردران، (٩٧) ئەندام سوێندیان خوارد، بەڵێنیان دا، کورسییان وەرگرت و بوون بە نوێنەری فەرمیی دەنگدەران. بەڵام ئەوەی لە کرداردا ڕوویدا، کارانەبوونی پەرلەمان، هەڵنەبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی، پێکنەهێنانی لیژنەکان، پێکنەهاتنی حکومەتی نوێ، نەبوونی بودجەی پەرلەمانی، و بێدەنگی لە بەرامبەر پرسی موچە و کێشەکانی خەڵک بوو.

ئەمە نابێت وەک دۆخێکی ئاسایی سەیر بکرێت. پەرلەمانی ناکارا واتای هاوڵاتیی بێ نوێنەرایەتییە. پەرلەمانتاری بێکردار واتای کورسییەکە بێ ناوەڕۆک. سوێندی بێ کردار واتای پابەندییەکە بەجێنەگەیاندراو. هەڵبژاردنی بێ ئەنجامی دامەزراوەیی واتای ئەوەیە دەنگی خەڵک لە سندوقەوە نەگەیشتووەتە ناو بڕیار.

لە بنەڕەتدا، قەیرانەکە قەیرانی سێ شتی سەرەکییە:

### یەکەم: قەیرانی سوێندی بەجێنەگەیاندراوە.

پەرلەمانتاران سوێندیان خوارد بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکان، خەڵک، خاک و دامەزراوەکانی هەرێم. بەڵام ئەو سوێندە نابێت تەنها لە ڕۆژی یەکەمی دانیشتنەوە بمێنێتەوە. سوێند واتای کارکردنە، ئامادەبوونە، چاودێرییە، یاسادانانە، لێپرسینەوەیە و پاراستنی مافی هاوڵاتیانە. کاتێک ئەمانە جێبەجێ ناکرێن، سوێند لە مانای خۆی خاڵی دەبێتەوە.

### دووەم: قەیرانی دامەزراوەی پەکخراوە.

پەرلەمان هەیە، بەڵام کار ناکات. پەرلەمانتار هەیە، بەڵام دانیشتن نییە. سوێند هەیە، بەڵام لیژنە نییە. هەڵبژاردن هەیە، بەڵام حکومەتی نوێ نییە. ئەمە قەیرانی ناوەڕۆکە، نەک تەنها قەیرانی فۆرم. دامەزراوەکان کاتێک مانایان هەیە کە کار بکەن، چاودێری بکەن و بڕیار بدەن.

## سێیەم، قەیرانی متمانەی خەڵکە.

هاوڵاتی دەنگی داوە، بەڵێنی بیستووە، پەرلەمانتاری هەڵبژاردووە، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەیدا نە موچەی بە پارێزراو بینیوە، نە بودجەی شەفاف، نە چاودێریی حکومەت، نە یاسادانان، نە وەڵامدانەوە. ئەمە مەترسیدارترین بەشی قەیرانەکەیە، چونکە کاتێک متمانە لە پەرلەمان دەڕووخێت، متمانە لە هەموو پرۆسەی سیاسی لاواز دەبێت.

ئەگەر ئەم دۆخە بەردەوام بێت، زیانەکە تەنها لە ناوخۆدا نامێنێتەوە. هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر بەغدا لاوازتر دەبێت، چونکە ناتوانێت بە بەڵگەی دامەزراوەیی بڵێت پەرلەمان و حکومەت و دەزگاکانی کار دەکەن. دەرگا بۆ دەستوەردانی فیدراڵی، دادگایی، دارایی و هەڵبژاردنی زیاتر دەکرێتەوە. لە هەمان کاتدا، متمانەی نێودەوڵەتی بە توانای هەرێم بۆ خۆبەڕێوەبردن کەم دەبێتەوە، و هاوڵاتیان زیاتر هەست دەکەن دەنگیان مانایەکی کرداری نییە.

لە ڕووی دارایی و کۆمەڵایەتیشەوە، نرخی ئەم بۆشاییە ڕاستەوخۆ لەسەر شانی خەڵک دەکەوێت. موچە دوا دەکەوێت، بودجە شەفاف نابێت، خزمەتگوزارییەکان لاواز دەبن، بازاڕ زیان دەبینێت، گەنجان بێهیوایی زیاتر ڕویان تێدەکات، و پرسی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان دەبێتە قوربانیی ململانێی سیاسی. بۆیە قەیرانی پەرلەمان قەیرانی هۆڵێکی داخراو نییە، قەیرانی ماڵ، بازاڕ، قوتابخانە، نەخۆشخانە و داهاتووی خەڵکە.

یەکێك لە پرسیارە سەرەکییەکان ئەمەیە کە: ئەگەر پەرلەمانتار سوێند بخوات، موچە وەربگرێت، بەڵێن بدات، بەڵام پەرلەمان کار نەکات، ئەوا دەنگی هاوڵاتی لە کوێدا نوێنەرایەتی دەکرێت؟

ئەم پرسیارە نابێت بێ وەڵام بمێنێتەوە. وەڵامەکە تەنها بە لێدوان نادرێت، بەڵکو بە کردار دەدرێت. پەرلەمان دەبێت بە خێرایی کۆببێتەوە، دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێرێت، لیژنەکان پێکبهێنێت، حکومەت بانگ بکات، بودجە بخاتە ژێر چاودێری، پرسی موچە بکاتە کاری لەپێشینەی، بڕیارە ستراتیژییەکان بگەڕێنێتەوە ناو پەرلەمان، و بە شێوەی مانگانە ڕاپۆرتی کار و کەمتەرخەمییەکان بڵاو بکاتەوە.

هەروەها، دەبێت بایکۆت و پەکخستنی پەرلەمان بێ نرخ نەبێت. ئامادەنەبوون لە دانیشتن، شکاندنی نیساب و بە بارمتەگرتنی دامەزراوەی پەرلەمان دەبێت بەرپرسیاریی سیاسی، یاسایی و داراییی لێ بکەوێتەوە. مافی ناڕەزایی پارێزراوە، بەڵام مافی پەکخستنی دەنگی خەڵک نابێت بێ سنوور بێت.

لە هەمان کاتدا، ئەگەر هەموو هەوڵەکان بۆ ڕێککەوتن و کاراکردنی پەرلەمان شکست بهێنن، گەڕانەوە بۆ خەڵک بە ڕێگای یاسایی و هەڵبژاردنی پێشوەختە نابێت وەک نەنگ سەیر بکرێت. نەنگ ئەوە نییە کە پەرلەمان

هەڵبوەشێندرێتەوە و خەڵک دووبارە بڕیار بدات. نەنگ ئەوەیە دەنگی خەڵک، پەرلەمان، پەرلەمانتار، سوێند و موچەی گشتی بۆ ماوەی درێژ بە بارمتەی ململانێی حیزبی بگیرێن.

کۆتاییهێنان بەم دۆخە پێویستی بە سێ بنەمای سەرەکی هەیە: **بڕیاری خێرا، شەفافیەتی تەواو، و لێپرسینەوەی ڕاستەقینە.** بێ ئەمانە، هەر دانیشتنێک دەبێتە ڕێوڕەسم، هەر بەڵێنێک دەبێتە وتار، و هەر هەڵبژاردنێک دەبێتە دووبارەکردنەوەی قەیران.

لە کۆتاییدا، پەرلەمان دەبێت بگەڕێتەوە بۆ مانای ڕاستەقینەی خۆی: شوێنی یاسادانان، چاودێری، لێپرسینەوە، شەفافیەت و نوێنەرایەتیی خەڵک. ئەگەر ئەمە نەکرێت، بۆشایی یاسایی درێژ دەبێتەوە، نرخی قەیرانەکە زیاتر دەبێت، و زیانەکەش لەسەر شانی خەڵک، دامەزراوەکان، متمانەی گشتی و داهاتووی هەرێمی کوردستان دەکەوێت.

بەکورتی:

ئەم قەیرانە تەنها قەیرانی پەرلەمانێکی دانەنیشتوو نییە، قەیرانی سوێندێکی بەجێنەگەیاندراو، دامەزراوەیەکی پەککخراو و متمانەیەکی شکێندراوە. چارەسەرەکەش ڕوونە: پەرلەمان یان دەبێت بە خێرایی بگەڕێتەوە ناو کار، یان دەبێت بە ڕێگای یاسایی بگەڕێنرێتەوە بۆ خەڵك. ئەوەی قبوڵکراو نییە، بەردەوامیی بێکاری، بێدەنگی و بە بارمتەگرتنی دەنگی هاوڵاتیانە.

# پێشنیار و ڕاسپاردە کردارییەکان

# بۆ کۆتاییهێنان بە بۆشایی یاسایی و کارانەبوونی پەرلەمان

بۆ کۆتاییهێنان بە بۆشایی یاسایی و کارانەبوونی پەرلەمانی کوردستان، پێویستە چارەسەرەکان تەنها لە ئاستی لێدوانی سیاسی و داواکاریی گشتی نەوەستن، بەڵکو ببنە هەنگاوی کرداری، کاتی، یاسایی و پابەندکەر. کێشەکە ئەوە نییە کە پەرلەمان هەیە یان نییە؛ کێشەکە ئەوەیە کە پەرلەمان وەک دامەزراوەی یاسادانان و چاودێری کارا نەکراوەتەوە. پەرلەمانی کوردستان بە پێی ڕۆڵە فەرمییەکانی خۆی ئەرکی یاسادانان، چاودێریی حکومەت، پەسەندکردنی بودجە، متمانەدان بە حکومەت و گفتوگۆ لەسەر پرسە گشتییەکانی هەیە.

## ١. کۆبوونەوەی خێرای پەرلەمان بە کارنامەی ڕوون

یەکەم هەنگاو ئەوەیە پەرلەمان بە خێرایی کۆبکرێتەوە، بەڵام نەک بە دانیشتنێکی فۆرمی و بێ ئەنجام. دانیشتنەکە دەبێت کارنامەیەکی ڕوون، کاتی دیاریکراو و خاڵە پابەندکەرەکانی هەبێت: هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی، دانانی ڕۆژمێری پێکهێنانی لیژنەکان، بانگهێشتکردنی حکومەت، و دانانی خشتەی کاتی بۆ کارە دواخراوەکان. ئەگەر دانیشتن تەنها بۆ نیشاندانی بوونی پەرلەمان بێت، بەڵام هیچ بڕیارێکی کرداری لێ نەکەوێتەوە، ئەوا قەیرانەکە چارەسەر ناکات.

لە دانیشتنی یەکەمی خولی شەشەمدا، ئەندامان سوێندیان خوارد و بابەتی هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی خراوەتە بەردەم دانیشتن، بەڵام بەهۆی نەبوونی نیسابی یاساییەوە دانیشتن دواخرا. ئەمە نیشانی دەدات گەڕانەوە بۆ دانیشتن بە تەنها بەس نییە؛ دانیشتنەکە دەبێت لەگەڵ ڕێکارێکی گەرەنتیکراو بێت بۆ ئەوەی هەمان شکستی پێشوو دووبارە نەبێتەوە.

## ٢. هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی

بێ دەستەی سەرۆکایەتی، پەرلەمان ناتوانێت وەک دامەزراوە کار بکات. سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو دامەزراوەیەیە کە دانیشتنەکان ڕێکدەخات، کارنامە دیاری دەکات، پەیوەندیی فەرمی لەگەڵ حکومەت و دامەزراوەکان بەڕێوە دەبات و چاودێری ڕێکاری ناوخۆیی پەرلەمان دەکات. پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەسەڵات و ئەرکەکانی سەرۆکایەتی دیاری کردووە، لەوانەش کردنەوە، بەڕێوەبردن، دواخستن و دیاریکردنی دانیشتنەکان.

بۆیە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی نابێت ببێتە بابەتی چاوەڕوانیی بێکۆتایی. پێویستە هێزە سیاسییەکان، پێش دانیشتن، ڕێککەوتنێکی کرداری بکەن کە هەرچی ئەنجامی دەنگدان بێت، پرۆسەکە قبوڵ دەکەن و نیساب ناشکێنن. ئەگەر هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی دەبێتە یەکەم قوفڵ، ئەوا هەموو کارەکانی دواتر بە قوفڵی دەمێننەوە.

## ٣. پێکهێنانی لیژنە هەمیشەیی و تایبەتەکان

زۆربەی کاری جدییەکانی پەرلەمان، وەک پێداچوونەوە بە یاساکان، بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاسا، بانگهێشتکردنی وەزیران، ڕاپۆرتسازی و چاودێریی حکومەت، لە لیژنەکاندا دەکرێت. لەگەڵ شارەزایان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕاوێژ دەکەن و ڕای خۆیان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان پێشکەش دەکەن.

بەپێی پەیرەوی ناوخۆ، لیژنەکان دەبێت لە ماوەی دیاریکراودا پێکبهێنرێن و هەر لیژنەیەک بە شێوەی بەردەوام کۆببێتەوە. بۆیە پێویستە لە یەکەم مانگی کاراکردنەوەی پەرلەماندا، لیژنە هەمیشەییەکان پێکبهێنرێن و چەند لیژنەی تایبەتیش بۆ قەیرانە هەنووکەییەکان دروست بکرێن، وەک لیژنەی تایبەت بۆ موچە، بودجە، نەوت و پەیوەندیی هەرێم و بەغدا.

## ٤. دانانی خشتەی کاتی بۆ جێبەجێکردنی کارە دواخراوەکان

پەرلەمان نابێت بە قسەی گشتی بڵێت "کارەکان دەست پێ دەکەین". پێویستە خشتەی کاتی بڵاو بکرێتەوە. بۆ نموونە: لە ماوەی (٧) ڕۆژدا دەستەی سەرۆکایەتی هەڵبژێردرێت؛ لە ماوەی (٢٥) ڕۆژدا لیژنەکان پێکبهێنرێن؛ لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا حکومەت بانگ بکرێت بۆ ڕاپۆرتی دارایی؛ لە ماوەی (٦٠) ڕۆژدا پرۆژەی بودجە بخرێتە بەردەم پەرلەمان؛ و لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا ڕاپۆرتی یەکەمی چاودێریی حکومەت بڵاو بکرێتەوە.

خشتەی کاتی گرنگە چونکە قەیرانی ئێستا بەشێک لە نەبوونی کات و پابەندیی کردارییەوە دروست بووە. کاتێک هیچ سنوورێکی کاتی نییە، ململانێی حیزبی دەتوانێت هەموو دامەزراوەیەک بە بێکۆتایی ڕابگرێت. پەیرەوی ناوخۆ خۆی چەند بنەمای کاتی و ڕێکخستنی بۆ دانیشتن و لیژنەکان داناوە، بۆیە پێویستە ئەم بابەتە بۆ هەموو کارە دواخراوەکان فراوان بکرێت.

## ٥. بانگهێشتکردنی حکومەت بۆ ڕاپۆرتی دارایی، موچە، بودجە، نەوت و بەغدا

یەکێک لە یەکەم کارەکانی پەرلەمانی کارا دەبێت بانگهێشتکردنی حکومەت بێت. پەرلەمان دەبێت داوای ڕاپۆرتی فەرمی بکات لەسەر: داهاتی ناوخۆ، داهاتی نەوت، داهاتی گومرگ، خەرجییەکان، قەرز، موچە، پێویستی داراییی مانگانە، ڕێککەوتنەکانی هەرێم و بەغدا، و کێشەکانی بودجەی فیدراڵی.

ئەمە نابێت ببێتە دانیشتنێکی ڕاگەیاندنی. دەبێت حکومەت ژمارە، بەڵگە، ڕاپۆرت و خشتەی دارایی پێشکەش بکات. پەرلەمانیش دەبێت لە ڕێگەی لیژنەی دارایی و لیژنەکانی تر، ئەو ڕاپۆرتانە بپشکنێت. پەرلەمان بەپێی ڕۆڵی خۆی دەسەڵاتی چاودێریی حکومەت و پەسەندکردنی بودجەی هەیە، بۆیە پرسی دارایی و موچە لە ناوەڕۆکی ئەرکی پەرلەماندایە.

## ٦. پەسەندکردنی بودجە و کۆتاییهێنان بە بەڕێوەبردنی دارایی بێ یاسای بودجە

بودجە تەنها خشتەی ژمارە نییە؛ بودجە یاسای بەڕێوەبردنی پارەی گشتییە. بێ بودجە، هاوڵاتی نازانێت داهات چۆن کۆدەکرێتەوە، پارەی گشتی بۆ کوێ دەچێت، کێ چاودێری دەکات و چ ئەولەویەتێک هەیە. بێ بودجە، شەفافیەت لاواز دەبێت؛ بێ شەفافیەت، متمانە نامێنێت.

پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ڕێکاری پێشکەشکردن، تاوتوێکردن و پەسەندکردنی بودجە دیاری کردووە. ئەمە واتای ئەوەیە بودجە نابێت لە دەرەوەی پەرلەماندا بەڕێوە ببرێت یان تەنها بە ڕێکاری کارگێڕی بکرێت. پەرلەمان دەبێت داوای پڕۆژەی بودجە و حساباتی کۆتایی بکات، لیژنەی دارایی ڕاپۆرت ئامادە بکات و دواتر بودجە بە گفتوگۆی گشتی پەسەند بکرێت.

## ٧. دەستپێکردنی پرۆسەی نووسینەوە و پەسەندکردنی دەستوری هەرێم

قەیرانەکانی هەرێم بەشێکیان لە نەبوونی دەستورێکی کۆتایی و جێگیرەوە قووڵتر بوونەتەوە. دەستور دەبێت سنووری دەسەڵاتەکان، پەیوەندی نێوان پەرلەمان و حکومەت و سەرۆکایەتی، مافی هاوڵاتیان، میکانیزمی چارەسەری قەیران، و ڕێکاری هەڵوەشانەوەی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت دیاری بکات.

دەستووری عێراق لە ماددەی (١٢٠)دا دەڵێت هەر هەرێمێک دەستورێکی خۆی دادەنێت کە پێکهاتەی دەسەڵاتەکانی هەرێم و میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتانە دیاری بکات، بە مەرجێک دژ بە دەستووری عێراق نەبێت. ئەمە بنەمایەکی دەستوورییە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان دەستوری خۆی بە شێوەیەکی ڕوون و پابەندکەر بخاتە کار.

## ٨. گێڕانەوەی بڕیارە ستراتیژییەکان بۆ ناو پەرلەمان

بڕیارە ستراتیژییەکان نابێت لە بازنەی داخراوی حیزبی یان حکومیدا یەکلا بکرێنەوە. پرسی بەغدا، نەوت، بودجە، گرێبەستە گەورەکان، ئاسایش، پێشمەرگە، پەیوەندیی دەرەکی، موچە و دەستوری هەرێم دەبێت بخرێنە ناو پەرلەمان. هەر بڕیارێکی گەورە کە کاریگەری لەسەر داهاتووی هەرێم و ژیانی خەڵک هەیە، دەبێت لە ژێر چاودێریی نوێنەرانی خەڵکدا بێت.

ئەگەر بڕیارە ستراتیژییەکان لە دەرەوەی پەرلەمان بگیرێن، پەرلەمان دەبێتە بینەری بڕیار، نەک ناوەندی بڕیار. ئەمە پێچەوانەی ڕۆڵی پەرلەمانە و متمانەی خەڵک لاواز دەکات. پەرلەمان بە پێی دەسەڵاتە فەرمییەکانی خۆی ئەرکی چاودێری و گفتوگۆی لەسەر پرسە گشتییەکان هەیە، بۆیە دەبێت بڕیارە گەورەکان بگەڕێنەوە ناو ئەو دامەزراوەیە.

## ٩. بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی مانگانەی کاری پەرلەمانتاران

شەفافیەت دەبێت بە سیستەم بکرێت، نەک تەنها دروشم. پێویستە هەر مانگ ڕاپۆرتێکی گشتی بڵاو بکرێتەوە لەسەر کاری پەرلەمانتاران: کێ ئامادە بووە، کێ غایب بووە، کێ بایکۆتی کردووە، کێ بەشداری لیژنەکان بووە، کێ پرسیاری لە حکومەت کردووە، کێ پێشنیازی یاسایی داوە، و کێ هیچ چالاکییەکی بەڵگەداری نەبووە.

پەیرەوی ناوخۆ خۆی سزای غیاب و بڵاوکردنەوەی ناوی ئامادەنەبووانی لە حاڵەتی دیاریکراودا پێشبینی کردووە. ئەم بنەمایە دەبێت فراوان بکرێت بۆ هەموو کارنامەی پەرلەمانتار، چونکە خەڵک مافی ئەوەی هەیە بزانێت نوێنەرەکەی چی دەکات و لە کوێی قەیرانەکەدا وەستاوە.

## ١٠. دانانی میکانیزمی چاودێریی مەدەنی

پەرلەمان نابێت تەنها خۆی خۆی هەڵبسەنگێنێت. پێویستە میکانیزمێکی چاودێریی مەدەنی دروست بکرێت کە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، زانکۆ، پسپۆڕانی یاسا، ڕاگەیاندن و ناوەندەکانی توێژینەوە بتوانن بە شێوەیەکی ڕێکخراو کاری پەرلەمان هەڵبسەنگێنن. ئەم میکانیزمە دەتوانێت ڕاپۆرتی سێ مانگانە بڵاو بکاتەوە لەسەر ئامادەبوون، لیژنەکان، یاسادانان، چاودێری، بودجە و وەڵامدانەوە.

ئەمە دەستوەردان نییە، بەڵکو بەهێزکردنی لێپرسینەوەی گشتییە. پێوەرە نێودەوڵەتییەکانیش بایەخ بە شەفافیەت، لێپرسینەوە و چاودێری پەرلەمانی دەدەن، چونکە پەرلەمانێکی کارا تەنها بە دانیشتنەکان پێوانە ناکرێت، بە توانای چاودێری، وەڵامدانەوە و گەڕاندنەوەی دەنگی خەڵک بۆ ناو بڕیار پێوانە دەکرێت.

## ١١. سنووردارکردنی دەسەڵاتی حکومەتی کاربەڕێکەر

حکومەتی کاربەڕێکەر نابێت ببێتە حکومەتی ئاسایی بە ماوەی درێژ. ئەرکی حکومەتی کاربەڕێکەر دەبێت بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانە، پاراستنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و دڵنیابوون لە بەردەوامیی دامەزراوەکان بێت، نەک بڕیارە ستراتیژییە گەورە، گرێبەستە درێژخایەنەکان، گۆڕانکاریی دارایی گەورە و بڕیارە

چارەنووسسازەکان. لە دۆخی چەقبەستوویی سیاسیدا، درێژبوونەوەی حکومەتی کاربەڕێکەر ڕەوایی و چاودێری لاواز دەکات.

## ١٢. پاراستنی مافی ئۆپۆزسیۆن بە یاسا

پەرلەمانێکی کارا تەنها بە زۆرینە دروست نابێت؛ بە ئۆپۆزسیۆنی بەهێز، پارێزراو و خاوەن ئامرازیش دروست دەبێت. ئەگەر ئۆپۆزسیۆن مافی پرسیار، ڕاپۆرت، بەشداری لە لیژنەکان، سەرۆکایەتی هەندێک لیژنەی چاودێری و دەستگەیشتن بە زانیاری نەبێت، ئەوا یان دەبێتە ئۆپۆزسیۆنێکی فۆرمی، یان پەنای بۆ بایکۆت و چەقبەستوویی دەبات.

بۆیە پێویستە مافی ئۆپۆزسیۆن بە یاسا یان هەمواری پەیرەوی ناوخۆ پارێزراو بێت: مافی پێشکەشکردنی پرسیار، مافی بانگهێشتکردنی وەزیران، مافی ڕاپۆرتی جیاواز، مافی سەرۆکایەتی هەندێک لیژنەی گرنگ، و مافی کاتی دیاریکراو لە دانیشتنەکان. ئەمە بایکۆت کەم دەکاتەوە، چونکە لایەنی نارازی دەزانێت لە ناو پەرلەماندا ڕێگای کاریگەریی هەیە.

## ١٣. دانانی سزا بۆ پەکخستنی بەردەوامی پەرلەمان

ئەگەر پەکخستنی پەرلەمان بێ نرخ بێت، دەبێتە تاکتیکی سیاسیی هەمیشەیی. پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان نارەزاییی ڕەوا و پەکخستنی دامەزراوە. ئەندام یان فراکسیۆن دەتوانێت نارەزایی دەرببڕێت، دەنگ نەدات، ڕاپۆرتی جیاواز بنووسێت، یان هەڵوێستی خۆی تۆمار بکات؛ بەڵام نابێت بتوانێت بەردەوام نیساب بشکێنێت و پەرلەمان لە بنەڕەتدا بوەستێنێت.

پەیرەوی ناوخۆ لەبارەی غیاب و بایکۆتەوە بنەمایەکی هەیە، بەڵام هەمان پەیرەو دەڵێت بایکۆتی فراکسیۆن بەهۆی هەڵوێستێکەوە وەک غیابی ئاسایی هەژمار ناکرێت. ئەم خاڵە پێویستی بە هەموار و سنووردارکردن هەیە، چونکە مافی نارەزایی نابێت ببێتە مافی پەکخستنی دامەزراوەی نوێنەرایەتی.

## ١٤. پابەندکردنی فراکسیۆنەکان بە پەیمانی نەکردنی بایکۆتی پەکخەر

پێش دەستپێکردنی دانیشتنەکان، هەموو فراکسیۆنەکان دەبێت پەیمانێکی سیاسی و نووسراو واژۆ بکەن کە ناکۆکییەکانیان لە ناو پەرلەماندا چارەسەر دەکەن، نەک بە شکاندنی نیساب و ڕاگرتنی دانیشتن. ئەم پەیمانە دەبێت خاڵی کرداریی هەبێت: ئامادەبوون لە دانیشتن، بەشداری لە دەنگدان، ڕەتنەکردنەوەی لیژنەکان، قبوڵکردنی میکانیزمی پرسیار و لێپرسینەوە، و بڵاوکردنەوەی هۆکاری هەر نارەزاییەک.

ئەمە واتای ئەوە نییە کە فراکسیۆنەکان ڕازی بن بە هەموو بڕیارێک. بەڵکو واتای ئەوەیە ناکۆکییەکان لە ناو پەرلەماندا بە قسە، ڕاپۆرت، پێشنیاز، دەنگدان و هەڵوێستی ئاشکرا دەخرێنەڕوو، نەک بە پەکخستنی تەواوی پەرلەمان. پەرلەمان شوێنی ڕێکخستنی ناکۆکییە، نەک قوربانیی ناکۆکی.

## ١٥. گەڕاندنەوەی ئەجێندای پەرلەمان بۆ کێشەکانی خەڵك

کۆتاییهێنان بە قەیران تەنها بە هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی و پێکهێنانی لیژنەکان نابێت. پەرلەمان دەبێت ناوەڕۆکی کاری خۆی بگۆڕێتەوە بۆ کێشەی خەڵک: موچە، بودجە، بێکاری، کارەبا، تەندروستی، پەروەردە، گەنجان، شەفافیەت، دادپەروەری و خزمەتگوزاری. خەڵک پەرلەمانتاریان هەڵنەبژاردووە بۆ ئەوەی تەنها لەسەر پۆست و پشکی حیزبی قسە بکەن؛ هەڵیان بژاردوون بۆ ئەوەی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بخرێنە ناو بڕیار.

بۆ ئەمە پێویستە پەرلەمان ڕۆژژمێری بابەتەکان دابنێت: دانیشتنی موچە، دانیشتنی بودجە، دانیشتنی کارەبا، دانیشتنی تەندروستی، دانیشتنی پەروەردە، دانیشتنی گەنجان و بێکاری. هەر دانیشتنێکیش دەبێت بە ڕاپۆرت، ژمارە، پێشنیاز و بڕیار کۆتایی پێ بێت، نەک تەنها لێدوان.

بە کورتی: پێشنیارە کردارییەکان نابێت تەنها لەسەر کاغەز بمێننەوە. پێویستە ببنە خشتەی کار، بڕیاری پەرلەمانی، ڕێکاری پابەندکەر و میکانیزمی لێپرسینەوە. ئەگەر پەرلەمان بە خێرایی کۆ نەبێتەوە، دەستەی سەرۆکایەتی هەڵنەبژێردرێت، لیژنەکان پێکنەهێنرێن، بودجە و موچە نەخرێنە ژێر چاودێری، و خەڵک ڕاپۆرتی ڕوون نەبینێت، ئەوا قەیرانەکە تەنها بە قسە بەڕێوە دەچێت، نەک بە چارەسەر.

**کۆتاییهێنان بە بۆشایی یاسایی پێویستی بە سێ شت هەیە: کات، کردار و لێپرسینەوە.**

**کات، بۆ ئەوەی هیچ کارێك بێ سنوور دوا نەخرێت.**

**کردار، بۆ ئەوەی سوێند و کورسی ببنە کار و بڕیار.**

**لێپرسینەوە، بۆ ئەوەی هیچ پەرلەمانتار، فراکسیۆن یان حکومەتێك نەتوانێت دەنگی خەڵك بە بێ نرخ بە بارمتە بگرێت.**

لە کۆتاییدا، پەرلەمان دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵی خۆی: شوێنی یاسادانان، چاودێری، وەڵامدانەوە و نوێنەرایەتی. ئەگەر ئەمە نەکرێت، کێشەکە تەنها کۆنەبوونەوەی پەرلەمان نابێت، بەڵکو لاوازبوونی تەواوی ئەزموونی دامەزراوەیی هەرێمی کوردستان دەبێت.

## خشتەی کاتی پێشنیارکراو بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان

ئەم خشتەیە دەبێت وەک نەخشەڕێگایەکی فریاکەوتنی دامەزراوەیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەک وەک پێشنیارێکی گشتی. ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە پەرلەمان لە قۆناغی پەککەوتنەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی کار، چاودێری، یاسادانان و وەڵامدانەوە بە خەڵک.

### لە ماوەی (٣٠) ڕۆژی یەکەمدا: شکاندنی قوفڵی دامەزراوەیی

لە یەکەم مانگدا، گرنگترین ئەرک ئەوەیە پەرلەمان لە ڕووی فەرمی و کارگێڕییەوە کارا بکرێتەوە. ئەم قۆناغە دەبێت بۆ دەستپێکردن بێت، نەک بۆ وتار و لێدوان.

١ .کۆبوونەوەی خێرای پەرلەمان بە کارنامەی ڕوون و پابەندکەر.

٢. هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان.

٣. پێکهێنانی لیژنە هەمیشەییەکان و دیاریکردنی ئەندامانیان.

٤. دانانی کارنامەی فریاکەوتن بۆ پرسی موچە، بودجە، داهات و پەیوەندیی هەرێم و بەغدا.

٥ .بانگهێشتکردنی حکومەتی کاربەڕێکەر بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دارایی، سیاسی و کارگێڕی.

٦. بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی یەکەمی شەفافیەت لەسەر ئامادەبوونی پەرلەمانتاران و هەنگاوەکانی کاراکردنەوە.

**ئامانجی ئەم قۆناغە:** پەرلەمان دەبێت لە قۆناغی سوێند و ناونیشانەوە بگوازرێتەوە بۆ قۆناغی دامەزراوەی کارا.

### لە ماوەی (٦٠) ڕۆژدا: دەستپێکردنی کاری یاسادانان و چاودێری

لە دووەم مانگدا، پەرلەمان دەبێت لە ڕێکخستنە ناوخۆییەکانەوە بچێتە قۆناغی کاری ڕاستەقینە: دانیشتن، چاودێری، ڕاپۆرت، بودجە و یاسا.

١.دەستپێکردنی دانیشتنە یاسادانانییەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی یاسایی.

٢. کاراکردنەوەی دانیشتنە تایبەتەکان لەگەڵ حکومەت بۆ پرسی موچە، بودجە، نەوت، داهات و بەغدا.

٣. ئامادەکردنی پرۆژەی بودجە یان داواکردنی پێشکەشکردنی لەلایەن حکومەتەوە.

٤. ئامادەکردنی ڕاپۆرتی بەدواداچوون بۆ ئەو یاسایانەی پێشێل کراون یان جێبەجێ نەکراون.

٥. دانانی بەرنامەی کاری سەرەتایی بۆ پرسی نووسینەوە و پەسەندکردنی دەستوری هەرێم.

٦. دیاریکردنی لیژنەی تایبەت بۆ بەدواداچوونی حکومەتی کاربەڕێکەر و سنووری دەسەڵاتەکانی.

**ئامانجی ئەم قۆناغە:** پەرلەمان دەبێت لە دامەزراوەیەکی خامۆشەوە ببێتە ناوەندی پرسیار، چاودێری و بڕیار.

## لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا: گەڕاندنەوەی ڕۆڵی پەرلەمان لە بڕیارە گشتییەکاندا

لە سێیەم مانگدا، پەرلەمان دەبێت کاری خۆی لە چوارچێوەیەکی فراوانتر بخاتە ڕوو. ئەمە قۆناغی تاقیکردنەوەی جدییە: ئایا پەرلەمان تەنها کۆبۆتەوە، یان بەڕاستی گەڕاوەتەوە ناو بڕیار؟

١.پەسەندکردنی بەرنامەی کاری شەش مانگەی پەرلەمان.

٢. پەسەندکردنی بودجە، یان لانی کەم دەستپێکردنی پرۆسەی فەرمیی بودجە.

٣. هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی یاساکان و دیاریکردنی یاسا پێشێلکراو یان پشتگوێخراوەکان.

٤. دانانی خشتەی کاتی بۆ پرۆسەی دەستوری هەرێم.

٥. یەکخستنی هەڵوێستی هەرێم لە پرسەکانی بەغدا، بەتایبەتی موچە، بودجە، نەوت و داهات.

٦. بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی گشتی لەسەر کاری لیژنەکان، ئامادەبوونی ئەندامان و وەڵامی حکومەت بە پرسیارەکانی پەرلەمان.

**ئامانجی ئەم قۆناغە:**

پەرلەمان دەبێت ببێتە سەرچاوەی هەڵوێستی دامەزراوەیی، نەک تەنها شوێنی چاوەڕوانیی ڕێککەوتنی حیزبی.

## لە ماوەی شەش مانگدا: بنیاتنانی چارەسەری درێژخایەن

لە شەش مانگی یەکەمدا، پەرلەمان دەبێت لە کاراکردنەوەی فریاکەوتنەوە بچێتە قۆناغی چاکسازیی دامەزراوەیی. ئەمە قۆناغی ئەوەیە کە قەیران تەنها بە کۆبوونەوە چارەسەر نەکرێت، بەڵکو هۆکارەکانی قەیرانیش کەم بکرێنەوە.

١.پێشخستنی پرۆژەی دەستوری هەرێم و کردنەوەی گفتوگۆی گشتی لەسەرەوە.

٢. هەمواركردنی یاسا گرنگەکان، بەتایبەتی یاسای هەڵبژاردن، پەیڕەوی ناوخۆ، یاساکانی دارایی، یاسای حیزبەکان و یاساکانی پەیوەندیدار بە چاودێری.

٣. کاراکردنەوەی دەستە سەربەخۆکان و پێداچوونەوە بە ڕۆڵ و سەربەخۆییان.

٤. بەهێزکردنی چاودێریی پەرلەمانی لەسەر حکومەت، بودجە، داهات، نەوت و خزمەتگوزارییەکان.

٥. دانانی میکانیزمی شەفاف بۆ ڕاپۆرتدانی مانگانەی پەرلەمانتاران بە خەڵک.

٦. بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی گشتی لەسەر ئەو کارانەی جێبەجێ کراون، ئەو کارانەی دواخراون و ئەو لایەنانەی ڕێگرییان کردووە.

### ئامانجی ئەم قۆناغە:

پەرلەمان دەبێت لە قەیرانی کاتی دەربچێت و ببێتە دامەزراوەیەکی بەردەوام، چاودێر، شەفاف و وەڵامدەرەوە.

## خشتەی کورت و ڕوون

| ماوە | هەنگاوە سەرەکییەکان | ئامانج |
| --- | --- | --- |
| ٣٠ ڕۆژ | کۆبوونەوە، هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتی، پێکهێنانی لیژنەکان، بانگهێشتکردنی حکومەت | شکاندنی قوفڵی دامەزراوەیی |
| ٦٠ ڕۆژ | دەستپێکردنی دانیشتنە یاساداناییەکان، پرسی بودجە، ڕاپۆرتی موچە و بەغدا، بەرنامەی دەستور | گەڕاندنەوەی چاودێری و یاسادانان |
| ٩٠ ڕۆژ | بەرنامەی کاری پەرلەمان، پرۆسەی بودجە، هەڵسەنگاندنی یاساکان، یەکخستنی هەڵوێستی هەرێم | گەڕاندنەوەی بڕیار بۆ ناو پەرلەمان |
| ٦ مانگ | پێشخستنی دەستور، هەمواری یاساکان، کاراکردنەوەی دەستە سەربەخۆکان، ڕاپۆرتی گشتی | چاکسازیی دامەزراوەیی و درێژخایەن |

بە کورتی:

ئەم خشتەیە تەنها خشتەی کات نییە، بەڵکو تاقیکردنەوەیەکە بۆ جدیبوونی پەرلەمانتاران و هێزە سیاسییەکان. ئەگەر لە (٣٠) ڕۆژی یەکەمدا پەرلەمان کارا نەکرێت، قەیرانەکە هێشتا سیاسییە. ئەگەر لە (٦٠) ڕۆژدا چاودێری و یاسادانان دەست پێ نەکات، قەیرانەکە دامەزراوەییە. ئەگەر لە (٩٠) ڕۆژدا بودجە، موچە و بەغدا نەخرێنە ناو کارنامەی پەرلەمان، قەیرانەکە بەرژەوەندیی خەڵك دەگرێتەوە. ئەگەر لە شەش مانگدا دەستور، یاسا و دەستە سەربەخۆکان نەخرێنە سەر ڕێگای چاکسازی، ئەوا قەیرانەکە دەبێتە قەیرانی درێژخایەنی حکومەتداری. بۆیە، پەرلەمان تەنها بە کۆبوونەوە ڕزگار نابێت؛ بە کارنامە، کات، ڕاپۆرت، چاودێری و وەڵامدانەوە ڕزگار دەبێت.

## له بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

### یەکەم: بە زمانی کوردی:


١-خستنەڕووی ١٠١ گیروگرفتی پەروەردەیی لەپێناو چارەسەرکردنیان، نامەیەکی کراوە بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە، هەولێر، ٢٠١٤.

٢-گرفتەکانی خوێندنی باڵا و گەڕان بەدوای چارەسەردا، خستنە ڕووی (١٤٠) گرفت، لە نامەیەکی کراوەدا بۆ وەزیری خوێندنی باڵا، هەولێر، ٢٠١٤.

٣-دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا، گرفت و چارەسەر، هەولێر، ٢٠١٤.

٤-چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی یەکەم، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٤/١١/٦)، هەولێر، ٢٠١٤.

٥-کاری هاوبەشی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامودەزگەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٥.

٦-چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی دووەم، (٢٠١٤/٩/١-٢٠١٥/٢/٢٨)، هەولێر، ٢٠١٥.

٧-چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی سێیەم، (٢٠١٥/٣/١- ٢٠١٥/٨/٣١)، هەولێر، ٢٠١٥.

٨-چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی چوارەم، (٢٠١٥/٩/١- ٢٠١٥/١١/١٢)، هەولێر، ٢٠١٥.

٩-چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی پێنجەم، (٢٠١٥/٩/١-٢٠١٦/٢/٢٩)، هەولێر، ٢٠١٦.

١٠-چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی شەشەم، (٢٠١٦/٣/١- ٢٠١٦/٨/٣١)، هەولێر، ٢٠١٦.

١١-چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی حەوتەم، (٢٠١٦/٩/١-٢٠١٧/٢/٢٨)، هەولێر، ٢٠١٧.

١٢-چاودێری کردنی پەرلەمان لە ڕوانگەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانەوە، ڕاپۆرتی هەشتەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٣-تۆماری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەنێوان بێگەردی و ساختەکاریدا، ڕاپۆرتی نۆیەم، هەولێر، ٢٠١٧.

١٤-چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی دەیەم، (٢٠١٧/٣/١- ٢٠١٧/١١/١٥)، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٥-ڕەوشی خوێندنی پیشەیی لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٦-خوێندنی ناحکومی لەنێوان کوالیتی و بازرگانیدا، سلێمانی، ٢٠١٧.

١٧-چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی یانزەهەم، (٢٠١٧/١١/٦- ٢٠١٨/٣/٦)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٨-چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی دوانزەهەم، (٢٠١٨/٣/٦- ٢٠١٨/١١/٦)، هەولێر، ٢٠١٨.

١٩-پەروەردە لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٠-خوێندنی باڵا لەبەردەم ئالنگاری و گرفتی چارەنەکراودا، هەولێر، ٢٠١٩.

٢١-ڕاپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی یەکەم، دەنگدانی تایبەت، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٢-ڕاپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی دووەم، دەنگدانی گشتی، سلێمانی، ٢٠١٨.

٢٣-هەڵسەنگاندنێک بۆ کارەکانی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی سیانزەهەم، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٨/١١/٦)، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٤-ڕاپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی یەکەم لە خولی پێنجەم، هەولێر، ٢٠١٩.

٢٥-ڕاپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی دووەم لە خولی پێنجەم، هەولێر، ٢٠٢٠.

٢٦-ڕاپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی سێیەم لە خولی پێنجەم، هەولێر، ٢٠٢٠.

٢٧-ڕاپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی چوارەم لە خولی پێنجەم، هەولێر، ٢٠٢٠.

٢٨-ڕاپۆرتی چاودێریی دەستەسەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان پەیوەستبوون بە یاساو پێشێلکاریدا، ڕاپۆرتی پێنجەم، هەولێر، ٢٠٢١.

٢٩-ڕاپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی شەشەم لە خولی پێنجەم، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٣٠-ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی پەرلەمان، ڕاپۆرتی حەوتەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، هەولێر، ٢٠٢١.

٣١-ڕاپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، ڕاپۆرتی هەشتەم لە خولی پێنجەم، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٣٢-راپۆرتی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی پەرلەمان، راپۆرتی نۆیەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٢٢.
٣٣-راپۆرتی پرۆژەی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی دەیەم لە خولی پێنجەم، سلێمانی، ٢٠٢٢.
٣٤-چاودێریی جێبەجێکردنی سیاسەت و رێوشوێنەکانی باجی خانوبەرە لە هەرێمی کوردستان. هەولێر، ٢٠٢٣.
٣٥-راپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، راپۆرتی یانزەهەم لە خولی پێنجەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.
٣٦-راپۆرتی هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی پەرلەمان، راپۆرتی دوانزەهەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٢٣.
٣٧-پەرلەمانی کوردستان لە کوێوە بۆ کوێ؟ راپۆرتێکی بەراوردکارییە سەبارەت بە کاری پەرلەمانی لەنێوان هەر پێنج خولی پەرلەمانی کوردستاندا (١٩٩٢-٢٠٢٣)، راپۆرتی سیانزەهەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.
٣٨-پەرلەمانی کوردستان لەدوای درێژکردنەوەی تەمەنی چی کردووە؟ راپۆرتی چواردەهەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.
٣٩-دۆخی سەروەریی یاسا لە هەرێمی کوردستاندا، راپۆرتی پانزەهەم، سلێمانی، ٢٠٢٣.
٤٠-خانەنشینی نایاسایی، راپۆرتی شانزەهەم، سلێمانی، ٢٠٢٤.
٤١-لە هەرێمی کوردستاندا ئەزموونی دواخستنی هەڵبژاردن دەوڵەمەندترە لە ئەنجامدانی، راپۆرتی حەڤدەهەم، سلێمانی، ٢٠٢٤.
٤٢-دادگای باڵای ئیتیحادی و ئاییندەی هەرێمی کوردستان، نوسینی بلند دلێر شاوەیس، سلێمانی، ٢٠٢٤.
٤٣-هەڵسەنگاندنی ئەدای ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی خولی پێنجەمیدا، (٢٠١٨/١١/٦ تا ٢٠٢٣/٥/٣٠)، راپۆرتی هەژدەهەم، سلێمانی، ٢٠٢٤.
٤٤-راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، دەنگدانی تایبەت، راپۆرتی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢٤.
٤٥-راپۆرتی چاودێری بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان، دەنگدانی گشتی، راپۆرتی دووەم، سلێمانی، ٢٠٢٤.
٤٦-پەرلەمانی کوردستان لەنێوان بەڵێنەکانی هەڵبژاردن و ئیمتیازاتی پەرلەمانتاراندا، راپۆرتی (١) لە خولی شەشەم، سلێمانی، ٢٠٢٥.
٤٧-پەرلەمانی کوردستان چیە و چۆنە و پێویستە چی بکات؟ راپۆرتی (٢) لە خولی شەشەم، سلێمانی، ٢٠٢٥.
٤٨-دوای ساڵێک لە هەڵبژاردن، پەرلەمانی کوردستان، لەنێوان بەڵێنی زۆر و بێکاریی حیزبەکاندا، راپۆرتی (٣) لە خولی شەشەم، سلێمانی، ٢٠٢٥.
٤٩-نرخی بۆشایی یاسایی و سوێندی بەجێنەگەیاندراو، راپۆرتی (٤) لە خولی شەشەم، سلێمانی، ٢٠٢٦.

## دووەم: بە زمانی عەرەبی:

١- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٤/١١/٦)، اربيل، ٢٠١٤.
٢- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني، (٢٠١٤/٩/١-٢٠١٥/٢/٢٨)، اربيل، ٢٠١٥.
٣- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث، (٢٠١٥/٣/١- ٢٠١٥/٨/٣١)، اربيل، ٢٠١٥.
٤- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الرابع، (٢٠١٥/٩/١- ٢٠١٥/١١/١٢)، اربيل، ٢٠١٥.
٥- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الخامس، (٢٠١٥/٩/١-٢٠١٦/٢/٢٩)، اربيل، ٢٠١٦.
٦- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السادس، (٢٠١٦/٣/١- ٢٠١٦/٨/٣١)، اربيل، ٢٠١٦.
٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السابع، (٢٠١٦/٩/١-٢٠١٧/٢/٢٨)، اربيل، ٢٠١٧.
٨- تقرير الرقابة علی البرلمان من وجه نظر نواب برلمان كوردستان، التقرير الثامن، اربيل، ٢٠١٧.
٩- سجل الناخبين في اقليم كوردستان بين النقاء والاحتيال، التقرير التاسع، اربيل، ٢٠١٧.
١٠-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير العاشر، (٢٠١٧/٣/١- ٢٠١٧/١١/١٥)، السليمانية، ٢٠١٧.
١١-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الحادي عشر، (٢٠١٧/١١/٦- ٢٠١٨/٣/٦)، اربيل، ٢٠١٨.
١٢-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني عشر، (٢٠١٨/٣/٦- ٢٠١٨/١١/٦)، اربيل، ٢٠١٨.
١٣- تقيم اعمال الدورة الرابعة لبرلمان كوردستان، التقرير الثلاثة عشر، (٢٠١٣/١١/٦-٢٠١٨/١١/٦)، اربيل، ٢٠١٩.
١٤-تقرير الرقابة علی انتخابات الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان، التقرير الاول، التصويت الخاص، السليمانية، ٢٠١٨.

١٥-تقرير الرقابة على انتخابات الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان، التقرير الثاني، التصويت العام، السليمانية، ٢٠١٨.

١٦- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الاول للدورة الخامسة، (٢٠١٨/١١/٦-٢٠١٩/٨/٣١)، اربيل، ٢٠١٩.

١٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثاني للدورة الخامسة، (٢٠١٩/٠٩/١-٢٠٢٠/٠٢/٢٩)، اربيل، ٢٠٢٠.

١٨- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثالث للدورة الخامسة، (٢٠٢٠/٠٣/١-٢٠٢٠/٠٨/٣١)، اربيل، ٢٠٢٠.

١٩-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الرابع للدورة الخامسة، (٢٠٢٠/٩/١-٢٠٢٠/١٢/٣١)، اربيل، ٢٠٢٠.

٢٠-تقرير مراقبة الهيئات المستقلة في اقليم كوردستان بين الالتزام بالقوانين والانتهاكات، التقرير الخامس، اربيل، ٢٠٢١.

٢١-تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير السادس للدورة الخامسة، (٢٠٢١/٠٣/١-٢٠٢١/٠٨/٣١)، اربيل، ٢٠٢١.

٢٢- تقرير تقييم اداء اعضاء البرلمان، التقرير السابع، الدورة البرلمانية الخامسة (١ آذار ٢٠٢٠ لغاية ٢٨ شباط ٢٠٢١)، اربيل، ٢٠٢١.

٢٣- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الثامن للدورة الخامسة، (٢٠٢١/٩/١-٢٠٢٢/٢/٢٨)، السليمانية، ٢٠٢٢.

٢٤-تقرير تقييم اداء اعضاء البرلمان، التقرير التاسع، الدورة البرلمانية الخامسة (١ آذار ٢٠٢١ لغاية ٢٨ شباط ٢٠٢٢)، السليمانية، ٢٠٢٢.

٢٥- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير العاشر للدورة الخامسة، (٢٠٢٢/٣/١-٢٠٢٢/٨/٣١)، السليمانية، ٢٠٢٢.

٢٦- مراقبة تنفيذ سياسات واجراءات ضريبة العقار في اقليم كوردستان، اربيل، ٢٠٢٣.

٢٧- تقرير مراقبة وتقيم اعمال برلمان كوردستان، التقرير الحادي عشر للدورة الخامسة، (٢٠٢٢/٩/١-٢٠٢٣/٢/٢٨)، السليمانية، ٢٠٢٣.

٢٨- تقرير تقييم اداء اعضاء البرلمان، الثاني عشر، الدورة البرلمانية الخامسة (١ آذار ٢٠٢٢ لغاية ٢٨ شباط ٢٠٢٣)، السليمانية، ٢٠٢٣.

٢٩- برلمان كوردستان من اين الى اين؟ تقرير مقارن حول النشاط البرلماني خلال الدورات البرلمانية الخمسة (١٩٩٢-٢٠٢٣)، التقرير الثالثة عشر، السليمانية، ٢٠٢٣.

٣٠-ما الذي قام به برلمان كوردستان بعد تمديد مدته القانونية؟ التقرير الرابعة عشر، السليمانية، ٢٠٢٣.

٣١- وضع سيادة القانون في إقليم كوردستان، التقرير الخامسة عشر، السليمانية، ٢٠٢٣.

٣٢- التقاعد الغير القانوني ، التقرير السادسة عشر، السليمانية، ٢٠٢٤.

٣٣- في إقليم كردستان تجربة تأجيل الانتخابات أكثر من إجرائها، التقرير السابعة عشر، السليمانية، ٢٠٢٤.

٣٤- تقييم اداء اعضاء برلمان كوردستان في الدورة البرلمانية الخامسة، (٢٠١٨/١١/٦ لغاية ٢٠٢٣/٥/٣٠)، التقرير الثامن عشر في الدورة البرلمانية الخامسة، السليمانية، ٢٠٢٤.

٣٥- تقرير الرقابة على انتخابات الدورة البرلمانية السادسة، التصويت الخاص، التقرير الاول، السليمانية، ٢٠٢٤.

٣٦- تقرير الرقابة على انتخابات الدورة البرلمانية السادسة، التصويت العام، التقرير الثاني، السليمانية، ٢٠٢٤.

٣٧- برلمان كوردستان بين وعود الانتخابات وامتيازات الاعضاء، التقرير الاول في الدورة السادسة، السليمانية، ٢٠٢٥.

٣٨- برلمان كوردستان ماهو ؟ وكيف سيكون؟ وما هي مهامه؟ التقرير الثاني في الدورة السادسة، السليمانية، ٢٠٢٥.

٣٩- بعد مرور سنة علي اجراء الانتخابات، برلمان كوردستان ، مابين الوعود الانتخابية للاحزاب وعدم الالتزام بها، التقرير الثالث في الدورة السادسة، السليمانية، ٢٠٢٥.

٤٠-ثمن الفراغ القانوني وحنث قسم اعضاء البرلمان، التقرير الرابع في الدورة السادسة، السليمانية، ٢٠٢٦.


## سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:


1- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2014-6/11/2014), Erbil, 2014.

2- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Second report, (1/9/2014-28/2/2015), Erbil, 2015.

3- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Third Report, (1/3/2015-31/8/2015), Erbil, 2015.

4- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fourth Report, (1/9/2015-12/11/2015), Erbil,2015.

5- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Fifth report, (1/9/2015-29/2/2016), Erbil,2016.

6- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Sixth Report, (1/3/2016-31/8/2016), Erbil,2016.

7- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Seventh Report, (1/9/2016-28/2/2017), Erbil,2017.

8- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Eighth report, Erbil,2017.

9- Voters Registration Records between Transparency and Fraud, , Ninth Report, Erbil,2017.

10- Monitoring parliament by members in kurdistan Parliament, Tenth report, (1/3/2017-15/11/2017), Sulaymaniyah,2017.

11- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eleventh report, (6/11/2017-6/3/2018), Erbil,2018.

12- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Twelfth report, (6/3/2018-6/11/2018), Erbil,2018.

13- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , first report, Sulaymaniyah,2018.

14- Monitoring Report on The Fifth Session of the Parliament of Kurdistan, , Second report, Sulaymaniyah,2018.

15- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Thirteenth report, (6/11/2013-6/11/2018), Erbil, 2019.

16- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The first report,(6/11/2018-31/8/2019), Erbil, 2019.

17- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The second report,(1/9/2019-29/2/2020), Erbil, 2020.

18- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The third report,(1/3/2020-31/8/2020), Erbil, 2020.

19- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, The Fourth report,(1/9/2020-31/12/2020), Erbil, 2020.

20- Independent Boards of Kurdistan Regional Government Between Commitment to the law and violations, , Fifth report, Erbil, 2021.

21- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Sixth report,(1/3/2021-31/8/2021), Sulaymaniy, 2021.

22- MPs Performance Assessment Report, Seventh Report, 5th Parliamentary Session, (1/3/2020-28/2/2021), Erbil, 2021.

23- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eighth report,(1/9/2021-28/2/2022), Sulaymaniy, 2022.

24- MPs Performance Assessment Report, Ninth Report, 5th Parliamentary Session, (1/3/2021-28/2/2022), Sulaymaniy, 2022.

25- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Tenth report,(1/3/2022-31/8/2022), Sulaymaniy, 2022.

26- Real Estate Tax policy monitoring in Kurdistan Region Government- Iraq, Erbil, 2023.

27- Monitoring and Evaluating, For the Kurdistan Parliaments Work, Eleventh report,(1/9/2022-28/2/2023), Sulaymaniy, 2023.

28- MPs Performance Assessment Report, Twelfth Report, 5th Parliamentary Session, (1/3/2022 -28/2/2023), Sulaymaniy, 2023.

29- Kurdistan pariament from where to where? its a comparative on parliamentary work between the five rounds of kurdistan parliament (1992-2023), Thirteenth Report, Sulaymaniy, 2023.

30- What did the Kurdistan Parliament do after extending its legal term? Forteenth Report, Sulaymaniy, 2023.

31- The status of the rule of law in the Kurdistan Region. Fifteenth Report, Sulaymaniy, 2023.

32- Illegal retirement, Sixteenth Report, Sulaymaniy, 2024.

33- In the Kurdistan region The Experience of Postponing Elections is More Plentiful than Holding Them, Seventh Report, Sulaymaniy, 2024.

34- Evaluation of the Performance of Members of the Kurdistan Parliament During the Fifth Parliamentary Term,Them, Eighteenth Report, Sulaymaniy, 2024.

35- Monitoring Report for the Elections of the Sixth Term of the Kurdistan Parliament, Special Voting, First Report, Sulaymaniy, 2024.

36- Monitoring Report for the Elections of the Sixth Term of the Kurdistan Parliament, Public Voting, Second Report, Sulaymaniy, 2024.

37- Kurdistan Parliament Between Election Promises and Parliamentarians' Privileges, First Report in the Sixth Round, Sulaymaniy, 2025.

38- Kurdistan Parliament What is it? How is it? What needs to be done? Second Report in the Sixth Round, Sulaymaniy, 2025.

39- After a year of elections, Kurdistan Parliament, between many promises and inaction of the parties, Third Report in the Sixth Round, Sulaymaniy, 2025.

40- The Cost of the Legal Vacuum and the Unfulfilled Parliamentary Oath, Forth Report in the Sixth Round, Sulaymaniy, 2026.

PAY FOUNDATION
For Education & Development

## دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

دامەزراوە پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان لە(٢٦ی تشرینی دووەمی٢٠١٣) لەلایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان و لە (٢٠٢٢/٢/٢٠) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی عیراق لە بەغدا تۆمارکراوە، ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویستە، کەسایەتییەکی یاسایی سەربەخۆی هەیە، لەڕووی کارگێڕی و داراییەوە سەربەخۆیە، بەنیگایەکی گەش بینانە کاردەکات بۆ سودی گشتی لەپێناو فەرمانڕەواییەکی پێگەیشتوو لە هەموو بوار و ئاستەکاندا. مەبەستیەتی، لەڕێگای توێژینەوەی زانستی و ستراتیژی، بەشدارییەکی درووست بکات بۆ باشترکردنی باری پەروەردەیی، یاسایی، تەندروستی، ئابووری، و سەرجەم بوارە جیاجیاکانی سیستەمی فەرمانڕەوایی، تا هاوکارێکی راستەقینە و پردێک بێت بۆ بەستنەوەی کۆمەڵە مەدەنیەکان بەیەکتری بۆ هێنانە کایەی کۆمەڵێکی مەدەنی، ئاسودەی، بەختەوەر لە هەرێمی کوردستان

## کورتەیەک لەسەر پرۆژەکانی دامەزراوەی پەی

١. پرۆژەی کاری هاوبەشی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان.

٢. پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان.

٣. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە.

٤. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا.

٥. پرۆژەی چاودێریکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی.

٦. پرۆژەی چاودێریکردنی دەستە سەربەخۆکان لە هەرێمی کوردستان.

٧. پرۆژەی چاودێریی جێبەجێکردردنی سیاسەت و ڕێوشوێنەکانی باجی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان.

٨. پرۆژەی بەرزکردنەوەی بەشداری گەنجان لە پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنەکان .

لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

ژمارە (١٢٩)